**88**

**ئادار 2012**

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


ئەوەی ڕۆمان لە ڕۆمانس لە ڕووی ئەدەبیی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ڕۆمان هەوڵی خۆ نزیکخستنەوە لە بارودۆخی ژیانی ئادەمیزاد لەنێو کۆمەڵ دەدا، بەپێچەوانەی ئامانجی ڕۆمانس لە خوڵقاندنی جیهانێکی میسالیی دوور لە کێشەکانی کۆمەڵ.

د. عادل گەرمیانی

---

ئەگەر خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە نیت، ئەگەر توانای پێشبینیکردنت نییە، ئەگەر بوێریی گوتنی شتگەلی جیاواز شک نابەیت، با خۆت پێ ڕۆشنبیر نەبێت. وەک چۆن دیکتاتۆر هەموو دەسەڵات لە کن خۆی کۆ دەکاتەوە، ڕۆشنبیری خودپەسەندیش پێی وایە، هەموو حەقیقەت لە لای خۆیەتی.

حەمەسەعید حەسەن

---

ئەم سەردەمەمان بە سەردەمی پاشاگەردانیی جیهانی شیعری کوردی دەزانم کە لەشکرێک وشەڕێکخەری زمان و مۆسیقا و خەیاڵ و واتا و چواندن چرووک و کۆڵی، خۆیان بە عەرەبانەی شیعری کوردیدا هەڵواسیوە و لام وانییە شتێکی ئەوتۆیان پێ بێ و بتوانن خشتێک بخەنە سەر دیواری شیعری کوردی.

محەمەدی مەلا کەریم


خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**سەباح ئیسماعیل**


ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56


بەڕێوەبەری نووسیاری:

**چنوور نامیق**


chnur.namq@yahoo.com
0750 362 32 63


بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

هەڵەگری:

**تریسکە ئەحمەد. ئاریان ئەحمەد**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


چی بنێرینە دەرەوە؟. سەروتار. یوسف لەتیف ........ 3
چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و چەشنەکانی تری ئەدەب. لێکۆڵینەوە. د. عادل گەرمیانی ........ 5
پێوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە. وتار. حەمەسەعید حەسەن ........ 17
ئەلتەرناتیڤی مەرگ و دۆزینەوەی خود. وتار. عەلی شێخ عومەر شەمزێنی ........ 21
شێواز و نهێنییەکانی وەرگێڕان لە ڕۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)دا. بۆچوون. سالار ئیسماعیل سەمین ... 26
پرسی شۆڕش لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا لە رۆمانی سفرەی کاغەز... باس. شێرکۆ شەریف ........ 31
گرووپی دووی کەرکووک. وتار. د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم. وەرگێڕانی: بورهان ئەحمەد ........ 37
ئەلتاهر بن جەلون: ئەدەب چی پێ دەکرێ؟. وتار. لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان ........ 51
پرسی سێکس لای ژنە نووسەرە عەرەبەکان. وتار. سایتی دۆیتچە ڤێلە. و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 61
لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم. دیمانە ........ 66
لەگەڵ ڕۆماننووسی سوودانی د. ئەمیر تاج ئەلسر. دیمانە ........ 82
ژوورەکەی عالی – مەقامی جەنابم. شیعر. فەرهاد پیرباڵ ........ 88
نیشتمانێک لە ئەرخەوان. شیعر. کەژاڵ ئیبراهیم خدر ........ 93
خوێنی گوڵ.. گوڵەکانی خوێن. شیعر. بڵند باجەلان ........ 96
گەڕەک. شیعر. ئیبراهیم هەورامانی ........ 100
ئەلوو ساڤۆکە. شیعر. غەمگین بۆڵی ........ 103
نڕناش لە ئاش و ٣٣ تاکدێری تریش. شیعر. عەباس عەبدوڵڵا یوسف ........ 105
ئەستێرە ناوەکییەکان. شیعری وەرگێڕاو. خەزعەل ئەلماجدی. و: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا ........ 109
غەریبە. چیرۆک. گوڵبەن شەریف ........ 114
خوایەک لە پەڕەی گوڵ یاخۆ بتێک لە خوێن. دەق. هەردی شەفیق ........ 117
شەش کورتیلە چیرۆک. چیرۆک. ڕێبین ئەحمەد خدر ........ 126
گوتوبێژی دایک و باوکی هانسێل و گرێتێل. چیرۆکی وەرگێڕاو. کلێمێنس یۆت. ستێز........ 29
ئیش هەر ئیشە. چیرۆکی وەرگێڕاو. هاینریش بول. و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ........ 133
گۆچانی نابیناکە. دەق. خۆرخێ لویس بۆرخیس. وەرگێڕانی: سابیر مەلوول ........ 138
شەوی هەزار و دووەم. کۆنە دەفتەر. محەمەد مەولوود مەم ........ 142

سەروتار

یوسف لەتیف

# چی بنێرینە دەرەوە؟

لە ڕووی سامانی سروشتییەوە نەوت، باشترین شتە کە هەناردەی دەرەوەی بکەین، گەرنا دوو چڵ بەڕوو لەو شاخە سەختانەوە داگری بینێریت زەحمەتە ئەو پێویستییانە و کرێی ناردنەکەی خۆی هەڵبهێنێتەوە.

زۆرجار گوێبیست دەبین، یا مانشێتی گەورە دێنە بەرچاو گوایە کورد میللەتێکی غەدر لێکراوە نە تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە بگرە لە ڕووی کولتووریشەوە، چونکە بەرهەمەکەی لە شوێنێکدا پەنگی خواردووەتەوە و وەک گۆمێک هیچ جۆگەلەیەکی لێ جیا نەبووەتەوە.

کەسێ ڕەحمی خوای لە دڵدا نەبووە بێتو بەخششەکانی هەڵوێرێتە سەر زمانانی جیهان و بڵاویان بکاتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ کورد خۆی بەخششی ئەوتۆی شیاوی نەبووە، زەحمەتیی لەگەڵدا بکێشێ و بینێرێتە دەرەوە، یا گەمارۆ سیاسییەکە هێندە بەهێز بووە و شۆڕ بووەتە سەر ئەدەب و کولتووریش، بە جارێ خنکاندوویەتی و بینەقاقای گرتووە یا خەمخۆری نەبووە و پەرتەوازە و بڵاو بووە و کە خەمساردیی لێ کراوە و بەو هۆیەشەوە نەپەڕیوەتەوە.

بەهەرحاڵ هەر چییەک لەوانە بن، ئیدی ئێستا هەموو ئەو وردە هۆیانە پاساو نابیننەوە، لەبەرئەوەی پانتایی و ڕووبەری گەورە هەیە بۆ ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە چوونە دەرەوە و باڵەفڕگە هەیە، کورسیی خوێندنی باڵا لە هەموو

وڵاتێ هەیە و ساڵانە قوتابیی کورد بەو بۆنەیەوە دەچێتە دەرەوە، زمانزانێکی زۆری کوردی ڕەوەند هەر پێشتریش بوونیان هەبووە، خێراییی گەیاندن و هەموو هۆکارەکانی تر لەبارن. بەڵام دیسان دەبێ بپرسین؟ چی بنێرینە دەرەوە.

پەندی پێشینان، ڕەنگە بە وریاییەوە بیخوێنیتەوە تا نیوەی خۆی هەر بەکار نایە و لە جێی خۆیدا نییە. ئەوەکەی تریش هێندە میللییە ئەگەر بیکەیتە زمانی تر قافیە و شیعری لە بەین دەچێ و ئەو سیحر و جەمالییەتەی نامێنێ و ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ سوودی لێ وەربگیرێ... داهێنان و ڕۆمانی گەورە من بەشبەحاڵی خۆم تا ساڵی ٢٠٠٠ دە ڕۆمانی زیاتری تێدا نابینم کە شیاوی ئەوە بێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی تر، چیرۆک ڕەنگە نەختێک زیاتر بێ بەڵام ئەویش هەر وەس، شیعر گەورەترین و بەرفراوانترین پانتاییی لە ئەدەبی کوردیدا داگیر کردووە، زۆر دەقیان شیاوی ناردنە دەرەوەن، بەڵام ئەوەشی کە ئێستا دەکرێ لە ڕووی پێوەندیی کەسەکانەوەیە و هیچ بەرنامەڕێزییەکی پێوە دیار نییە، کوردیش پێویستی بە داودەزگایەکی پرۆفیشناڵی بێلایەن هەیە. ئەو کارە بکا، نووسینە شیاوەکان گوڵبژێر بکا و بەپێی پێویست بە مافەوە وەربگێڕدرێتەوە سەر ئەو زمانانەی کە پێویستن و بڵاویان بکاتەوە، ڕاستە لە هەندێ زەمەندا ئەو کارانە کرابا نووسینەکان شوێنی خۆیان دەگرت و بەڵام دوای زەمەن وەریش بگێڕدرێن لە ئێستادا ئەو ڕەونەق و شەوقەی جارانی پێ پڕ نابێتەوە، نووسین هەیە زیاتر لە چەن سەدە دەبڕێ ئەوانە درەنگیش وەربگێڕدرێن بەهای خۆیان لە دەس نادەن لێ بەپێچەوانەشەوە هی تر هەیە، گەر گەرماوگەرم وەرنەگێڕدرێ ئەوا دواتر زەرەری لە قازانجی زیاتر دەبێ. بۆیە وەرگێران دوولایەنەیە، بەڕای من خۆمان بەوەوە ماندوو بکەین کە وەرگرین. چونکە گەلان لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئێمە لە پێشترن و زانست و زانیارییان سەتان ساڵە قەڵات کردووە. ئەوان لە کوێ و ئێمە لە کوێ، بۆیە گەر ئەو خواستەمان هەبێ دەبێ ئێمە بەخێرایی تیشک ڕێ بکەین دەنا مەحاڵە.

لێکۆڵینەوە

د. عادل گەرمیانی

# چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و چەشنەکانی تری ئەدەب

ڕۆمان و چیرۆک دوو جۆرن لە جۆرەکانی پەخشانی ئەدەبی و، هەر یەکێکیان هەندێ سیمای تایبەتی لە ڕووی بنیاتنانی هونەرییەوە هەیە. ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بەراوردێ لە نێوان ئەم دوو جۆرە پەخشانی ئەدەبییە بکەین، سەرنج دەدەین ڕۆمانی هونەری لە چیرۆکی هونەری کۆنترە لە ڕووی سەرهەڵدانەوە. ڕۆمانی هونەری لە سەدەی هەژدەم لە ئەوروپا دەرکەوتووە و، دەستی بەنەشونما کردووە، بەڵام چیرۆکی هونەری بەپەخشانێکی هونەریی تازە بابەت دادەنرێ و سەرەتای سەرهەڵدانەکەی بۆ کۆتاییی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە د. عەلی جەواد تاهیر دەڵێت: "چیرۆکی هونەری لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم لەسەر دەستی (جی. دی. موپاسان) هاتە کایەوە، هەرچەندە پێشتر چیخۆف هەوڵێکی باشی بۆ لەدایکبوونی چیرۆکی کورت دابوو"[١].

> رۆمان پەرەسەندنی ژیانی ئەو کەسە، یا کەسەکان، لە بواری کارلێکردن و کارتێکردن لەگەڵ بازنەی ئاڵۆزیی ژیاندا ڕوون دەکاتەوە. لەم حاڵەتە ڕۆمان لە چیرۆک جیا دەبێتەوە، چونکە چیرۆک تەنیا ساتێک لە ژیانی کەسەکە، یان کارەساتێک، لە ماوەیەکی دەستنیشانکراودا بەسەریدا دێت، بەرجەستە دەکات

زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەرانی هونەری چیرۆک لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، کەوا موپاسان یەکەم چیرۆکنووسە بەشێوەیەکی هونەریی سەرکەوتووانە چیرۆکی نووسیوە، لەسەر دەستی (موپاسان) زیاتر ئەم جۆرە پەخشانە ئەدەبییە گەشەی سەندووە. هۆی بایەخدانی (موپاسان) بە

چیرۆک بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە کەوا " ڕۆمان دەست نادات بۆ دەرخستنی واقیعی نوێ (ئەو سەردەمە... ع. گ) کەوا لە هەندێ ساتی خێرا لە ژیاندا هەیە لەوانەیە لای مرۆڤی ئاسایی بێ نرخ بێ، بەڵام لە ڕاستیدا بایەخێکی زۆری هەیە"[٢].

مۆپاسان لەو باوەڕەدا بوو کەوا چیرۆکی کورت دەتوانێ بەو ئەرکە هەڵبستێ، لێرەدا نابێ نکوولّی لە ڕۆڵی چەند چیرۆکنووسێکی تر بکرێ، وەکو گۆگۆل، گۆرکی، فورستەر.. هتد. ناشبێ ڕۆڵی چیخۆف فەرامۆش بکرێ بۆ لەدایکبوونی هونەری چیرۆکنووسین لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، چونکە " ئەگەر مۆپاسان گرێچن و ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی بە چیرۆکی بەخشی، چیخۆفیش بەرجەستەکردنی لایەنە وردەکانی ژیان و شێوازی ئەو بەرجەستەکردنەی بە چیرۆکنووسین بەخشی، تاکو بنیاتنانەکەی پتەوتر بکات و ببێتە خاوەن ئەو شێوە هونەرییەی ئەمڕۆ پێوە دیارە. ئەمانە هەموو هەرگیز دەوری گۆگۆل یا گۆرگی، یا فۆرستەر، یا.. هتد، پێشێل ناکات، چونکە لە پێناوی ڕزگارکردنی چیرۆکی کورت لەدەست و پێوەندی ڕۆمانسیەت و، دەسەڵاتی ئامۆژگاریکردن هەوڵیان دا.." [٣].


جی. دی. موپاسان

ئەوەی ڕۆمان لە هەندێ فۆرمی ئەدەبیی تر وەکو شیعر و شانۆ جیا دەکاتەوە ئەوەیە ڕۆمان بۆ خوێندنەوە دەنووسرێ، بەڵام شیعر بۆ وتنەوە و شانۆ بۆ نمایشکردن دەنووسرێ، ڕۆمان سەر بەهونەری نووسینە، بەڵام شیعر و شانۆ سەر بە هونەری وتن و دواندنە، چەشنی کردەوە و بیرکردنەوە بە شێوەی وێنە لەنێو شیعر و شانۆدا بەرجەستە دەکرێ، بەڵام لەنێو ڕۆماندا بە نووسین بەرجەستە دەکرێ، وشەی چاپکراویش وەکو (ئایان وات) دەڵێت: " تەمەنێکی درێژی هەیە و، لە تەمەنی نووسەرەکەی درێژترە و، دەسەڵاتێکی هەیە زیاترە لەوەی وشەی وتراوە هەیەتی. هەروەها ڕۆمان بە شێوەی تاکەیی دەخوێندرێتەوە، بەڵام لەوانەیە شیعر کارێکی کۆمەکی هەبێ لە کاتی خوێندنەوەیدا"[٤].

ڕۆمان و شانۆ لە ڕووی گێڕانەوەش جیاوازییان هەیە، چونکە لە کاتی گێڕانەوەدا: " ڕۆماننووس خۆی دەخاتە نێوان خوێنەر و ئەو کەتوارەی دەیەوێ دەری بخات، بەڵام لە شانۆدا خوێنەر دەخرێتە بەردەم ڕووداوەکانی سەر شانۆ"[٥]. هەروەها ڕۆمان لە ڕووی درامییەوە لە شیعر و شانۆ جیا دەبێتەوە، چونکە لە جیهانی ڕۆماندا کۆمیدیا و تراجیدیا پێشکێش دەکرێ، یان دەخرێتە ڕوو و دەبێتە مۆرکی سەرەکی. لەم بوارەدا ڕۆماننووس پەنا وەبەر دەرخستنی هەندێ هەڵوێست و

هەڵسوکەوتی کۆمیدییانە دەبات زیاتر بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان دەقی ڕۆمانەکە و خوێنەوارەکەی پتەوتر بکات، بەڵام ڕۆڵی کۆمیدیا لە شانۆ زیاتر بۆ ئەوەیە بینەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە کەتوارەکەی سەیر بکات لە کاتی گاڵتەکردندا بەو کەتوارەی تێدا دەژیت. هەروەها جیهانی ڕۆمان قووڵ و بەرفراوانە و، بە گەورەترین هونەر لە هونەرەکانی ئەدەب دادەنرێ، چونکە توانای وێنەگرتنی کەرتێکی گەورەی هەیە لە سروشتی کۆمەڵ، هەروەها لە "ساختمانە هونەرییەکەی، شێوازی دەربڕینی شیعری و چیرۆکی و درامی بەخۆیەوە دەگرێ و وێنەی کۆمەڵی بۆ زیاد دەکات و، ویژدانی مرۆڤ و ئارەزووەکانی و چارەنووسی دەردەبڕێ"(٦).

ڕۆمان لای (ف. کۆزینۆف) داستانی سەردەمی نوێیە، بەڵام لای (جۆرج لۆکاش) داستانی بورژوا و زەمانە. ئەوەی ڕۆمان، بەپێی بۆچوونەکانی لۆکاش لە داستان جیا دەکاتەوە ئەوەیە: داستان بەکاری پێکەوەنانی شێوەیەکی گشتی و تەواوی ژیان هەڵدەستێ، کە چی ڕۆمان هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە گشتییە شاراوەکەی ژیان دەدا. هەروەها پاڵەوانی داستان قەت وەکو نموونەیەکی تاکەکەسی خۆی پێشان نادات، چونکە چارەنووسی پاڵەوانەکەی چارەنووسی کۆمەڵێ خەڵکە، کە چی لەنێو ڕۆماندا ئەم لایەنە مەرج نییە. هەروەها ڕۆمان داستانی جیهانێکی بێ خاوەندە، کەچی لەنێو داستاندا لەوانەیە ململانێ لەگەڵ خواوەندێک بەدی بکرێت[٧].

ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی، لە نەبوونییەوە نەهاتووەتە کایەوە، بگرە تا ڕادەیەک سوودی لە زمانی شیعری پاراو، شێوەی گێڕانەوەی نێو حیکایەت و چیرۆکەکانی ڕۆمانسدا و، جۆری گفتوگۆی شانۆیی و، سێ بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی گریکی : ڕووداو، کات، شوێن، وەرگرتووە، بەڵام ئەو حاڵەتانەی هەڵچوون و هەڵوێستی سۆزداری لەنێو شیعردا وەبەرچاو دەکەوێ " زۆر دوورە لە سروشتی ڕێڕەوی ریالیزمی نێو ئەدەب، بەپێچەوانەی ئەوەی پێویستە لە ئەدەبی ریالیزمیدا هەبێ لە شیکردنەوەی ئەنجام و بەدەستەوەدانی نێو هونەری چیرۆکنووسیندا"[٨].

ئەوی ڕۆمان لە ڕۆمانس لە ڕووی ئەدەبیی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ڕۆمان هەوڵی خۆ نزیکخستنەوە لە بارودۆخی ژیانی ئادەمیزاد لەنێو کۆمەڵ دەدا، بەپێچەوانەی ئامانجی ڕۆمانس لە خولقاندنی جیهانێکی میسالیی دوور لە کێشەکانی کۆمەڵ، بۆیە ڕۆمانس بە " ئەدەبی هەڵاتن لە کەتوار ناسرا، چونکە بەرەو خەیاڵی خوێنەوار و سۆزەکانی ئاراستە دەکرا"[٩]. ئەم بایەخدانە بەخەیاڵ لەنێو ڕۆمانیشدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی هونەری هەمان کەتواری کۆمەڵەکەی دیسانەوە خەڵق دەکاتەوە، ئەم لایەن زیاتر مۆرکێکی هونەریی بەلایەنە ریالیزمییەکەی نێو جیهانی ڕۆمان دەبەخشێ و، لە وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافیانە دووری دەخاتەوە.

هەروەها ئەوەی ڕۆمان لە ڕۆمانس جیا دەکاتەوە ئەوەیە" ڕۆمان بایەخێکی زۆر بە وێنەگرتن و شیکردنەوەی جیهانێکی ناسراو دەدا، کە چی ڕۆمانس بایەخ بە دەرخستنی خەونە شاراوەکانی ئەو جیهانە دەدا"[١٠]. هەروەها پاڵەوانی ڕۆمانس، وەکو مۆرس شرۆدر دەڵێت: " توانای هەیە بەردەوامی بە چیرۆکەکەی ببەخشێت، بەڵام کەسی سەرەکیی ڕۆمان لەژێر کۆنترۆڵێکی توندی

ڕۆماننووسدایە"[١١].

چیرۆک و ڕۆمان، وەکو دوو ژانری ئەدەبی، لە ڕووی قەوارەی بچووکی و، درێژییەوە چەند چەشنێکیان هەیە، وەکو ڕۆمانی کورت، ڕۆمانی درێژ، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، کورتیلە چیرۆک. ئەم چەشنانە بەپەخشانی ئەدەبی دەژمێردرێن هەتا ئەگەر خەیاڵی، یا زانستی یا مێژوویی، یا کەتواری بن. ڕستەیەکی چاکیش لە پەخشانی ئەدەبیدا، وەک (فلۆبیر)ی ڕۆماننووس دەڵێت: "دەبێ هەر دێڕێک شیعر بێ بە ئاسانی نەگۆڕدرێت و، ئاوازدار بێت و هاوشانی مۆسیقای ناو شیعر بێ "[١٢].. ئەو، لایەنانەی فلۆبیر داوای دەکات تام و چێژێکی هونەریی باشتر بە جیهانی هونەری دەقی ڕۆمان، یان چیرۆکەکە دەبەخشێت. ئەگەر گەشتێک بەنێو پێناسەکانی ڕۆمان بکەین دەبینین هەر ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێک بە شێوەیەک پێناسەی دەکات، چونکە بەدیهێنانی پێناسەیەکی گشتی بۆ ڕۆمان بە شێوەیەک هەموو ڕۆشنبیران پێی قایل بن کارێکی ئاسان نییە. هەبوونی چەندین پێناسەش بۆ ڕۆمان سوودێکی بەدەرخستنی هەلومەرجە هونەرییەکانی ڕۆمان گەیاندووە و، هەر پێناسەیەک چەند تیشکێکی خستووەتە سەر چەند لایەنێکی هونەری ڕۆمان. بۆ نموونە جۆن هوڵبرن جەخت دەکاتە سەر فەرامۆشنەکردنی بەکارهێنانی خەیاڵ لە بواری ڕۆماننووسیندا و دەڵێت: " دەبێ ڕۆمان لە جیهانەکەمان ڕزگارمان بکات و، بەرەو جیهانەکەی ڕێگەی کۆچکردنمان بۆ خۆش بکات"[١٣]. لاینل ترلنگ لەو باوەڕەدایە ڕۆمان "جیاوازیی نێوان دیاردە و راستی چارەسەر دەکات"[١٤]. لەبارەی سروشتی ڕۆمان ئارنۆلد کیبتل دەڵێت: "ڕۆمان چەند چیرۆکێکی پەخشانداری ڕیالیزمییە و، خاوەن درێژییەکی دیاریکراوە.. ڕۆمان لە ڕووداوێک گەورەترە، هەروەها لە چیرۆکێکیش گەورەترە.."[١٥]. لەبارەی ئەرکی ڕۆمان (بیلینیسکی) دەڵێت: "شێوە و بارودۆخی ڕۆمان گونجاوترە بۆ پێشکێشکردنێکی شاعیرانەی مرۆڤ"[١٦].


بیلینیسکی

لە بواری جیهان بەرجەستەکردن لەنێو ڕۆماندا، (د. مکارم العمري) لەو باوەڕەدایە " ڕۆمان بەرهەمێکە ژیانی کەسێک، یا چەند کەسێک، بە شێوەیەک بەرفراوان و لە چەند ڕوویەکەوە دەگێڕێتەوە. ڕۆمان پەرەسەندنی ژیانی ئەو کەسە، یا کەسەکان، لە بواری کارلێکردن و کارتێکردن لەگەڵ بازنەی ئاڵۆزیی ژیاندا ڕوون دەکاتەوە. لەم حاڵەتە ڕۆمان لە چیرۆک جیا دەبێتەوە، چونکە

چیرۆک تەنیا ساتێک لە ژیانی کەسەکە، یان کارەساتێک، لە ماوەیەکی دەستنیشانکراودا بەسەریدا دێت، بەرجەستە دەکات..."[17].

لە بواری پێوەندیی رۆمان بە ژیانەوە حیکمەت محەمەد کەریم لەو باوەڕەدایە: " مادام ژیان کۆتاییی نایەت، شێوە و چۆنیەتیی نووسینی رۆمانیش لەبن نایە، چونکە جیهانی رۆمان جیهانی ژیانە. ژیان بە واتا ڕیالیست و لە ڕیالیستچووەکەی مرۆڤ و کۆمەڵ"[18]. هەروەها لەبارەی بایەخی مەنەلۆگ و دیالۆگەوە لەنێو رۆماندا دەڵێت: " گرینگترین رۆمان، لە چڕی و پڕیی دەربڕینی مەنەلۆگ و دیالۆگدایە، لە باسکردنی کێشە سایکۆلۆجییەکانی مرۆدایە"[19].

هەرچەندە رۆمان بەرهەمێکە حیکایەت و چیرۆک بە شێوەی پەخشانێکی هونەری داڕێژراو دەگێڕێتەوە، بەڵام لە نێوان چەشنەکانی چیرۆک و چەشنەکانی رۆمان هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێت:

١- لە کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کورتدا سەرەتای چوونە نێو گێڕانەوەی ڕووداوەکە زۆر خەستکراو دەبێ، ئەم خاسیەتە پێک دێت.. گەر گرێیەکی تا کۆتاییی رۆمانەکە نەکرایەوە، ئەمە بێ تواناییی رۆماننووسەکە دەرناخات، بگرە هەروەک ژیانی ڕۆژانە زۆر گرێ هەیە بێ کردنەوە دەمێنێتەوە"[20].

٢- کۆتایی لە کورتیلە چیرۆک ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی هەیە، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا کۆتاییەکە سروشتییە، لەنێو رۆماندا هەندێ جار کۆتایی نییە، چونکە نەبوونی کۆتایی مەبەستێکی رۆماننووس لە بەردەوامیی ژیان دەردەخات، هەبوونی کۆتایی لەنێو رۆماندا پابەندە بە سروشتی پەرەسەندنی گرێچنە سەرەکییەکەی نێو دەقەکە.

٣- لە کورتیلە چیرۆکدا تەنیا کەسێک پێشکێش دەکرێ، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا کەسێکی سەرەکی و چەند کەسێکی لاوەکی پێشان دەدرێ. لەنێو رۆماندا لە تواناد‌ا هەیە زیاتر لە پاڵەوانێک و، چەندین کەسی سەرەکی و لاوەکی پێشان بدرێت وەکو نموونەی چەندین خێزانی نێو کۆمەڵ. هەریەک لەم کەسانە شوێنی خۆیان لە ژیانی رۆمانەکەدا دەزانن و شوێن پەنجەیان دیارە، لە چیرۆکدا مەودایەکی وات نییە لە پاڵەوانێ زیاتر بکەیتە سەرەکی و ببێتە برادەستی نووسەر و خوێنەر"[21].

٤- کات لە کورتیلە چیرۆکدا چرکەیەکە، یان ساتێکە، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا کاتەکە دەگاتە چەند ڕۆژێک، یان چەند هەفتەیەک. لەنێو رۆماندا مەودای کاتەکە بەرفراوانە، بەشێوەیەک تەمەنی پاڵەوان لە سەردەمی منداڵییەوە تا دەبێتە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات لەنێو کۆمەڵدا پێشان دەدات.

٥- پانتاییی شوێن لە کورتیلە چیرۆکدا هەر زۆر کەمە، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا هەندێک فراوان دەبێتەوە و، لە رۆماندا پانتاییی شوێن ئەوەندە فراوان دەبێتەوە دەگاتە ڕادەی دەرخستنی

تۆپۆگرافیای شارێک، لەم بارەشەوە ڕۆمان بەزادەی شارستانییەت دادەنرێت.

٦- وێنەی هونەری لەنێو کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کورتدا هەر زۆر کەمە، بەڵام لە چیرۆکی درێژدا بە سروشتی بەسەرهاتی پاڵەوانێک پابەندە. لەنێو ڕۆماندا، جگە لەو پابەندییەی بە سروشتی بەسەرهاتی پاڵەوان و کەسە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە، وێنەی هونەریی زیاتر لایەنی بەکارهێنانی خەیاڵی هونەریی لەنێو دەقەکە دەردەخات لە بواری کارکردنی دەقەکە لە هەست و هۆشی خوێنەرەکەی.

٧- ئاخاوتنی نێوان کەسەکان (دیالۆگ) و خۆدواندن (مەنەلۆگ) لەنێو کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کورتدا زۆر بەکار ناهێنرێ و، لە مەودایەکی ماقووڵ تەوزیف دەکرێ، بەڵام لەنێو ڕۆماندا بایەخێکی زیاتری پێ دەدرێ، چونکە زیاتر سروشتی کەسێتیی پاڵەوان و کەسەکانی تر دەردەخات.



چیخۆف

٨- قەوارەی کورتیلە چیرۆک (٥٠٠- ١٠٠٠) وشەیە، قەوارەی چیرۆکی کورت (٥-٦) هەزار وشەیە"[٢٢]. قەوارەی چیرۆکی درێژ (٢٠-٣٠) هەزار وشەیە، بەڵام قەوارەی ڕۆمانی کورت (٤٠-٦٠) هەزار وشەیە و، قەوارەی ڕۆمانی درێژ لەوانەیە بگاتە (٢٠٠) هەزار وشە"[٢٣].

٩- لە ساختمانی گشت ڕۆمانێکدا چەند هەواڵێک، یان چەند حیکایەتێک، یان چەند چیرۆکە کورتێک، یان چەند ڕووداوێک، بەدی دەکەین، چونکە پانتاییی ڕۆمان بەرفراوانە و، لە توانای ڕۆماننووسدا هەیە چەندین نموونە لە بەسەرهاتەکانی پاڵەوان و کەسە سەرەکییەکانی نێو جیهانی ڕۆمانەکەی بەرجەستە بکات، لە چیرۆکی کورتدا " ڕووداوێک پاڵەوانەکان دەجووڵێنێ تا دەگاتە پۆپە و وردە وردە خاو دەبێتەوە، بەڵام ڕۆمان پێویستی بە زنجیرە ڕووداوێکە، کە زۆر بە توندی پێکەوە بەندن و لێک ناپچڕێن و، وا لە خوێنەر دەکات لەگەڵ ڕووداوی یەکەم بهەژێ و بە پەرۆشییەوە چاوەڕێی ڕووداوی دووەم یان ئەڵقەی دووەمی ڕووداوەکە بکات"[٢٤]. ڕۆمان: " ئەو سەربەستییە پێویستە بۆ هونەرمەند دابین دەکات ئەگەر ویستی وێنەی ژیان بە شێوەیەکی تەواو بگرێت"[٢٥]. ئەم بەرفراوانییە لە جیهانی ڕۆماندا بەدی دەکرێ لە بواری چیرۆکدا بەدی ناکرێ، چونکە لە چیرۆکدا ناتوانرێ زیاتر لە یەک دوو بەسەرهاتی پاڵەوان پێشکێش بکرێ. لێرەدا دەتوانین بڵێین: "کەموکورتییە هونەرییەکان لە چیرۆکی کورتدا زیاتر ڕوون و ئاشکرایە

له چاو ڕۆمـانـدا"[٢٦]. هەروەها وەکـو حـوسـێن عـارف لە بەرگریکردنی لە ڕۆمـانـەکـەی (شـار) بەرامـبـەر بە ڕەخنەی ڕەئووف حـەسـەن، ئـامـاژەی بۆ دەکـات، کـەوا: " هـەر ڕۆمـانێک و شـاریش لەگـەڵدا، هـەر لـە بنەڕەتەوە برێتـییـە لە زنجـیـرەیەک چیـرۆکی کـورت، کـە بەیەک تەوەرەوە دەبەسترێتەوە، یان چەند تەوەرێک.. " هەروەها ئاماژە بۆ دوو لایەنی تری نێو ڕۆمان دەکات و، دەڵێت: "یەکەم زنجیرە کارەسات و بەسـەرهاتەکان لە ڕاستـەوخـۆ یان ناڕاستـەوخۆ یەکبەندی یەکترن، دووەم بەستنەوەی کارەسات و بەسەرهاتەکان بە کەسانێکەوە کە لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەپێی سنووری ڕۆمانەکە هەڵدەسووڕێن"[٢٧].

١٠- هەڵوێستـی ناو ڕۆمـان ترپـەیەکی لەسـەرخـۆی هـەیە، بەڵام لەناو چیـرۆکی کـورتدا ترپەی هەڵوێست خێراترە[٢٨]. ئەمەش لەبەرئەوەیە: ڕۆمان نزیکترە لە قووڵبوونەوە لە گۆشەکانی کات، بەڵام چیرۆکی کورت نزیکترە لە قووڵبوونەوە لە گۆشەکانی دەروون[٢٩].

١١- درێژەی ڕۆمان قاڵبەکەی دەستنیشان دەکات، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا قاڵبەکەی درێژییەکەی دەستنیشان دەکات[٣٠].

١٢- ڕۆمـاننووس لە هەوڵدانەکـەی بۆ دەرخـستنی کەتواری ژیانی پاڵەوانەکـەی، خۆی لە قـەرەی زیاتر لە بوارێک دەدا، بەڵام قـەوارەی ئەو هەوڵدانە لەنێو چیرۆکی کورتدا شـێوەکەی تەسکتر دەبێتەوە تاکو لەگەڵ مەودای چیرۆکەکە بگونجێت.

١٣- لە چیرۆکی کورتدا هەندێ جار زیاتر لە کەسێک ڕۆڵی کەسێتیی خۆی دەنوێنێ، بەڵام نابێ ئەو کـەسـانـە لە یەکتر جیـا بن و سـەربەخـۆ بن، بگرە دەبێ پێـوەندییـان بەیەکتـرییـەوە هەبێ، کەچی ئەم دیاردەیە لەنێو ڕۆماندا بەپێچەوانەیە"[٣١]. واتە کـەسـانی نێـو ڕۆمـان کـەسـێتـیی تایبەتی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە و، کێشـە و گرێچنی ڕووداوی تایبەتیی خۆیان هـەیـە کار لە سروشتی گرێچنی سەرەکی ژیانی پاڵەوان دەکات.

١٤- درێژیی ڕۆمـان نـابێـتـە هۆی هـاوتـەریبـبـوونی لەگـەڵ یادنـامـە و، سـەرگـوزەشـتی خـودی و، نووسـینێکی مـێـژوویی. لەم جـۆرانە زیاتر پەنا وەبەر بەڵگەنامـە و، کـاتی ڕابردوو و، بەکارنەهێنانی خەیاڵ لەنێو گێڕانەوەی بەسـەرهاتە ڕاستـەقینەکاندا دەبرێ، بەڵام لە تەکنیکی ڕۆمـاندا، بەتایبـەتی لە ڕۆمـانی مـێژووییـدا بەرگـێکی هونەری و خـەیاڵی وەبەر ڕووداوەکـان دەکرێ، هەروەها ڕۆماننووس سەربەستە لە بەکارهێنانی هەردوو کاتی ڕابردوو و ئێستا لەنێو گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا و، ئەو بایەخەش بە تۆمـارکردنـی بەڵگەنامە بۆ دەرخستنی ڕاستـی و نادروستیی ڕووداوەکان نادرێت، چونکە ڕاستە ڕۆمان چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بەڵام مـەرج نییە بچێتە بنج و بناوانی ڕاستی و ناڕاستییەکەیەوە لە کاتی گێڕانەوەکەیدا. ئەوەی مێژوونووس لە ڕۆماننووس جیا دەکاتەوە:" مێژوونووس پشت بە ڕووداوەکان و هـەمـوو لایەنەکانی دەبەسـتێت و، ئەو بایـەخـە بەوێنەی هـونەری نادات، هەروەها بایەخ بە خـەیـاڵ یان دۆزینەوەی تۆمـەکـانی

داهاتوو نادات، چونکە هەموو کۆششێکی ئاراستەی ڕاستییەکانی مێژوو دەکات و، لە گێڕانەوەیەکی مێژوویی ڕاپۆرتئامێز نەخش دەکات، بەڵام لەوانەیە ڕۆماننووس هەندێ وردەکاریی ڕووداوە مێژووییەکان پشتگوێ بخات و، کیفایەتی خۆی لە هێڵە سەرەکییە مێژووییەکان وەربگرێ، چونکە تێڕوانین و بۆچوونی خۆی هەیە بەرامبەر بە مێژوو دەینووسێ، نەک بەسەرهاتە مێژووییەکان بگێڕێتەوە"[٣٢].

١٥- کەمیی ژمارەی وشەکانی چیرۆک لە چاو ڕۆماندا زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: "چیرۆکنووس ڕستەیەک نانووسێ سودگەیێن نەبێ، چونکە هەموو وشەیەک (لەناو چیرۆکەکە) لەسەر ژمێردراوە و، دەبێ هەوڵ بدات (رصید)ی لە وشەکان لەملا و ئەولا پەرش و بڵاو نەکاتەوە، چونکە تەسکیی شوێن و کات ئەو بوارەی پێ نابەخشێ وشەکانی بەفیڕۆ بڕوات"[٣٣].

١٦- تەسکیی بواری شوێن و کات لە ڕۆماندا بەدی ناکرێ، چونکە ڕۆماننووس دەتوانێ بە سەربەستی بچێتە نێو جیهانی وەسفی شوێن و گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا و نەخشەکێشانی وێنە هونەرییەکانی نێو جیهانی ڕۆمانەکە، کەچی چیرۆکنووس ناتوانێ بەم کارانە هەڵبستێ، چونکە لە کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کورتدا ناتوانێ هەموو شتێک لەبارەی بەسەرهاتەکانی پاڵەوانەکەوە بڵێت، بگرە زیاتر چەند لایەنێکی مەبەستدار و کاریگەری هەڵدەبژێرێ. ئەم لایەنە لەنێو چیرۆکی درێژدا بەم شێوەیە نابێ و، لەوانەیە تا ڕادەیەک هاوتەریبی نێو ڕۆمانی کورتدا بێ. ڕاستە هەندێ چیرۆک درێژەدادڕی تێدا وەبەرچاو دەکەوێ لە بواری بەرجەستەکردنی هەندێ لایەن لە ژیان و ژینگەی پاڵەوان، بەڵام خوێنەری ئەم جۆرە چیرۆکانە هەر لە ئەنجامدا هەست بەجۆرە خەستکردنێک لە بواری وەسفدا دەکات، ئەگەر ئەو جۆرە چیرۆکانە لەگەڵ هەندێ دەقی ڕۆماندا بەراورد بکرێ، چونکە ڕۆمان: "بواری شیکردنەوە و وەسفکردنی زیاتر تێیدا هەیە و، دەتوانێ زیاتر لە گرێچن و کەس و حاڵەتێک دەربخات و، تەنیا یەک ئامانجی نییە"[٣٤]. هەروەها لە ڕۆماندا" چەند فاکتەرێک هەیە لەوانەیە بە شێوەیەک بچێتە ناو گیانییەوە بنەما ناوەندییەکەی نەدۆزێتەوە، چونکە زیاتر لە خاڵێکی ناوەندیی سەرنج ڕاکێشی تێدا هەیە، بەڵام لە چیرۆکی کورتدا ڕێگە بەم شێوەیە دابەشکردنە نادرێ و، دەبێ بیرە سەرەکییەکەی ڕوون و سەرنج ڕاکێش بێ"[٣٥].

ئەگەر لەپاش ئەم دەرخستنەی هەندێ جیاوازیی نێوان ڕۆمان و چیرۆک، بڕوانینە سروشتی بنیاتە هونەرییەکەی دەقی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف، کەوا لە ساڵی ١٩٢٨دا نووسراوە و، لە ساڵی ١٩٧٠دا چاپ کراوە، بە ڕاشکاوی دەتوانین بیخەینە خانەی ڕۆمانی کورتەوە، چونکە ئەم لایەنانەی تێدا وەبەرچاو دەکەوێ:

١- جگە لە زۆرابی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، چەند کەسێکی تر هەن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە ساختمانی ڕووداوەکان دەنوێنن و، هەریەک لەم کەسانە خاوەن گرێچنی لاوەکیی خۆیانن، بۆ نموونە: خاوەن دوکان، بازرگان، ئاغای دەرەبەگ، سەرۆکی قەزا، مەلای مزگەوت.... هتد.

٢- کاتی نێو دەقەکە سەردەمێکی بەرفراوان لە تەمەنی زۆرابی پاڵەوان، لە نێوان کاتی منداڵییەوە تاکو دەبێتە سەرۆکی قەزا، دەگرێتە خۆ.

٣- بابەتی دەقەکە درێژترە لەوەی لەنێو چیرۆکێکدا هەقی خۆی پێ بدرێ، هەروەها مەودای دەقەکە درێژتر دەبووەوە ئەگەر ڕۆماننووس لە خاڵی ناوبژیکردنی زۆراب لەنێو دوو عەشیرەتەکە نەوەستابایە و، دوا لاپەڕەی بە نیوەیی بەجێ نەهێشتایە. ئەم گومان لێکردنە لە دوو توێی ڕوونکردنەوەکەی د. ئیحسان فوئادیش لە کۆتاییی دەقەکە ئاماژەی بۆ کراوە و، لەم بارەیەوە دەڵێت: " کۆتاییی چیرۆکەکە، کە بە تەواوی ئاشکرا نەبوو، چونکە بە شێوەیەکە خستمیە بەر ئەو پرسیار و گومانەی کە ئاخۆ چیرۆکەکە زۆرتر نەبووە و هی چی لێ نەفەوتاوە؟ بە تایبەتی کە لێی نەنووسرابوو (تمت) یان (تەواو بوو) یان (کۆتاییی هات). جا هەرچەندە دوا لاپەڕەی دەستنووسەکە بە نیوەیی بەجێ هێڵراوە و شێوەی دوا ڕستەش دەتوانرێ ببێ بە بەڵگەیەک"[٣٦].

ئەم لایەنە ڕێی ئەوەم پێ دەدا کەوا بڵێم، دەقی (مەسەلەی ویژدان) ڕۆمانێکی کورتی تەواو نەکراوەیە. ئەم تەواونەکردنەی دەقەکە یان بۆ هاندانی ئەو کەسانە لەو سەردەمە دەقەکەیان خوێندووەتەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ئارەزووی تەواوکردنی ڕووداوەکانی دەقەکە لەلای ڕۆماننووسەکەیان تێک داوە. یان ئەوەتا ڕۆماننووسەکە لەو سەردەمە هەوڵی نەداوە تەواوی بکات.

لە ڕووی بابەتەوە، د. عەبدوڵڵا دەباغ لەبارەی (مەسەلەی ویژدان)ەوە دەڵێت: " ئەو لێکچوونە گەورەیەی نێوان ئەم ڕۆمانە و نێوان مۆرکی فێرکەرەیی و بنیاتنەری (التكويني) ڕۆمانی (زیرەکان- الشطار) لایەنێکە نابێ فەرامۆش بکرێ، بگرە دەتوانین بڵێین بێ یەک و دوو ڕۆمانەکەی ئەحمەد موختار جاف ئاوێتەکردنێکی دیارە بۆ یەکەم جارە- دوا جاریشە تا ئێستا- لە ئەدەبی کوردیدا لە نێوان ئەو دوو چەشنە ڕۆمانە"[٣٧]. ئەم جۆرە دان پێدانانە بە لایەنی ڕۆمانیەتی (مەسەلەی ویژدان) لەلایەن د. عیزەدین موستەفا ڕەسووڵیشەوە، لە پێشەکیی وەرگێڕانە عەرەبییەکەی ئەم دەقەوە لەلایەن نووسەری ئەم توێژینەوە، ئاماژەی بۆ کراوە و، دەڵێت " چیرۆکی مەسەلەی ویژدان لە ڕووی جۆرەوە بابەتی نووسینی ڕۆمانێکی درێژە لە چیرۆکی کورتدا خەست کراوە"[٣٨].

ئەم دیاردەیە لەنێو سروشتی سەرەتای ڕۆمانی عەرەبیش لە عێراقدا بەدی دەکرێت و، لەم بارەیەوە د. عەبدولئیلاه ئەحمەد دەڵێت: "هەندێکیان بریتی بووە لە ڕۆمانێکی کورتکراو تێیدا زۆری ڕووداو و، زۆریی کەسەکان و، بەرفراوانیی پانتاییی شوێن و مەودای کات، بە شێوەیەک بوون لە قەوارەی چیرۆکی کورت دەرچوون، چونکە زیاتر لە هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکانی ژیان، یان لایەنێک لە لایەنەکانی دەردەخات"[٣٩].

٤- شێوە ساکارییەکی وەسفی شوێن و دەوروبەر لەنێو دەقەکەی (مەسەلەی ویژدان)دا لەنێو

ڕۆمانە سەرەتاییەکانی نێو ڕۆمانی عەرەبیش لە عێراقدا بەدی دەکرێ، وەکو ڕۆمانەکەی (جلال خالد)ی مەحموود ئەحمەد ئەلسەید، کەوا لە ساڵی ١٩٢٨دا چاپ کراوە.

٥- ئەو دیالۆگ و مەنەلۆگەی لەنێو دەقەکە دامەزرێندراوە لەنێو ڕۆمانی کورتیشدا بەدی دەکرێ لە ڕووی هەوڵدان بۆ دەرخستنی سروشتی کەسێتیی پاڵەوان و کەسانی تری نێو دەقەکە.

ئەم لایەنانە لە سروشتی دەقەکەی (مەسەلەی ویژدان)دا وەهامان لێ دەکات ئێمەیش ئەم دەقە بە ڕۆمانێک دابنێین، بەڵام ڕۆمانێکی کورتی تەواونەکراو.

پەڕاوێزەکان:


١- د. علي جواد طاهر - اقاصيص مترجمة، ص٤.

٢- رشدي رشاد- فن القصة القصيرة، مطبعة دار العودة، بيروت، ط٢/، ١٩٧٥ ل١٢٠

٣ - د. احمد كمال زكي- ازمة القصة القصيرة في مصر، مجلة عالم الفكر، ع/، ١٩٦٧، ص٥-٥١.

٤ - ايان وات - ظهور الرواية الانجليزية، ت: د. يؤئيل يوسف عزيز، ص ل ٧.

٥- رولان بورنوف وريال اونيليه- عالم الرواية، ت: نهاد التكولي، ص ٢١.

٦ - احمد محمد عطية _ الرواية السياسية، مؤسسة مطابع معترق، بيروت، بلا عام طبع، ص ٧.

٧ - جورج لوكاش - نظرية الرواية، ت: الحسين سحبان، منشورات التل- المغرب، ١٩٨٨، ص ٥٦ ، ٦٢، ٨٣.

٨- د.سالم احمد الحمداني - مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، ص ١٦٨

٩ - مورس شرودر واخرون- نظرية الرواية، ت: د. محسن جاسم الموسوي. منشورات مكتبة التحرير، بغداد، ١٩٨٦، ص ٢٢.

١٠- جلن بير - الرومانس، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ص٢٤.

١١- مورس شرودر واخرون- نظرية الرواية، ص ٢٦.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل٥١.

١٣ - هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

١٤ - هەمان سەرچاوە، ل١٤.

١٥ - ارنولد كيبتل - مدخل إلي الرواية الانكليزية، ص٣٥.

١٦- د. مكارم العمري _ الرواية الروسية في القرن التاسع عشر، ص١٢.

١٧ - هەمان سەرچاوە، ل ١١-١٢

١٨- حیکمت محەمەد کەریم - ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، گ/ نووسەری کوردستان، ژ/ ١٧، ساڵی ١٩٩٠، ل ٢٨.

١٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

٢٠ – د. هیوا عومەر ئەحمەد – چۆن لە ڕۆمان بگەین؟، گ/ کاروان، ژ/ ١، ١٩٩٢، ل ٤.

٢١ – هەمان سەرچاوە، ل ٨، ٩

٢٢ – فن كتابة الاقصوصة، ترجمة كاظم سعدالدين، مقالة ميسيون وايت (تكنيك الاقصوصة )، الموسوعة الصغيرة، ع/ ١٦، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨ ل٧.

٢٣ – د. سيد حامد النساج – القصة القصيرة، سلسلة كتابك، دار المعارف ، مصر ١٩٧٧، ل ٢١–٢٢

٢٤ – د. هیوا عومەر ئەحمەد – چون لە ڕۆمان بگەین، ل ٩

٢٥– البرفيسور أ. لافيرسكي – في سبيل الواقعية، ترجمة د. جميل نصيف ل١٦.

٢٦ – النساج د.سيد حامد. القصة القصيرة ل ٢٧.

٢٧– عارف حسين– ئایا راستە کە شار ڕۆمان نییە؟ کۆواری بەیان ژ ١٤٧، ئەیلوولی ١٩٨٨، ل ٥٩.

٢٨ – د. سيد حامد النساج – القصة القصيرة، ص١٧.

٢٩– هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

٣٠– هەمان سەرچاوە ل١٢.

٣١ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

٣٢ – احمد محمد عطية – الرواية السياسية، ص ١٦١.

٣٣ – د. سيد حامد النساج – القصة القصيرة، ص ٢١–٢٢

٣٤ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

٣٥ – هەمان سەرچاوە. ل ٢.

٣٦– ئەحمەد موختار جاف – مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە : دوکتۆر ئیحسان فوئاد، ل ٦١

٣٧ – احمد مختار الجاف _ مسألة الضمير، ترجمة عادل گەرمیانی، مطبعة فنون، بغداد، ١٩٨٩، ل ٢٤ –٢٥

٣٨– هەمان سەرچاوە، ل ٧

٣٩– د. عبدالاله احمد – نشاة القصة وتطورها في العراق، مطابع دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٣٩

سەرچاوەکان:

١– د. علي جواد طاهر – اقاصيص مترجمة ، الملحق العشرين لمجلة المعلم الجديد، مطبعة المعارف، بغداد كانون الاول، ١٩٥٨.

٢- رشدي رشاد- فن القصة القصيرة، مطبعة دار العودة، بيروت، ط٢/ ١٩٧٥.

٣- د. احمد كمال زكى- ازمة القصة القصيرة في مصر، مجلة عالم الفكر، ع/ ١٩٦٧.

٤- ايان وات - ظهور الرواية الانجليزية ، ت: د. يؤئيل يوسف عزيز، الموسوعة الصغيرة ، العدد٧٨/، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣

٥- رولان بورنوف وريل اونيليه- عالم الرواية ، ت: نهاد التكولي.

٦- احمد محمد عطية - الرواية السياسية، مؤسسة مطابع معترق، بيروت ، بلا عام طبع

٨- جورج لوكاش - نظرية الرواية ، ت: الحسين سحبان، منشوورات التل- المغرب، ١٩٨٨.

٩- د. سالم احمد الحمداني - مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث

١٠- مورس شرودر واخرون - نظرية الرواية ، ت: د. محسن جاسم الموسوي. منشورات مكتبة التحرير، بغداد، ١٩٨٦

١١- جلن بير - الرومانس ، ترجمة: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، دار الحرية للطباعة ، بغداد، ١٩٨٠

١٢- ارنولد كيبتل - مدخل إلى الرواية الانجليزية ، ترجمة: هاني الراهب، المجلد الاول، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٠

١٣- د. مكارم العمري - الرواية الروسية في القرن التاسع عشر، سلسلة عالم المعرفة، العدد/٤٠، مطابع دار الانباء الكويت: ١٩٨٠

١٤- حيكمت محەمەد كەريم - ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا ، گ/ نووسەری کوردستان ، ژ/ ١٧، ساڵی ١٩٩٠

١٥- د. هیوا عومەر ئەحمەد - چۆن لە ڕۆمان بگەین؟، کۆواری کاروان ، ژ/ ١، ١٩٩٢

١٦- فن كتابة الاقصوصة، ت: كاظم سعدالدين، مقالة ميسيون وايت (تكنيك الاقصوصة )، الموسوعة الصغيرة ، ع/ ١٦، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨

١٧- د. سيد حامد النساج - القصة القصيرة، سلسلة كتابك، دار المعارف، مصر ١٩٧٧

١٨- البروفيسور ا، لافرينسكي- في سبيل الواقعية، ترجمة: د. جميل نصيف، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٤

١٩- عارف حسین - ئایا راستە کە شار ڕۆمان نییە؟، کۆواری بەیان ، ژ/١٤٧، ئەیلوولی ١٩٨٨

٢٠- ئەحمەد موختار جاف - مەسەلەی ویژدان ، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: دوکتۆر ئیحسان فوئاد

٢١- احمد مختار الجاف - مسالة الضمير ، ترجمة عادل گەرمیانی، مطبعة فنون، بغداد، ١٩٨٩

٢٢- د. عبدالاله احمد - نشاة القصة وتطورها في العراق، مطابع دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦

وتار

حەمەسەعید حەسەن

# پێوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە

**"بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات،**
**ئەدەبی گاڵتەجاڕی، کاریگەرترین چەکە."**
داریۆ فۆ



کـە دەنووسـم وەک ئەوە وایە بکەومـە داوی دڵدارییـەوە، دڵدارێک لە دەسـتـپـێکدا دڵـبـەرەکـەی چەند خـۆش دەوێت، هـەمـوو جـارێک بـە هـەمـان هـەسـتـی گـەرمـەوە دەست بـە نووسین دەکـەم. هـەرگـیـز لە شـوێنێکی نادیارەوە ئـیلهامی نووسینم بۆ نەهاتووە، وەک چۆن کۆرپە لـە هـەناوی دایکییـەوە پەیدا دەبێت، منیش نووسین لە ناخمەوە لە دایک دەبێت و پێشوازییەکی گەرمی عاشقانەی لێ دەکەم.

نووسین بە زمانێکی بارگاوی بە کینە و زەبروزەنگ، کاتێک خـۆی دەنوێنێت، بێین لەبری ئەوەی خاڵە لاوازەکانی نووسینێک دیاری بکەین، هەموو نووسینەکە بە زبڵ بچوێنین. زمانی زبر، زمانێکە بڕوای بە ئێمە و ئەوان هەیە، ئەوی لەگەڵ ئێمەدا نـەبێت، وەک خۆمان بیر نەکاتەوە، هەر چی بڵێت بە هەڵەی لە قـەڵەم دەدەین، وەک دوژمن سـەرنجی دەدەین و بێ یەک و دوو ڕەتی دەکـەینەوە. ئەوە هەر درێژەپێدانی ئەو تێـزەیە کـە دەیگوت: (ئەگـەر نازانیت قـسـەی چاک بکـەیت، بێدەنگ بیت، باشترە.) قسـەی چاک لەوێدا، ئەو قسـانەیە کە لـە قازانجی ئێمەن، ئەوی وەک ئێمە بیر نـەکاتەوە، قسەکانی خراپن.[١]

سەروەختی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، تازەکی دەرسی کیمیا دەگاتە لوبنان، مـامۆسـتایەک چونکە – لەسـەر تەختـەڕەشـەکەی پۆل دەنووسێت: (ئێچ توو ئۆ،) بە تاوانی هـەوڵدان بۆ کـوشـتنی سـوڵتـان دەسـتگیر دەکرێت، ئاخـر (ئێچ)کـەیان بە حـەمـید، (توو)کـەیان بە دووەم و (ئۆ)یەکـەیان بە سـفر، لێک دابووەوە، کـە دەکاتـە بە سـفـرکردنی سـوڵتـان حـەمـیـدی دووەم، واتا کـوشـتنی. ئاسـتی ڕۆشـنبیریی دەسـەڵات لە خـۆرهـەڵات بە گشـتی، هـەنووکـەیش لە هـەمـان ڕەوشـی کارەساتبارادایە.

کە جەنەڕاڵ بیرۆن دەستی بەسـەر دەسەڵاتدا گرت، چونکە زەندەقی لە ڕۆشنبیران چووبوو، هات (بۆرخـێس)ی کە گـەورەترین ڕۆشنبـیـری لاتین ئەمریکا بوو، لە ئـیشـەکـەی خـۆی کـە کـارمـەندی کـتـێـبـخـانـە بوو لە بۆینس ئایرس، دەرکرد و ناردییـە بـازاڕ، بۆ ئەوەی چاودێریی دووکـانداری مریشکفرۆشـەکان بکات، نـەک مریشکی نـاسـاغ بە هـاووڵاتیـیان بفـرۆشن. ئەوە وەک کولـتووری ستەمکارانی لێ هاتووە، گوشاری ئابووری دەخەنە سـەر ڕۆشنبیران، تا ئاستی برسیکردنیان، بەو مەبەستەی سـەریان پێ نەوی بکەن.

ئێدوارد سـەعید پێی وایە، ڕۆشنبیر کە دەستبـەرداری ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خـۆی بوو، دەبێتە ناپاک. ڕۆشنبـیری ناپاک نەک هـەر ڕەخنـە لەو قـۆناغـە ناگرێت کە تێیدا دەژی، بەڵکوو دەکەوێتە پێداهەڵدانیشی. ڕۆشنبیر بایەخ بە سیاسـەت دەدات، بەڵام ناچێتـە ڕیزی ئەم یان ئەو حیـزبەوە، وەلێ تۆمـەت بۆ ئەوانەیش ناهۆنێتەوە کە سـەر بەم یان ئەو حیـزبن. ڕۆشنبیر بیروباوەڕێکی نوێ ناهێنێتـە ئاراوە، ئـامـاژە بۆ ڕێگەیەک دەکـات. ئەوی خـاوەنی دە دوازدە سـتـوون، نامـیلکـەیەکی شیعری یان دوو سێ کورتەچیرۆک بێت و بەردەوام لە ڕادیۆ و تیڤییەکانەوە سـەرقاڵی لێکدانەوەی بوارەیلی کولتووری و ئابووری و سیاسی بێت، ڕەنگە لە خۆی وابێت ڕۆشنبیرە، وەلێ ڕاستییەکەی

کلاونێکە، پێش گوێگر و بینەر، غەدر لە خۆی دەکات.

شتە ماددییەکان لە کن ڕۆشنبیر بایەخیان نییە، هەڵپەیان بۆ ناکات، ئەوەی بەلای ڕۆشنبیرەوە گرنگە، داهێنانە لە بواری کاری خۆیدا، ئاخر ئەوەی دەمێنێتەوە، داهێنانە، نەک سامان. ڕۆشنبیر کار لەسەر شتگەلی ڕۆژانە و تیژتێپەڕ ناکات، کاری ئەو پێوەندیی بە داهاتووەوە هەیە، نەک حاڵی حازر. بە پێچەوانەوەی ڕۆشنبیرەوە کە داهاتوو مسۆگەر دەکات، سیاسەتکار ئەگەر مەعریفەی پێ نەبوو، هەر لە پۆستەکەی دوور کەوتەوە، ڕۆڵی کۆتاییی دێت و هیچ کاریگەرییەتییەک لە دوای خۆی جێ ناهێڵێت. ڕۆشنبیر کێیە؟ کەسێکە شتی تازەی پێیە، کەسێک نییە، شتی دێرین دووبارە بکاتەوە. ئەگەر خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە نیت، ئەگەر توانای پێشبینیکردنت نییە، ئەگەر بوێریی گوتنی شتگەلی جیاواز شک نابەیت، با خۆت پێ ڕۆشنبیر نەبێت. وەک چۆن دیکتاتۆر هەموو دەسەڵات لە کن خۆی کۆ دەکاتەوە، ڕۆشنبیری خودپەسەندیش پێی وایە، هەموو حەقیقەت لە لای خۆیەتی.

وەک چۆن دۆریس لێسینگ گوتەنی: (نووسەر لە ماڵێکدا پەیدا نابێت، کتێبی تێدا نەبووبێت،) ڕۆشنبیریش لە بازنەیەکی فیکریی داخراودا سەرهەڵنادات، ئەوە بۆیە پەنجەرەی ماڵی ڕۆشنبیر بە ڕووی بای لە نزیک و دوورەوە هاتووی فیکرە جیاوازەکاندا کراوەیە. ئیبسن دەڵێت: (کارەسات ئەوەیە، پێویستمان بەوە بێت، حەقیقەتێک بسەلمێنین، وەک خۆر بدرەوشێتەوە.) لەو وڵاتانەی ستانسلاف جیرۆزیلیک گوتەنی: (دەسەڵات دەستاودەست دەکات، بەڵام سەراوسەر یان عەقڵوعەقڵ ناکات،) ڕۆشنبیر ناچار دەبێت، بە سەلماندنی حەقیقەتەوە سەرقاڵ بێت. لە شوێنێک دەسەڵات لە دەستی ئەم باڵی هەمان بزاوتەوە، بچێتە دەستی ئەو باڵی، بەڵام عەقڵەکان هەر هەمان عەقڵ بن، ئەوە خاڵیکردنەوەی دێمۆکراسییە لە مانای خۆی و ئەرکی ڕۆشنبیرە، لە وەها کاتێکدا، قسەی هەبێت.

عەلمانیبوون ئەوەیە، گەل فەرمانڕەوا بێت، میللەت دەستوور بنووسێتەوە، دەسەڵات نوێنەری هەڵبژێردراوی گەل بێت، نەک نوێنەری ئاسمان. عەلمانیبوون و دیمۆکراسی بێ یەکدی هەڵناکەن، ئەگەر دێمۆکراسیخواز بین، ناچارین عەلمانییش بین. ئەوە دووڕووەکانن، بانگەشە بۆ عەلمانیبوون دەکەن و دێمۆکراسیخواز نین. چونکە بە گوێرەی ئاین، ئینسان عەبدی خوداوەندە، بۆیە دژایەتیکردنی عەلمانیبوون، لایەنگرتنی کۆیلایەتییە. لە بەرانبەر جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، کە عەلمانییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئیسلامی سیاسی، دروشمی (ئیسلام دین و دەوڵەتە)ی بڵند کردووەتەوە. جاران ئیسلام گاڵتەی بە ژیانی حیزبایەتی و دێمۆکراسی دەهات، بڕوای بە شوورا هەبوو، هەنووکە بە هۆی حیزبایەتی و دێمۆکراسییەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن.

چونکە (لە ئایندا زۆرەملێ و سەپاندن نییە) و دەسەڵاتداریش چی بخوازێت ئەوە دەسەپێنێت، ئاخر دەسەڵات نزیکەی هەمیشە دەزگایەکی سەرکوتکەرە، کەواتە ئەو دەسەڵاتەی ڕەوابوونی خۆی

لە ئاینیشـەوە وەردەگرێت، هـەر داپلۆسێنەرە و ئەوە لە ناوەڕۆکی خۆی خاڵی دەبێتەوە کە بڵێین: لە ئایندا زۆرەملێ نییـە. کە ئاینێک دەبێتـە ئاینی فـەرمیی دەوڵەت، کە دەسـتوورێک لەبەر ڕۆشنایی ئاینێکدا دادەڕێژرێت، ئیـدی لـەوێوە زۆرەملێ دەسـت پێ دەکـات. چونکە دەسـەڵات پێـوەندیی بە دەوڵەتەوە هـەیـە نەک بە ئاینەوە، بۆیە دەسـەڵات دەبێت ڕەوابـوونی خۆی لە ئـاینەوە نـا، لە خـەڵکەوە وەربگرێت. ئیشـی دەسـەڵات ئەوە نییە خەڵک بە زۆرەملێ بۆ بەهەشت بنێرێت و بوار نەدات لەو دنیا بە ئاگری دۆزەخ بسـووتێن، ئیشـی دەسـەڵات ئەوەیـە لەم دنیـا کـاروباری خـەڵک بـەڕێوە ببـات، ئەوە کرۆکی سیکولاریزمە.

ئەوە گیـرخـواردنە لـە بازنەی مـێژوودا، ئەگەر بڕوامـان بە گـوێزانـەوەی دەسـەڵات لە باوکەوە بۆ کـوڕ هـەبێت. لە ئیسـلامـدا ئەو ئاوە مـەعـاویە ڕشـتی، کـاتێک یەزیدی کـوڕی کـردە جێنشینی خـۆی. حافیز ئـەسەدیش ئیلهامی لە مەعاویە وەرگرت کە بەشاری کوڕی کردە میراتگری خۆی. کە بە شا حوسـەینی ئوردنیـان گـوت، چونکە دایکی ئینگلیـزە، شیـاو نـیـیـە عـەبدوڵڵای کـوڕت، جـێـی خـۆت بگرێتـەوە، دەسـتـبـەجـێ گـوتی: خـۆ دایکی (مـەئمـوون)یش فـارس بوو، کـەچی جـێـی (هـاروون ئەلڕەشید)یشی گرتەوە؟[2]

بە سـەرۆکایەتیی چەرچڵ بەریتانیا لە دووەمین جەنگی دنیـاگرەوەدا بەسەر ئەڵمانیادا سـەرکەوت، کـەچی لە یەکـەمین هـەڵبـژاردنی دوای جـەنگدا دۆڕاندی. دانیـال ئۆرتیـگا هـەرچەندە سـەرکردایەتیی شۆڕشێکی سـەرکەوتووی کردبوو، وەلێ کە لە هـەڵبژاردندا نەیبردەوە، ڕێزی لە خواسـتی گەل گرت و هـانای بـۆ هیـچ پاسـاوێک نـەبرد. ئـەوەی کـە گـاردی دێرین زوو زوو خـەبـاتی کـۆن وەبیـر خـەڵک دەهێننەوە، هـەر ئـەوەیە کـە ناسـر زوو زوو دەیگوت: (هیـچ دەنگێک لە دەنگی جـەنگ بڵندتر نیـیـە.)* مـەبەست لـێی کـپکردنـەوەی دەنگە ناڕازییـەکـانە و زادەی بـڕوابوونە بـە قـۆرخـکـردنی دەسـەڵات. نێکرۆفـیـلی نـەخـۆشـیـیـەکـە، ئەوی هـەیبـێت، حـەزی لەوەیە لاقـەی مـردووان بـکـات، ئەوی دووچاری سـادیزمـیـش هـاتبـێت، پـێی خـۆشـە ئازاری ئـەم و ئەو بدات. ئەو حـیـزبـەی سـتـەم لە خـەڵکی بێ دەسـەڵات بکـات، وەک ئەوە وایە هـاوزەمان هـەردوو نەخۆشییەکەی هـەبێت.

٢٠١٢/٣/١٨

---

(١) د. بهاءالدين محمد، خطاب الكراهية ٢٦ يناير ٢٠١٢ الإتحاد الثقافي.

(٢) مجدي ممدوح، تأريخ بدون ميثولوجيا ١٥ /١١/ ٢٠١١ القدس العربي، لندن.

(*) لا صوت يعلو فوق صوت المعركة.

وتار

عەلی شێخ عومەر شەمزێنی

# ئەلتەرناتیڤی مەرگ و دۆزینەوەی خود



ئەزموونی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە کە لە نووسینی "نەوزاد یوسف کاکەیی"یە لە ڕوانگەی هزرەوە چەند دەروازەیەکی ئەپستمۆلۆجی دەخاتە سەر پشت و بەزۆرەملێ پابەندی تەنگژەی بوون دەبینەوە بێگومان کێشەی بوون (کەمن هەم) لە تەک هزردا یاخۆ بیردا کێشەیەکی ئاسۆییی بەرفراوان و فرە ڕەهەند بەرهەم دەهێنێ لەنێو کایە فەلسەفییەکاندا، پەرچەڤەکردنی فەلسەفە بۆ کارێکی هونەری وەک هونەری چیرۆک نووسین بەپلەی یەکەم پابەندە بەرەچاوکردنی زەمەن نەک شوێن بۆیە، ئەوەندەی زەمەنی گێڕانەوە گرینگە لە متنی چیرۆک شوێن ئەوەندە گرینگ نییە، هەر لەبەرئەمەشە دەتوانیت چیرۆکێ بنووسیت بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ شوێنێک بدەیت و دەتوانیت لە یەک چیرۆکدا چەند زەمەنێکی جیاواز بەکار بهێنی بۆ بەدەستهێنان و پێکاندنی مەبەستی خوازراو، چیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی قۆرخی ئەم کایانەی سەرەوە بکات کە ئاماژەمان پێی دا، ئەم چیرۆکە بە گریمانەیەک دەست پێ دەکات ئەویش لە ڕێچکەی خودەوە بە مەنەلۆج زەوینەی چوونە ژوورەوە خۆش دەکات، بۆ پاراستن و مانەوەی دەق لە مامڵەکردنی پێشهاتەکاندا هاوشان لەگەڵ تیژی هزردا هەنگاوی لەزگین دەنێ، بەکاربردنی گریمانە خۆدەربازکردنە لە شووناسی راستەقینە و بە شیمانەی گومان ڕەنگڕێژ کراوە ناجێگیری ناسنامەیەتی، بە مانایەکی تر لە مانەفێستی گومانەوە دەیەوێت

بگات به بنەما مەعریفییەکان، بە گریمانەی (بە زیندوویەتیبوون) بیر و هزرێک دادەسەپێنێ بۆ پیادەکردنی کایەیەکی تەیار و ئامادەکراو، بەمەش نووسەر مەبەستێ تایبەتی پراکتیزە دەکات بە بوونی مەعریفە و بە رێساکانی فەلسەفەوە دەیەوێ ئەلتەرناتیڤێ بۆ مەرگ دەستەبەر بکات، نووسەر بە منی بگۆوە دێتە قسە و دەڵێت "من نەمویست بەو دۆخەوە پابەند بم" بەڵام بە ناچاری دەبینین چۆن پابەند بوو پەپوولەی کردە هێمای گیانێکی پاکیزە و سیمبولێکی ئۆرجینال و سادە بۆ نمایشکردنی پرەنسیپەکانی ژیانێکی سەرەتایی و سواو هەڵاتن لە گیروگرفتەکانی بیرکردنەوە و ئاڵۆزکارییەکانی ژیان و رەهەندە گیرەکانی فیکر، بەڵام ئەم پابەندی فیکرە و نایەوێت، ناکرێ بەبوون و فیکر ببێت بە پەپوولە تا ئاستەنگەکانی مردن ئاسان بکات لەگەڵ بوونی فیکر و ئامادەسازیی ئەنجامەکانی فیکر، مردن شکست دەهێنێ بە شکستی مردن سیماکانی ژیانیش دەگۆڕێ و گورێک دەدات بە نووسەر تا باگراوندێک بکات و بۆ سەرچاوە بگەڕێتەوە بنەمایەک بکاتە دەسکەلا پارسەنگییەک پەیدا بکات بۆ تێرامان و راڤەکردنی هەوێنی بۆچوونەکانی و ژیان بخاتە بەر مردنی ساڵەکانی رابردوو، وێنەکردنی ژمارەکانی ساڵ بەخشینی زیندەگییە و مانایە و زۆرانبازییە لە تەک ئاستەنگەکان، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، دەرچوونە لە دۆگمای ژمارەکان کە تاقەتی هەڵپڕووکاندووە، هەڵپڕووکاندن لە ئەنجامی کردەی سووتانەوە دێ، درک کردن بەم ئازارە بەرانبەر بەو کەسانەی کە گرەو لە مێژوو دەبەنەوە و دەبنە مۆمێک و دەسووتێن و ژیان لە ئێستادا رووناک دەکەن دەیخاتە بارێکی دەروونییەوە تووشی ئیرەییی دەکات، بەم پێیە ئەم خۆی وەک کەسێکی بچووک نیشان دەدات لە ئاست گەورەبوون و بە دیارکەوتنی ئەو کەسانەی کە ئاسەواریان لەسەر مێژوودا هەیە بۆیە بە راشکاوانە دەڵێ "ئیرەییان پێ دەبەم" لە هەمان کاتدا دەکەوێتە گومانەوە لە بوونی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لەو جیهانەی مێژوو دروست دەکات و هزر بەرهەم دەهێنێ و کولتوور فەراهەم دەکات هیچ ئاسەوار و شوێن پەنجەیەکیان لە شارستانییەتدا دیار نییە، ئاخۆ ئەمانە کە لە ژیاندا بوون بەهەبوون دێنە هەژمارکردن؟ یاخۆ بە رستەکانی نەبوون پێوانەی بۆ دەکرێ، نووسەر هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات کە شوناسی هزر و ئاوەزیان لە خولگەی تەسکی ئەزموونی تاکەکەسییەوە زیاتر تێ



ناپەڕێت، دووربین نین لە بەرابەر بە جیهانبوون، نابینان و ئەوسەری ڕێگە نابینن و بە ونبوویان دەزانێ، لە رووی بچووکی و ناکاریگەرییەوە بە پەپوولە سەیریان دەکات، نووسەر لە سەرەتاوە دەڵێت "نامەوێت پەپوولە بم" پەرچدانەوەی نووسەر بەبوونی پەپوولەئاسا و پێشخستنی ئایدیا بەرابەر بەبوونی هەنووکەی پەلکێشمان دەکات بۆ تێرمی فەلسەفەی عەقڵانی کە دیکارت رابەرایەتیی دەکات و دەڵێت "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم" ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی بوونگەرییە کە دەڵێت "من هەم کەواتە بیر دەکەمەوە" بوون پێش هۆش دەکەوێت و دیاری دەکات، وەلێ شاکەسی نووسەر ئایدلیستییانە بیر دەکاتەوە و لە رێگەی منی ئامادەوە هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دەدات و خودی بە مرۆڤبوون هەڵدەبژێرێت بەمانا فەلسەفییەکەی نەک بە مانا فیسۆلۆجییەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاو دەنێت فاکتەرەکانی گواستنەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوەی خۆی فەراهەم دەکات و ئەو ئاستەنگانە دەخاتە بەرچاو کە پێوەی دەگلێ و تاوتوێی دەکات و پێشبینی لە رەوتی کایەکان دەکات وەک خوازیارێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، دەکەوێتە گوزارشتکردن و پرسیارکردنی ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی دەروونی دەبێتەوە، ئەو ئامرازانەی کە ئاراستەی دەکەن بەرەو هەڵدێری ئەو هاوکێشەیە دەیبەن، کێشەیەک موتوربە دەکات کە بە جەلاد ناودێریان دەکات کە چۆن هزر و بیر دەبنە سوڵتانێک و خود دەبێتە کۆیلە و لە مێشکی سەریدا مۆڵ دەخۆن و نیشتەمەنیی هەستەکانی دەبێتە ڕستی دەسەڵاتێکی فراوان و ستەمکار و بەرتەمای قۆرخکردنی سەرجەم رەهەندی بیر و بۆچوونەکانی گێتی لەخۆ دەگرێ، بەڵام ناچارین بە روونکردنەوەی خاڵێک کە لەبارەی تەنگژەی فەلسەفییەوە، بێگومان ئەم چیرۆکە بە راشکاوانە دەیەوێت خۆی بە فەلسەفە بارگاوی بکات، لە تەتەڵەی هەستەکانیەوە تێرمی نامۆبوونی هزرێک بەرجەستە دەکات و گلەرییەکی هەمەچەشن نمایش دەکات لە تیۆرە فەلسەفییەکان، کاتێ بە دەسکارییەوە گوتەزایەکی فەلسەفی دەکاتە رێسایەک و مۆرکی خودگەراییی تێدا ئاوێتە دەکات دەڵێت "هەموو بوونێک ئامرازێکی بەرەو نەبوون بردنی لە ئارادایە" لێرەدا نووسەر دەیەوێت لەسەر ئاستی تەنگژەی ئایدۆلۆجیا بە زمان گەمەی خۆی بباتەوە کاتێ بوون دەکاتە ئامرازێ بەرەو نەبوون لە هەمان کاتدا وەرگر بە فریو دەدات دەگەڕێتەوە بە گۆڕینی وشەی بوون بە وشەی هاتنە (ئاراوە) نەبوون دەکاتەوە بە بوون، دەکرێ لە دیدگەیەکی تری فەلسەفەوە لێی بڕوانین و بڵێین کە هەموو بوونێک لە ناوەخنیدا تۆی نەبوون هەڵدەگرێ چونکە بوون و نەبوون تەواوکەری یەکترین، هەریەک سەلماندنی ئەوی دی فەراهەم دەکات و لە یەکتر دانابڕێن و دوو رووی یەک پوولن، بوون هەرگیز نابێتە ئامراز بگرە بوون بکەرێکە هەوێنی نەبوون یا خۆ دەرهاویشتەی نەبوون هەڵدەگرێ، ئینجا بوون مەبەستی نووسەر (خاوەن هزر) یاخود خودی هزر خۆی دەبێتە جەلاد بە هێڵکارییەکی دیالێکتییەوە هەوێنی لەناوچوون و کۆیلەبوونی خۆی هەڵدەگرێ. ئەو فاکتەرانەی کە هزر دەکەنە جەلاد هەمان ئەو فاکتەرانەن بە دیوەکەی تریدا کە جەلاد لەنێو دەبەن و خاوەنەکەی دەکەنە کۆیلەی رێساکانی دیالێکت، بۆیە پیادەکردنی خەون بۆ دۆگما کارێکی دژوارە بە ئاسانی

دەستەمۆ ناکرێ لە سۆنگەی ڕامنەکردنیدا ئەو داکەوتە دەسەپێنێتە سەر نووسەر و خاترجەمت ناکات و دەڵێت "خۆزیار بووم بڵێم ئەمنیش هەم".





ئەم چیرۆکە شەڕی مانەوەی هزرە و هەڕەشەی مردنە بە وەستانی زەمەن، شەڕی قۆرخکردنی کایە مەعریفییەکانە بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەتی مردن نەڕە و ناڵەی مەعریفەیە، ڕاڤەکردنی خەسڵەتەکانی ئەپستمۆلۆجیا و دەسەڵاتەکانی مەعریفە لە گێڕانەوەی ڕەهەندەکانی زەمەن و بەرجەستەکردنی لە سنوورەکانی کولتوور و بازدان لەنێو پاژەکانی و گواستنەوە لەنێو قۆناغەکانی دیالێکتیکدا بنەمایەک دەخوازێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی هزر، خاوەنەکەی فریو دەدات لەبەر نەبوونی لێکدانەوەی پێویست و سەلمێنراو، بۆیە بەر لە ئەزموون هزر هیچ شرۆڤەیەکی پێ نییە بۆ فاکتەری ڕووداوەکان، هەر لەبەر ئەمەشە هزر لە سەرەتاوە بە ڕێچکەی ئەفسانەوە دێتە پێشەوە ئەفسانە دەبێتە هێما و نڤیسیار لە ئەتمۆسفیری ئەفسانەکانەوە خوازیارە لەسەر زەوی خۆی بدۆزێتەوە کۆشش بۆ خوێندنەوەی خود دەکات و بەتەمای خۆدەربازکردنە لە دەرکەوتەکانی نامۆبوونی خود بەرامبەر بە دیاردەکانی بوون و خۆسەلماندنی "منیش هەم" بەڵام بێ ئەوەی ئەو دیاردە و هۆکارانە ڕوون بکاتەوە کە دەسەڵاتی هزر چۆن دەبێتە (ئیمپراتۆر) یاخۆ خۆی کردە (ئیمپراتۆر) لەمەڕ ئەمێ کە بۆ خۆی دەگەڕێ، قسەکردن لە قۆناغەکانی مێژوو پاڵپشتییە بۆ پتەوکردنی کەسایەتی و سەلماندنی خودە و لاگیرییە بۆ برواهێنان بەخۆ تێنێکە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت بەڵام چ هەقیقەتێ تاڵ کە نیوەی تەمەنی ڕاپێچاوە ئەم هێشتا پێی نەگەیشتووە، پۆلێنکردن و گۆڕینی شوێن (کۆڵان و زورگ و نشێوو هەوراز و دەشت) لەسەر ئاستی زەمەن هیچ ناگۆڕێ لە بۆ دۆزینەوەی خود بۆیە دەڵێت "چی هەیە لێرە من هیچ نابینم" ئەوەی نووسەر ڕزگار دەکات لە هەنووکەدا ئەلتەرناتیڤی ڕابردووە، هزرە لەنێو خەیاڵدا، خودە لە جەستەی سوکراتدا، قوربانیدانە بە جەستە بەرانبەر بە ژیان و مانەوەی هەقیقەتە، ئاشکراکردنی مردنە لەلایەن جەلادەکانەوە، گەڕانەوەی جەلادەکان ئاماژەیە بە درێژبوونەوەی زوڵمکردن لە فیکر و لە هەقیقەت بە ڕادەیەک کە دەست لە پێغەمبەرانیش ناپارێزێ تا دەگاتە ئەو ئاستەی بە پەندە دێرینەکەی لە خاچدان هۆشداریمان دەداتێ، ململانێ دۆگمای جەلادەکان و ئەلتەرناتیڤی هەقیقەت بە

تۆقاندن و مردن و بە فریودانی دۆزینەوەی خود پانتاییی ڕێگەیەکی ترمان لێ دەگرێ ئەویش گاڵتەکردنە بە تواناکانی مرۆڤ و بە چاوسووک سەیرکردنی ئامرازەکانیەتی، گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر بۆ ژیانی کە من نیم نەبووم نابم بۆ ژیانی پەپوولە کە وەک (هەوڵەکانی دۆن کیشۆت) ناوزەدی دەکات، خاڵی گرینگی ئەم چیرۆکە نەیکردنی ژیانی بێ ناوەرۆکە و تاوانبارکردنی ئەو جۆرە ژیانەیە بەوەی ئەو بەرهەمهێنی جەلاد و دیکتاتۆرەکانە دروستکەری شەڕ و جەنگی جیهانین ستەم و کوشتنی خاوەن فیکر و ئەندێشەن، لە هەمان کاتدا بوێری و بەرەنگاربوونەوەی هزر نیشان دەدات بەرانبەر بە زوڵم و ستەم کە لە جەلاددا خۆی نمایش دەکات هەتا مردنی جەستەشی بە دواوە بێ ئەم بەردەوامە بێ سڵکردنەوە هەر پرسیاری خۆی دەکات کاتێ دەڵێت "ئەودەمەی جەلادەکان رووەو رووم بوونەوە نەترسام و نەشڵەژام" چیرۆکنووس لە زاری شاکەسەکەیەوە لە کۆتاییدا پرسیارێک دەورووژێنێ و دەپرسێت بۆچی کوژرا مەبەست لە کوشتنی چی بوو؟ وەلێ بە وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو کە بۆنی مازوخییەت و تامێکی تاڵی گەڕەلاوژەی ژیاری پێوە دیارە بوار بۆ پەسندکردنی ئایدۆلۆجیا ناهێڵێتەوە بە ئاستەم رۆشناییەک بەدی ناکەین بۆ پەرەپێدانی ژیان و فیکر و دۆزینەوەی خود، بەوەی جەلادەکان وەڵامی دەدەنەوە کە ئەوان تەنیا مەبەستیان لە کوشتنی فیکرە رزگارکردنی خاوەنەکەیەتی لە کۆیلەبوونی فیکر ئەمەش بە خاڵێکی لاواز هەژمار دەکرێ لە بنیات و روانگەی چیرۆکنووس بەرانبەر بە پێشهاتەکانی داهاتووی مرۆڤ، تراجیدیای نەهامەتییەکان و خەمەکانی مرۆڤ لە پنتێکەوە سەرچاوە دەگرێ کاتێ ئەو هزرەی کە بەها و شانازیی مرۆڤە بە پێڵاو ریسوا بکرێ، فاکتەرەکانی ورەبەردان و نەبوونی ئەلتەرناتیڤێ بۆ رێگەچارەی سێیەم کە لە دۆزینەوەی خود و هزردا بەرجەستە دەبێ رۆڵی دۆشداماوی مردن فەراهەم دەکات لە هەمان کاتدا تەنگژەی ئەو هێزەی کە دەرەقەتی بەرامبەر نایە لە ناوەوەی خۆیدا و پەنگی خواردووەتەوە وەک کاردانەوەیەک بە هەمان هێزی جەلادەکان بەرەو ناوەوەی خۆیدا دەگەڕێتەوە، بەڕادەی تاوانی جەلادەکان خۆی بە تاوانبار دەزانێ بەم پێیەش حاڵەتێکی هاوسەنگی لە ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا دروست دەکات و جیاوازییەکان لەنێو دەبات کە ئەویش حاڵەتی مردنە چونکە هەستکردن بە جیاوازی و ناتەواوی تەنیا لە ژیان و ئەوین و هزردا بەدی دەکرێ، ئەم بە ئاماژەی جەلادەکان تاوانبارە کە رووی راستەقینەیان ئاشکرا دەکات ئەوانیش رێگە بە گەڕانەوەی ژیانی دەدەن، بە مەرجێ مردنی بیر و هزر و شاردنەوەی رووە ناشیرینەکەیان مسۆگەر بکات، لە دواجاردا وەک لە پێشتر گوتمان رێگەی سێیەم لە بەردەمماندا والآ نییە، یان دەبێ بمرێ و لە پێناو زیندوویەتیی هزر و بیر ببێتە قوربانی، یاخۆ سوڵتانی بیر و هزر بکوژرێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو ئێمەی بە حیساب زیندوو.

بۆچوون

سالار ئیسماعیل سەمین

# شێواز و نهێنییەکانی وەرگێڕان لە ڕۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)دا




وەرگێڕان واتە گواستنەوەی زانیاری و هونەری نەتەوەیەک بۆ سەر زمانی نەتەوەیەکی تر، وەرگێڕ بەم کارە گرینگە هەوڵی ڕژد دەدا، بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاری بەهەموو چەمک و جۆرەکانی لەنێو مێشک و هزر و خەیاڵی کەسانی نەتەوەکەی خۆیدا. ئەم کارە پیرۆز و پڕ لە ماندووبوونەش ماندوونەناسێکی بەسەلیقە و خاوەن ئەزموونێکی تایبەتی خۆی دەوێ، کە

پسپۆڕێتیی لەو بوارەدا هەبێت. زمان و شێواز و ستایل لە وەرگێڕاندا تەواوکەری یەکترن، بەتایبەتی زمانی بەپێز و بەهێز و خۆڕسک جوانییەکی سەرنج ڕاکێشەرانە دەبەخشێتە وەرگێڕان. وەرگێڕ پێویستە شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەردوو زمانەکەدا. ئەوسا دەتوانێ هەنگاوەکانی بپێچێتەوە بەرەو دەروازەی ئەو کارە قورسە، دەبێ وەرگێڕ زۆر باش بزانێ کاری وەرگێڕانی وشە بەوشە تووشی گەلێک تەنگژەی دەکا لە کاری وەرگێڕاندا. بەبۆچوونی ئەوانەی کە لە بواری وەرگێڕاندا کار دەکەن، دەبێ وەرگێڕ پێش ئەوەی دەست بەو کارە مەزنە بکات چەند جارێک خوێندنەوە و شرۆڤەکردن بکا بۆ ئەو دەقەی کە دەیەوێ وەری گێڕێ. بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە بە تەواوی بەلایەوە گەلاڵە و بەرجەستە بێ ئەوسا پەنا بەرێ بۆ پێنووسەکەی. لێرەدا ڕاستییەک هەیە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ. وەرگێڕانی دەقێک کە بریتی بێ لە چەند لاپەڕەیەک جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبێکی چەند سەد لاپەڕەییدا، لە هەمان کاتیشدا دەبێ وەرگێڕ مەرجەکانی وەرگێڕانی بەتەواوی هەزم کردبێ، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەی بپارێزێ لە وشەی سواو و ڕستەی ئیفلیج.

لێرەدا وەک نووسەرێک نەک وەکو ڕەخنەگرێکی پسپۆڕ دەمەوێ ئاماژە بۆ بۆچوونەکانی خۆم بکەم لەبارەی وەرگێڕانی ڕۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)ی نووسەری مەغریبی (محەمەد شوکری)یەوە، کە برای نووسەر و شاعیرم بورهان ئەحمەد وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بورهان ئەحمەد پتر لە دەیەیەکە شوێن دەستی دیارە لەنێو نووسەرانی کورددا، خاوەنی چەندین کۆمەڵە شیعر و نووسینی بەپێزە لە بواری ئەدەبیدا، بەرهەمەکانی پڕن لە شێواز و ستایلی پڕ لە تازەگەری لە جیهانی نووسینی ئەمڕۆدا.

نووسەری ڕۆمانی بازاڕی ناوخۆیی یەکێکە لەو نووسەرە مەغریبییە عەرەبانە، کە بەڕەگەز بۆ خانەوادەیەکی (ئەمازیغی) دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە و ژیانی منداڵی و هەرزەکاریی بەکوێرەوەری تێ پەڕاندووە و لە بۆیەکردنی پێڵاوەوە هەتا دەگاتە کارکردن وەک بۆیەک لە میوانخانە و چێشتخانە و قاوەخانەکاندا. بەگەورەیی فێری خوێندن و نووسین بووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتووە. دواجاریش پاش ساڵێک لە چاکبوونەوەی خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە. لە ١٧ی کانوونی دووەمدا و لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە. خاوەن سێ ڕۆمانە لەوانە (نانی ڕووت و زەمەنی هەڵەکان و بازاڕی ناوخۆیی) لەگەڵ چەندین چیرۆک و شانۆنامەدا.

لێرەدا نامەوێ لەمە زیاتر لە ناونیشانی بابەتەکەم دوور کەومەوە. دەمەوێ ئاماژە بۆ ئاستی هونەریی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بکەم، کە لەلایەن برای وەرگێڕیشم بورهان ئەحمەد وەرگێڕدراوە. ڕاستییەک و هەقیقەتێک هەیە لە بواری ئەدەبیدا ئەویش ئەوەیە کە وەرگێڕانی ئەدەبی بەپلەی دووەم دێت، پاش شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و پەخشان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. لەبەرئەوەی

ئەو بابەتەی وەرگێڕ وەری دەگێڕێ زادەی مێشکی یەکێکی ترە، جا لەبەر ئەوە پلەی داهێنانی ئەو کارە قورسە کە وەرگێڕانە دابەش دەکرێ لە نێوان وەرگێڕ و خاوەن دەقە ئەسڵییەکەدا، لەم نووسینە کورتەدا لەبارەی وەرگێڕانی ڕۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)یەوە کە بریتییە لە ١٨ بەش هەرچەندێکیش بەشە عەرەبییەکەم لە بەردەستدا نییە، بەڵام لە سیاقی خوێندنەوەی دەقە وەرگێڕدراوە کە بۆ زمانی کوردی، کۆمەڵێ بۆچوونم بەلاوە گەلاڵە بووە و دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم. لە بەشی یەکەم لە لاپەڕە ١٩دا پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئاماژە بۆ قەرەباڵغییەک دەکا، لەنێو یەکێ لە شەقامەکانی شاردا، لە کاتی ڕۆیشتندا خەڵکانێکی زۆر سەرقاڵی پاڵ پێوەنانی یەکتر بوون. هەرچۆنێک بێت ئەو جێگەی خۆی دەکاتەوە. دواجاریش دەبینێ کۆمەڵێک منداڵی لاسار بە پێلەقە بەربوونەتە لمۆز و قەپۆزی گەماڵێک. لە چمکێکی تری هەمان بەشدا وەرگێڕ بەشێوەیەکی سەردی و پڕ لە ئیستاتیک پەرەگرافێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی دایک.

لێرەدا تەماشای زمان و شێواز و ستایلی وەرگێڕانەکە کە دەڵێت: "گەنجەکە بە نەرمونیانی دەستەکانی بەسەرشانی کچە هاوڕێکەیدا شۆڕ کردەوە. لە کەمەری کچەکەدا چێژگەیێنانە ڕای گرت. بۆ سەرنج ڕاکێشانی بەلای خۆیدا پەنجەکانی کۆ کردنەوە و خاویانی کردەوە و سەرلەنوێ بە هێورییەکی چێژگەیێن هێدی هێدی دەستەکانی بەرز کردنەوە. لەگەڵیدا قامکەکانی کۆ کردنەوە و خاوی کردنەوە. تا خشاندییە بن مەمکە قەڵەوەکانی. لەسەرخۆ دەستەکانی شۆڕ کردنەوە لاسارانە و چێژگەیێنانە بەخۆیەوەی گووشی".

لە وەرگێڕانی ئەم پەرەگرافەدا چەند وشە و ڕستەی تێهەڵکێشراوی سێکسئامێز بەدی دەکرێ. دەبێ ئەوەش بوترێ نووسەر لە وەرگێڕانەکەیدا بەهیچ شێوەیەک دەستی خۆی نەترساندووە، بوێرانە و بە جورئەت و بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە ئیستاتیک ئەو پەرەگرافە سێکسییە پڕ لە چێژ و شەهوەتەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هەر لەم بەشەدا و لە چمکێکی تری وەرگێڕانەکەدا هەرچەندێ وشەکان و ڕستەکانی نووسەری ڕۆمانەکە بە زمانی خۆی بەشێوەیەکی جوان وەسفی دیمەنەکان دەکات، بەڵام دەبینین وەرگێڕ بەچ شێوەیەکی وەستایانە و بە چ زمانێکی جوان و شاعیرانە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی خۆی و دەڵێ: "هێڵێکی خوێن لە قەپۆزی سەگە پیرەکەوە دەڕۆیشت، چاوەکانی کز و فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوار. هێڵە خوێنەکە وشک و وشکتر دەبێتەوە و نامێنێ و پاشان هێڵێکی تر بە لمۆزیا بەهێواشی شۆڕ دەبێتەوە. وێنەی تۆڕێکی خوێناویی تۆخی پێک هێنا ".

لە ڕاستیدا زۆر بەجوانی وەسفی ڕوومەتی سەگە بریندارەکەی کردووە، گەر بێتو بەشێوەیەکی لۆجیکانە و خەیاڵبازی لەم چەند کورتە ڕستەیە ورد بینەوە. وەک سەرەتای پەخشانێکی پڕ لە ڕەوانبێژی دێنە بەرچاو. نەوەک تێهەڵکێشانی چەند رستەیەکی ئاسایی، وردەکاریی ئاوهاش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی وەرگێڕ. لە بەشی دووەمدا و لە لاپەڕە ٤٨دا ڕۆماننووس پاڵەوانەکەی

دەدوێنێ. پاڵەوانەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشەر وەسفی کچە بۆیەکەی میوانخانەکە دەکا، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان شێوازی وەرگێڕانەکەی وەرگێڕە. بە چ هەستێکی شاعیرانە بە لووتکەی کاری وەرگێڕاندا هەڵدەزنێ.

(دەم و ڕووخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەی پەمەیی وەرگەڕا. دادپەروەرانە و بە حورمەتەوە وازی لە نیگارکردن هێنا. ڕەنگی پێستی سپییە و گەندەمووی زۆر بە قۆڵ و باسکییەوە بەدی دەکرا. دەستەکانی پەمەیی و دەبریقانەوە. لەوانەیە شتێکی بە ئاوی گەرم ششتبێ. وەختێک پشتی هەڵکرد ڕۆیشتنێکی سەیری هەبوو. لابەلا ڕۆیشت پاشووی خۆی بە سینییەکەی دەستی شاردەوە). تەماشای شێوازی وەرگێڕان و زمانی ئەم چەند رستەیە بکە جارێکی تر مۆرکی زمانی شیعری بەدی دەکرێ، بەڵام لە بواری زمانەوانی و ڕێزماندا رستەی (دەستەکانی پەمەیی و دەبریقانەوە). دەبوو بەم شێوەیە دارێژرایە جوانتر بوو ( دەستە پەمەییەکانی دەبریقانەوە)، هەرچەندێکیش هەردوو رستەکە هەمان مانا دەدا.

وەرگێڕان چەندین جۆری هەیە وەکو: وەرگێڕانی دەقاودەق. وەرگێڕانی ئازاد. وەرگێڕانی ورد و ڕەوان. وەرگێڕانی دەق بەشێوەی شیعر و پەخشان. وەرگێڕانی زارەکی. لەنێو شێوەکانی وەرگێڕاندا وەرگێڕانی دەقاودەق کارێکی زۆر قورس و پڕ لە ماندووبوونە، زۆرجار وەرگێڕەکەی تووشی شۆک و گومان و هەرەسهێنان دەکا. جاری واش هەیە بەکارهێنانی فەرهەنگیش وەرگێڕەکەی ڕزگار ناکا. دووریش نییە لە ئەنجامدا وەرگێڕانەکەی بە سواوی و ئیفلیج لەدایک بێ. بەشێک لەوانەی کە لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانیدا کار دەکەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە وەرگێڕانی دەقاودەق گەرچی مانایەکی مەفهوم بەلای خوێنەرەوە بەجێ دێڵێ، بەڵام زۆرجار لەنگی لە داڕشتنی رستەکاندا بەدی دەکرێ، واتە وەرگێڕانی وشە بەوشە لەسەر هیچ مەنهەج و میتۆد و پرەنسیپێک خۆی ڕاناگرێ.

تەماشای ئەم وەرگێڕانە بکە لە بەشی هەشتەم لە لاپەڕە ١٠٧دا (ئەوەتا من لە شاری تەنجەم بە منداڵی لەگەڵ باوک و دایکمدا سەردانیمان کردووە، سەرلەبەیانی سەردانی کەنار دەریا دەکەین، لەوێدا بەردەوام ئاهەنگی خۆر و دەریا هەیە، سەرلەئێوارە بۆ شارۆکەکە سەردەکەوتین تاکو چای سەوز بخۆینەوە، بەدەم عود لێدانەوە گۆرانی لە قاوەخانەیەکی میللیدا بچڕین).

لێرەدا چونکە دەقە عەرەبییەکەم لە بەردەستدا نییە، ناتوانم حوکمێکی موتڵەق بدەم لە بۆچوونەکەمدا، بەڵام وا بۆی دەچم وەرگێڕانی دەقەکە لەسەر شێوازی وشە بەوشە و دەقاودەقدایە، ناوەڕۆکی وەرگێڕانەکە بەشێوەیەکی مەفهوم بەلای خوێنەرەوە هەزم و گەڵاڵە و بەرجەستە نابێ، دووریش نییە چەندان وەرگێڕی تر بە شێوەیەکی جیاواز ئەو پەرەگرافە وەربگێڕێ.

لێرەدا وەک نووسەرێک و وەرگێڕێک و نەچێتە قاڵبی دەستێوەردانی وەرگێڕانی برای بەڕێزی

وەرگێـرم، دەمـەوێ هـەمـان پەرەگـراف بەبۆچوونی خـۆم وەرگـێـرمـە سـەر زمـانی دایک بەم شـێـوەیە (بـە منداڵی لەگەڵ باوک و دایکـمـدا سـەردانی تەنجـەمـان کـردووە، سـەرلەبـەیانیـیـان سـەردانی کـەناری دەریاکـەیمان دەکـرد، لەوێدا بەردەوام ئاهەنگی خۆر و دەریا سـاز دەکرا. سـەرلەئێـواران بەرەو شـارۆکەکە سـەردەکەوتین، بۆ ئەوەی چای سـەوز بخۆینەوە، بەدەم عود لێدانیشـەوە لە قاوەخانە میللییەکەیدا گۆرانی بچڕین).

گـەر بێـتـو بەراوردێکی هـەردوو وەرگـێڕانەکە بکەین، لە ناوەڕۆک و مـانادا یەک ئامـانج دەپێکن، هـەرچەندێک گـۆڕانکاری لـە شـوێن و جـێگەی وشـەکـاندا بەدی دەکـرێ، ئەویش دەگـەڕێتـەوە بۆ قەناعەتی وەرگێڕ و مەنهەج و میتۆدی ڕێزمان لە کاتی داڕشتنی ڕستەدا.

لە رۆمـانـی (بازاڕی ناوخـۆیی)دا کـارەکـتـەرگـەلێکی زۆر بەشـداریـیـان کـردووە لـە بنیـاتنـانی رۆمـانـەکـەدا چ بەڕۆڵی سـەرەکی و چ بە ڕۆڵی لاوەکی. لە چـەند چمک و بەشـێکی رۆمـانـەکـەدا. رۆمـاننووس بەشـێـوەیەکی سـەرنجـڕاکـێشـەر کـارەکـتـەرەکـانی دەدوێنێ. لێـرەدا مـەبەسـتـمـان وەرگێڕانی سەر زمانی دووەمە، تەماشا بکە بە چ زمـانێکی پاراو و بێگەرد لە بەشی (٩) لە لاپەڕە (١٢٢)دا بە دیالۆگێکی سەرنجڕاکێشەر دەست پێ دەکا:

- چی رووی داوە...؟

- نەتبینی چی رووی داوە..؟

- نەء، چی رووی داوە..؟

پیاوە رووتەکەت نەبینی..؟

- بەڵێ بینیم.

- ئەوە رووی دا تەنیا دارێکی هەڵگرتبوو.

- بەو دارە لە کەسی دا..؟

- نەخێر، تەنیا ئاماژەی بۆ هەوا پێ دەکرد.

لە مەرجەکانی داڕشتنی رۆمانیشدا، بەکارهێنانی دیالۆگ هەروەکو مەرجەکانی شوێن و کات و گرێچن وەسف و زمـانەوانی و ناوەڕۆک وایە. وەرگێڕ لە هـەر هەژدە بەشی رۆمـانەکەدا. سـەرجـەم وشـە و رسـتـە و پەرەگرافەکانی بەجـەمسـەرێکی تۆکمـە و پتەو گرێ داوە. گرێدانی وشـە و رسـتـەش جوانییەکی بێ هاوتا دەداتە نووسین چ لە بواری نووسینی دەقدا بێ یا لە بواری وەرگێڕاندا.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە برای وەرگێرم دەکەم بۆ وەرگێڕانی رۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)، کە رۆمـانێکە گوزارشت دەکا لە حاڵەتی سێکس و جیـهـانی پڕ لە یاخیبوونی ئافرەت و مـەینۆشی لە نێوان مەیخانە و بارەکاندا.

باس

شێرکۆ شەریف

# پرسی شۆڕش
# لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا
# لە ڕۆمانی سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێکدا




بۆ ئەوەی ژیان بە جوانی ببینین ئاسۆی ڕوانینمان بۆ دنیا گەورەتر بکەین ئەوا دەبێت ئەدەب بە بەشێکی زیندوو لە بوونی خۆمان بزانین و لە سێبەریدا پرسیار لە مانا قووڵەکانی مرۆڤبوونمان بکەین. هیچ ئەدەبێک نییە بەسروشتی خۆی دەرهاویشتەی هەست و سۆز و ویژدان و تێڕامان و هزر و بیرکردنەوە نەبێت. هیچ ئەدەبێک نییە بێ بوونی خەیاڵ وفەنتازیا و گەمەی زمان بۆ دوورترین مەودای خۆی دەستی مرۆڤ بگرێت لە گەڕان بەدوای پارچە ونبوو و نەبینراوەکانی خۆیدا. چونکە ئەدەب قەڵایەکی قایمە بۆ ئاسوودەگیبوونمان پرسێکی گرنگی ئینسانییە بۆ جیهانی ناوەکی و مۆراڵی ڕۆژانەمان.

لەم سۆنگەیەوە زمانی ئەدەب زمانی گێڕانەوەی هەقیقەت و جوانییە لە سنووری مانا

و دەلالەت و هێماکاندا. زمانی بەرجەستەکردنی بەشێکی لەبیرکراو و فەرامۆشکراوی مێژووە لەنێو ڕووداوە سەخت و زەمەنە شوومەکاندا. واتا ئەدەب میتۆد و کەرەسەیەکی تری هەیە لە خوێندنەوەی مێژوو و کارکردن لەنێو هەقیقەتە مێژووییەکان بەئاراستەیەکی ئینسانی و ویژدانی، ئەدەب روحێکی سەرکێشە و پەیامی بۆ ئەو کەسانەیە کە یاخی دەبن و نایانەوێت ڕاگوزەر بەلای هیچ شتێکدا لەم دنیایە تێ پەڕن، بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە تاسەی عیشق و خۆشەویستیی مەست و بێ هۆشی کردوون، بەڵێ ئەدەب بەیداغی ئاشتی و لێبووردەیی بەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم دنیایە هەڵدەکا لە پێناو گەیشتن بە ترۆپکی جوانی و داهێنان. شەڕی گەورە لە دژی هەر جۆرە توندوتیژی و فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەیەک بەرپا دەکات. دواجار هیچ ئەدەبێک نییە لە دەرەوەی دید و گوتارێکی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانە گەشە بکا و زەوینە بۆ ئەفراندن خۆش بکات.

ڕەنگە بتوانیت ئەوەش بڵێیت لە پشتی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازە و دانسقەوە زیاد لە بۆچوون و پرس و حیکایەت و پرسیارێکی وجوودی ئامادەیە لەنێو گێڕانەوە و تەونە ئاڵۆزەکانی گێڕانەوەدا. لێرەوە بەبۆچوونی من ڕۆمان لەم نێوەندەدا پشکی شێری بەردەکەوێت، بەوەی بە یەکێک لەو ژانرە بێ وێنانە ئەژمار دەکرێ کە قودرەتی ئەوەی هەیە چێژی ئەدەبی بەرز کاتەوە بۆ ئاستی باڵا.

روحی مرۆڤ ئاڵوودە بکات بەسەفەر و ڕۆیشتن بەرەو نادیار، واتا ڕۆمان لە گەشتێکی هێمن و گونجاودا زۆر وێنە و نیگای سادە و ئاڵۆز لە بووندا دەخاتە بەر دیدەمان و دەمانگێڕێتەوە بۆ یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی خەون و خولیاکان لەو میراتە بەنرخ و پڕ بەهایانەی مرۆڤایەتی بێبەشمان ناکات. تا ئەو شوێنەی کە پیرۆزی ڕابردوو حیکایەتەکانی لە ویژدانماندا زیندوو دەبێتەوە تا ئێرە بەسە گەر بمانەوێت لە ڕێگەی ئەم پێشەکییەوە ڕۆمانی (سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێک) بەسەر بکەینەوە ئەم ڕۆمانە لەبەراییدا دەشێت پێمان بڵێت ژیان پڕە لە حیکایەت و سەرگوزشتە و خەونی گەورە و ئازاری ئەو مرۆڤە ماندووانەی کە قەدەر خستوویانییەتە دەرەوەی هەر جۆرە خۆشبەختی و ئاسوودەیییەک لە ژیان و مانەوە لە ژیاندا. ئەمانە مرۆڤگەلێکن سەراپا ژیانیان نقومە لە هەژاری و بێدەرەتانی، بە شێوەیەکی خراپ دەکەونە بەر زەبری ڕۆژگارێکی ناهەموارەوە، تا ئەو شوێنەی بیرەوەری و



حیکایەتەکانیان وردوخاش دەبن. ئەم رۆمانە حیکایەتی گەڕەکێکی هەژارنشین دەگێڕێتەوە لەنێو شارێکی غەمگین و برینداردا. شارێک دەبێتە سەرزەوینی گەمەی دزێو و ناشیرین لەسەر روحی مرۆڤە تێکشکاوەکان لەسەر ئەوانەی کە قەدەر بەرەو رێگەی هات و نەهات پەلکێشی کردوون، لێرەوە ئەم رۆمانە بەبۆچوونی من شوێنی گەورەکردنەوەی وێنەی قوربانییە لەنێو تراجیدیای زەمەندا. شوێنی بەفەنتازیکردنی قارەمانە دۆڕاوەکانە لەنێو فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەدا.

بۆیە دەبینین کارەکتەرەکانی نێو ئەم رۆمانە لە پەڕاویزی ئەو ململانێیە سەخت و ئازارە زۆرەی کە شۆڕش و دۆخی دوای شۆڕش بۆی دروست کردوون هەردەم لە خەیاڵ و زیهنی خۆیاندا ئەو پرسیارە ناکۆک و دژبەیەکانە دووبارە دەکەنەوە کە دەبێتە هۆی لەبەینبردنی خەونە چاوەڕوانێکانیان. بەواتایەکی تر لەودیو هەر هەقیقەتیکی تاڵ و خیانەتێکی مێژووییەوە ئەو کارەکتەرانە ئامادەن کە دەکەونە پەڕاوێزترین شوێنی ژیانەوە لەم دیدەگایەوە گەر وردتر رۆمانەکە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کارەکتەرەکانی هەڵگری هیچ شوناسێکی روحی و مەعنەوی نین لە پێوەند بەشۆڕش و مانا قووڵەکانی شۆڕشەوە واتا هێز و باوەڕی ئەوان بەتوانەوە لە بۆتەی شۆڕشدا هیچ نییە جگە لە تێکشکاندنی شکۆ و غروور و مۆرالی شۆڕشگێڕییان.

دواجار شۆڕش لە بنیاتی فیکری ئایدۆلۆجی خۆیدا مانا و دەلالەتەکانی دەگۆڕێت و بنەمای یاسا و رێسایەکی نادادپەروەر و ستەمگەر لە هەناوی کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پیادە دەکات. لێرەوە ئەوەی بیەوێت لە مانا قووڵەکانی شۆڕش بگات دوو رێگەی لە بەردەمدایە. یان ئەوەتا بچێتە نێو خەڵوەتی مێژووەوە و یاخۆ لە نێوان هۆشیاری و نەزانیدا لە بەدبەختییەکی ئەبەدیدا بژی، چونکە شۆڕش پێوەری بیرکردنەوەی ئازاد لە ئێستادا بۆی سەلماندین ناتوانێت زەوینەیەکی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانە بهێنیتە ئاراوە رۆح بەبەری مانەوە و بوونماندا بکات. هێندەی بوو بە ململانێیەکی ناشەرعی بۆ خزمەتکردنی بەشێکی بچووک لەسەر حیسابی بەشێکی گەورە هێندەی پەیام و ئامانجەکەی کورت کردەوە بۆ دروشم نیو هێندە نەیتوانی داوەرێکی راستەقینە بێت بۆ ماف و ئازادییە گشتییەکان.

واتا لە قووڵاییی هەر شوڕشێکدا ئەو سیاسەتە دووفاقییە ئامادەیە کە درۆ بەڕاست و ڕاست بەدرۆ دەفرۆشێتەوە، شۆڕش تێکەڵەیەکی سەیر بوو لە عەقڵی کۆن و عەقڵی تازە لە مرۆڤی راستگۆ لە هی درۆزن. لە خائین و نیشتمانپەروەر، بەکورتی شۆڕش پڕە لەو نهێنییانەی کە مێژوو لەبن هەنگڵیدا هەڵی گرتوون لە لاپەڕە و داستانەکانی ئەرشیڤ کردوون. (بڕوانە لاپەڕە ٤٧) حیکایەتخوانی ئەم رۆمانە دەڵێت "شەیتانەکان کێن ئەوانەن کە لە منداڵدانی شۆڕشەکانەوە لەدایک دەبن". یاخۆ لە لاپەڕەی (٩٨)دا هاتووە "شۆڕش و بەشێک لە جەنگاوەرەکانیشیان بچووککراوەی ئازارە گەورەکان و جارێکی تر لە بەرگی تردا لێرە لەناوماندا نادادپەروەری بەرهەم دێنێت".

لێرە ئەم رۆمانە لە رێگەی هەریەک لە کارەکتەرەکانی عەبەی نەوت و دایکە مینای هاوسەری و ئاواتی کوڕیان و محێدین و کۆمەڵێک کارەکتەری تری دەوێت پێمان بڵێن ئەو مرۆڤانەی گەر لە دۆخی شۆڕش و دوای شۆڕشدا ویستیان ئازار و نەهامەتێکانیان بەش بکەن. خەونی جوان بە ئازادی و یەکسانییەوە ببینن، کەوتنە نێو بۆسەی ژیانێکی سەخت و نالەبارەوە ئەم مرۆڤانە فێڵێکی گەورە لە خۆیان دەکەن لە هاوکێشەی شۆڕش و شۆڕشگێریدا شۆڕش و پیرۆزییەکانی شۆڕش بۆ ساتێکیش ناتوانێت ئەمانە بخاتە نێو جووڵە و ئینتیما و سروشتی ژیانەوە ناتوانێت لەسەر خوانی میراتی شۆڕشگێرانە کۆیان بکاتەوە.

هێندەی دەیەوێت نائومێدی لە ناخیاندا گەورە و گەورەتر بکات بڕوانە ئاوات بە هاوڕێکەی دەڵێت لە لاپەڕە (٦٥) "بۆ ئەوە دروست بووین تا درۆمان لەگەڵدا بکرێت" هێندەی دەیانەوێت مێژووی شۆڕش دابماڵن لە فەرهەنگ و رۆحی شۆڕشگێرانە، بۆیە دەبینن لە مێژووی ئێمەدا ئەم جۆرە شۆڕشانە شکستی روحی و مەعنەویی گەورە بەسەر کۆمەڵگە و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەهێنن دواتر خەون و مۆژدە و دروشمەکانیان کورت دەبێتەوە بۆ درۆیەکی گەورە و ناکۆک بەواقیعی بابەتی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی.

لێرەوە ساتێکی چارەنووسساز دێتە پێشەوە. شۆڕش ناتوانێ جگە لە گوتارێکی ناعەقڵانی هیچی تر بەرهەم بێنێت. ساتێک وای لێ دەکات هەموو ئەو مێژووە جوانە جێ دەهێڵێت کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد. لەم خاڵەوە دەشێ بگەڕێینەوە بۆ خودی رۆمانەکە ئەو کارەکتەرانە ببینین کە شۆڕش لە پانتاییی ئەم تێکستەدا دەیانکات بەپاڵەوانی دۆڕاو و فەرامۆشکراو، ئینجا کارەکتەری ئاوات یەکێک لەو کارەکتەرانەی بەچڕی دەوری دەدات لە ئێستادا هەستێکی قووڵی نامۆبوون دەژی و تراجیدیای شەڕوانێکی رابردووپاک بەهەموو رەهەندەکانیەوە دووبارە دەکاتەوە. شەڕوانێک لە پێناو باشترکردنی ژیاندا دەجەنگا نەک لە ئێستادا خۆی لە ناهەموارترین گوزەراندا ژیان بەسەر ببات بەداخەوە ئەم کارەکتەرە ناتوانێت هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان رابردوو و ئێستادا بدۆزێتەوە.



ئەو لە دووڕیانێکی سەختدایە لە گەران بەدوای نرخە رەمزییەکانی خۆیدا ناتوانێت خۆی لە شۆڕش و رووداوەکانی جیا بکاتەوە و هێزی ئەوەشی نییە شەڕ لەگەڵ زەمەن پێدراوەکانی

ئێستادا بکات. ئەو هەموو گەمەکانی لەسەر سفرەیەک دەکات کە پێی دەڵێن سفرەی سەر کاغەز سفرەی ئەو مرۆڤە بەش مەینەتانەی کە شۆڕش و ڕووداوەکانی بوونە بەشێک لە بوونیان لە ناکۆکیی رابردوو تەمەنە پڕ لە نهێنی و تەلیسمەکانیان. لێرەوە سفرەی کاغەز سفرەی ئەو کارەکتەرە غەمگینانەیە کە هەریەکەیان هەلگری دەیان حیکایەتی تراجیدین لە گێڕانەوەی حیکایەتەکانیش ئێمە هەست بەگوناهێکی گەورە دەکەین دەرهەق بەژیان و مانەوەیان. هەست بەوە دەکەین کە چیی تر ناتوانین لەگەڵ روح و ویژدانی خۆماندا درۆ بکەین . ئەفسوس ئەوان شۆڕشیان بۆ ئازادیی مرۆڤ و سەرفرازیی خاک و نیشتمان کرد. بۆ ئەوە تێ دەکۆشان کە لە دوارۆژدا بچن بەگژ هەموو ناعەدالەتی و ستەمکارییەک. ئەوان ویستیان بەهای شۆڕش یەکسان بێت بەبەهای شۆڕشگێری.

واتا شۆڕش لە هەناوی خۆیدا شۆڕشگێر پەروەردە بکات گەشە بەکولتووری بەخشندەیی و بەرخودان و لێبووردەیی بەتەنگەوەهاتن بدات. نەک بەپێچەوانەوە ببێت بەبکوژی هەموو فەنتازییەکی ئینسانی و روحێکی شۆڕشگێری وەک ئەوەی لەم رۆمانەدا جێگەی سەرنجە. رەنگە خستنە رووی ئەو هۆکار و بەرەنجامانەی کە لە پشت شێواندن و ناشیرینکردنی مێژوو و هەقیقەتی شۆڕشەوەن خۆی یەکێک بێت لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم رۆمانە.

ئینجا پرسیاری جەوهەری ئەوەیە بۆچی شۆڕش لە دوای سەرکەوتنەوە ڕووبەرێکی نییە بۆ پراکتیزەکردنی بەرنامەو پرۆگرامەکانی بۆچی ناتوانێت شوناسێک بدات بە بەهەقیقەتبوونی خۆی و پڕۆژەکانی. لە راستیدا شۆڕش وەک لەم رۆمانەدا تەوزیف کراوە هیچ نییە جگە لەو دەردە کوشندەیی کە نەوەیەک لە دوای خۆیەوە لە ژیان نائومێد دەکات و گەمەیەکی ترسناکیش بە روحی قوربانییەکانیەوە دەکات. واتا شۆڕش عەقلانییانە مامەڵە لەگەڵ پرسە مرۆییەکان ناکات. وە هیچ مانایەک بۆ بەرپرسیارێتیی ئینسانی وئەخلاقی ناهێڵێتەوە.

ئەوەی دەمەوێ بۆی بگەڕێمەوە ئەوەیە دەرهاویشتەی ئەم تێکچوونە بەلارێچوونەی شۆڕش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر رەوتی رووداوەکان و دۆخی دەروونی کارەکتەرەکان و جۆری بیرکردنەوە و بنیاتی گێڕانەوەش لەم رۆمانەدا. دەشێ بڵێین هونەری گێڕانەوە دەچێتە ئاستێکی تر لە رۆچوون بەنێو هەست و ویژدان و بیرەوەریی کارەکتەرەکاندا. بۆ نموونە دایکە مینا، دایکی ئاوات یەکێکە لەو کارەکتەرانەی ژیانی پڕە لە نوشوستی و بیرەوەری تاڵ لە ناخۆشی و بەسەرهاتی رۆژگاریکی پر لە دەردەسەری. هەستی ئەم کارەکتەرە هەستێکی غەمگینە بەرامبەر بە نغرۆبوونی شارێک لە بێدادی لەو هەموو نەگبەتییەی بەربینی گەڕەکە هەژارنشینەکانی گرتووەتەوە.

حیکایەتخوان لەبەر رۆشنایی تێکچوونی زەمەنی شۆڕشدا ئاکامە خراپەکانی شۆڕش

بەجوانترین شێوە لە دڵی کارەکتەرەکان و گەنجە نائومێدەکانی ئەو شارە دەخاتە روو ئەو گەنجانەی جگە لە سەرگەردانی و هەڵهاتن لە نیشتمان لەسێبەری شۆڕشدا هیچیان بۆ نەمایەوە. شۆڕش لە پەنای پیرۆزی و شانازییەکانیدا ئەم گەنجانەی سپارد بە حیکایەتی مەرگ. بەڕاستی کارەساتە شۆڕش وەک لەم رۆمانەدا هاتووە بەم حاڵە بگا.

دژایەتیی خۆی بۆ هەموو بەهایەکی مرۆڤدۆستی و شۆڕشگێڕی راستەقینە رابگەیەنێت خزمەت لەو ژێرخانە کولتوورییە مەرگدۆستییە بکا کە لە نێویدا وێنەی قوربانی گەورەتر دەبێت و خەونی گەیشتن بەدنیایەکی جوانتر و ئینسانیتر دەکوژێت واتە شۆڕش دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی ئازاری گەورە و جەلادی دڵرەق.

دەبێتە بەرجەستەکەری ئاستێکی خراپ لە نابەرپرسیارێتیی مۆدیلێکی خراپ لە حوکمڕانی. بەکورتی شۆڕش لە ئێستادا دۆخێکی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ئاراوە کە کارەکتەرەکان نەتوانن هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ داهاتوو ببینن و هیچ مانایەکیش بەرابردوو سەروەرییەکانی ببەخشێت. واتا شۆڕش بەئاراستەیەکی زۆر دژواری مێژووییدا تێ دەپەڕێت و لە بەردەم کێشە و گرفت و تەحەدا گەورەکاندا بەچۆکدا دێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تەنگژەی قووڵ لە ژیانی ئینسانەکاندا. ئەوەی ماوەتەوە بڵێین سەبارت بەم رۆمانە بوونی ئەو ئاستە قووڵە تراژیدی و زەمەنە تراجیدییە لە ژیانی کارەکتەرەکاندا.

حیکایەتخوان ئەوەندە لەنێو ئەو زەمەنە دەمێنێتەوە بەئەندازەیەک هیچ بەش و رووداوێکی نێو ئەم رۆمانە نییە درێژکراوەی بەش و رووداوەکانی تر نەبێت هیچ روخسارێکیش نییە گوزارش نەبێت لە کۆی روخسارەکانی تر. واتا ئەم رۆمانە بە هەناسەیەکی رەشبینانەی درێژەوە پێوەندیی گێڕانەوە دەبەستێتەوە بەشوناسی کاراکتەرەوە، وە پێوەندیی حیکایەتخوانیش بە رەگەزەکانی چیرۆکەوە هەر ئەمەش وای لێ دەکات و وزەیەکی ناوەکیی بەهێز ئاراستەی بکات لە گەمەکردن بە وشە و شیعریەتی زمانەوە.



وێنەگرتنی دیمەنەکانی واقیع لەژێر کاریگەری خەیاڵ و فەنتازیادا، رەهەندێکە لە رەهەندە ئیستاتیکەکانی ئەم رۆمانە و کۆی ئەو تێڕوانین و دنیابینییەی کە نووسەر لە رەوتی ژیانی ئاسایی و ئەزموونی تاکەکەسیدا بەدەستی هێناون.

وتار

د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم

# گرووپی دووی کەرکووک

وەرگێڕانی: بورهان ئەحمەد

## بەشی دووەم

گرووپی دووی کەرکووک بوونە مایەی سەرهەڵدانی چەشەی ئەدەبی لە مندا، لەوەی پەیوەندی بەوانەوە بکەم من لەژێر کاریگەری شیعرە رۆمانسییە سەرەتاییەکانی شاعیرانی بەرگریی فەلەستینیدا بووم، سەرەتا بە شیعری سادە و ساکار دەورووژام، هەندێ بیرەوەریی نهێنیم لەسەر شێوەی قەسیدەی تەفعیلە نووسی، گەلێک دەفتەرم بەو شیعرانە پڕ کردەوە، زمانێکی لاوازم هەبوو، لە وشە و زاراوەدا هەژار بووم، هەڵەی زۆرم دەکرد، چۆنێتیی خوێندنەوەی شیعرم نەدەزانی، لە بەکارهێنانی وشەدا شارەزا نەبووم، لە مندا ناتەواوییەکی زۆر هەبوو بەرامبەر بە شیعری تازە، لەگەڵ ئەمەشدا وەکو زۆرێکی تر رۆچووومە نێو شیعرەوە، تەنانەت دوای (١٠) ساڵ لە نووسینی ئەو جۆرە شیعرانە ئینجا شارەزاییم دەربارەی کێش و سەرواوە پەیدا کرد، گەلێک دیوانە شیعرم خوێندەوە، شیعری لیریکی سادە سەرنجمی بۆ لای خۆی راکێشا، چۆن ئەو شیعرانە هەست ورووژێن بوون.

جانتاکەی قوتابخانەم پڕ بووبوو لە نامیلکە شیعری بچووک، لەماڵەوە، لە قوتابخانە، لەناو پاسەکان، لە چاخانەکاندا دەمخوێندەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو بیر و بۆچوونێک بەرامبەر بەو یاداشتنامانەی دەمنووسین کە بەلای منەوە باشترین شیعر بوون و لە وێنەیان کەمە دروست بکەم، پاش ئەوەی کە زانیم ئەوانەی من نووسیومن شیعر نین، هەرگیزیش ناچنە خانەی شیعرەوە، بۆیە هەستم کرد ئارەزوویەک هەیە، من لە شیعر دوور دەخاتەوە، لێ هێشتاکە من وەکو شاعیرێکی

تازە هەڵچوو لەنێو شاعیرانی کەرکووکدا دەناسرام، راستتریش ئەوە بوو کە من لە هەموویان خراپتر بووم ئیدی درەنگ هەستمان بەبێ بەهرەیی خۆمان کرد لە دنیای شیعردا بەیانەکاندا دەسووڕاینەوە، لە بۆنە قوتابخانەییەکاندا ئامادەییمان هەبوو، بۆ ئاهەنگە رۆشنبیرییەکان بانگهێشتن دەکراین و، خەڵاتمان دەبردەوە، رۆژگار تێپەڕی کەسمان نەمانتوانی بیسەلمێنین کە شاعیرین.

لە هاوینی ٢٠٠٣ ئارەزوویەک پاڵنەرم بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئەو رۆژگارانە، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەماندا کە لە کێڵگەیەکدایە و دەکەوێتە رۆژئاوای کەرکووکەوە، کتێبخانەکەم لەوێدا پشکنی، دەفتەرێکم دۆزییەوە کە قەوارەیەکی ئەستوور و بەرگێکی شینی هەبوو، بۆ ماوەیەکی باشی سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو شیعرە سەرەتاییانە بووم کە خۆیان، لە نزیکەی پەنجا قەسیدەیەک دەدا و لە ساڵەکانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ نووسیبوومن، لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە بۆم دەرکەوت کە بەهرە و هۆشمەندیی کەمی من لە چوارچێوەی بیرەوەری پەخشانئامێزدا بووە و هیچ پێوەندییەکی بەشیعرەوە نەبووە، بگرە بارگرانیش بووە بەسەر شیعرەوە.


سەرگۆن پۆلس

خوێندنەوەکانی من بۆ شیعر هیچ شارەزایی و ناسینێکیان لەبارەی شیعر بە من نەبەخشی، هەر بۆیە هەموو ئەو کاریگەرییانەی بەگوێرەی منەوە بایەخدار بوون بریتی بوون لە وێنە شیعرییە سەرسوورهێنەرەکان، پاشان بە گەیشتنم بە قۆناغی دواناوەندی و تێکەڵبوونم بەو گرووپە تازەیە ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعری وەرگێڕاودا پەیدا کرد، ئیدی کەوتمە ژێر کاریگەری شیعری رۆمانسی ئینگلیزی وەک بایروون، شیللی، ورد زورس (هەر بۆیە لە هاوینی ٢٠٠٦دا دوای بیرەوەرییەکانم کەوتم و لە ناوچەی دەریاچەکاندا، لە باکوری رۆژئاوای بەریتانیادا، کە بزاوی رۆمانیس هەر لێرەدا سەری هەڵدابوو سەردانی ماڵی ورد زورسم کرد، کە ئەمە بەشێک بوو لە خەونی منداڵیم) لەوێدا وەک کەسێک -تا-ی لێ هاتبێ هەستێکی گەرم دای گرتم، من ئەو کاتە هەرزەکارێکی غەمبار و ئازارکێش بووم، جیهانم گەورە و گرینگ دەبینی چونکە منی تێدا بووم سەرسام بووم، بە دەست بردنی بۆ شتە حەرامکراوەکان و یاخی بوون و بەر لەوەی ئەزموونی رۆمانسییەکان هەرس بکەم و بەهای شیعرییان بناسم، شاعیرە رەمزییە (سەمبولیستییەکان)ی فرەنسا داگیریان کردم، کاتێک رامبۆ، مالارمیە، ڤالیری، سان جوین بیرسم ناسی، ئیدی پارچە پارچە بووم شیرازەی پێکهاتەیی لارێیم پەرش و بڵاو بووەوە، خوێندنەوەم فراوانتر بوو، شاعیرانی وەک ویتمان، پۆشکین، ئێلواری گرتەوە، بەڵام هەردوو شاعیر ئەلیوت و بۆدلێر لەو سەردەمەدا لە هەموو شاعیرانی تر لێیان نزیک بوومەوە، گەلێک دەقی مەزنی یەکەمیانم خوێندەوە، کە بریتی بوون، لە (سترانێکی ئەڤین بۆ ئێلفەرد بروفرۆک و چوارشەمەی

خۆڵەمێشی و وێرانە خاک و پیاوە بۆشەکان) دواجار تێکستە وەرگێڕاوەکەی "وێرانە خاکم" لای خۆم گل دایەوە، کە برێتی بوو لە داستانێکی بچووک لەمەڕ نیگەرانییەکانی چەرخی نوێ، هەروەها بەدواداچوونم بۆ هەموو دەقە وەرگێڕاوەکانی بۆدلێر دەکرد، زۆریش سەرسام بووم بە تاقە نامیلکە چاپکراوەکانی بەناونیشانی (گوڵە بەدەکان) ئەم سەرسامییەم لە کاتێکدا بوو کە هیچ شیعرێکی نێو ئەو نامیلکەیەم نەخوێندبووەوە، پاشان شیعرە هەڵبژاردەکانی ئەو، کە لەلایەن ئیبراهیم ناجییەوە لە پەنجاکاندا وەرگێڕدرابوون، خوێندمەوە. ئەو شیعرانە تەژی بوون بە ڕۆمانسییەت و ئازارەکانی، ئیدی لەلای من بۆدلێر، بۆدلێرێکی هەست ورووژاو بوو نەک بۆدلێرێکی هەوەسباز.

لەژێر کاریگەری ئەو گرووپەدا بەرەو پیادەکردنی ڕۆڵی شاعیری ئاڵۆز چووم، پاشتر مالارمییەم ناسی کە وای دەبینی لە یەک قەسیدەدا چەند چینێک بەسەر یەکەوە لە مانا و دەلالەت هەیە، کە قەسیدەکە باڵاتر دەکات تا ڕادەی ئەوەی کە دوایەمین چینیان لە بەخشینی مانادا باڵاترینیان ببێت و دەشێ تێگەیشتن لێی ئەستەم بێ، ئەمەش روحێکی کووژەری هەیە، هەموو شتێکی پیرۆز گەر بیەوێ بە پیرۆزی بمێنێتەوە پێویستە نهێنی و پەنهانئامێز بێ، وەلێ من پێشتر لە رامبۆوە دەستم پێ کردبوو، ئەو بە هەڵسوکەوت و خوی خۆی دیلی کردبووم، کەسایەتییەکی ئەفسانەییی هەبوو، لە تەمەنی شازدەساڵیدا شیعری نووسیبوو، (منیش ئەو کاتە لەو تەمەنەدا بووم). لە بیست و یەک ساڵیدا گەشتی کردبوو، لە سی و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردبوو، چووبووە ریزی کۆمۆنەی پاریسەوە، لەگەڵ ڤێرلیندا ژیانێکی بوهیمیانە ژیابوو، لە ئاوارەیی و پەراگەندەیی هاوەڵی یەکتر بوون، گەلێک شار گەڕابوون، پێوەندیی هاوەڵێتییان بەگرژی و ئاڵۆزی تێپەڕیبوو تا ڕادەی بەکارهێنانی فیشەک.


عەواد عەلی

رامبۆ بەرەو مەدەن سەفەری کرد، لەوێدا لە ڕۆهەڵاتی ئەفریقیا گەلێک شتی نەدۆزراوەی بۆ ئاشکرا بوو، وەک قاچاخچییەک چەک و تەقەمەنیی بۆ پاشای ئەسیوبیای ناوەڕاست گواستەوە، پاشان بە هاوەڵێتیی ئافرەتێکی حەبەشی پێست برۆنزی لە هەراری بوو بە بازرگان، پێست و قاوە و مسکی بەچەک دەگۆڕییەوە، تا یەکێک لە قاچەکانی پەنەما و ئاوسا کە بووە هۆی بڕینەوەی، سەرەنجام خزمەتکارە ڕەشپێستەکانی بەشان لە ڕێگەی میسرەوە گەیاندیانەوە فەرەنسا و لە پایزی ساڵی ١٨٩١ لەوێدا کۆچی دوایی دەکا، لەم بارەیەوە ڤێرلین شیعری ئەو بە پەخشانی پڕ لە حەز و ئارەزوو وەسف دەکات.

یەکەم دەقی رامبۆ کە خوێندمەوە برێتی بوو لە (گەمی مەست) کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا نووسیبووی، ئەم دەقەی لە گوندەکەی خۆیان "شارفیل" لە ناوچەی "ئاردین" کاتێک تیپی زرێپۆشەکانی ئەڵمانیا ئەم ناوچەیەیان لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی، وەختێک فرەنسایان

داگیر کردبوو نووسیبوو، پاشان پەخشانە هەڵچوویەکانم ناسی وەک "بەشێک لە دۆزەخ" ئیدی سەرسام بووم بەو قسەیەی کە دەڵێ "لە سەر شاعیر پێویستە خەونبین بێ و، دەبێ بەردەوام توانای دروستکردنی رووداوی پڕ لە هەرای هەبێ لە هەستەکانی ئەڤیندارى و ویژدانی ئەنجامدەرێ، ئەم ورووژانی هەستە و گۆڕینی بە ئەنقەستانەشی تەنیا بۆ زانینی کرۆکی هەقیقەتە نادیارەکانە لە پشت دیاردە دەرەکییەکانە بەمەبەستی دەربڕین لێیان، چوون ئەو خەوبینە، هەموو ژەهرێک هەموو شەرابێک دەنۆشێ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناوەڕۆک و کرۆک بکات، ئەو لە نێوان خەڵکدا بە نەخۆشیی گەورە، تاوانباری گەورە، نەفرەتلێکراوی گەورە و عاریف و خەون بینی مەزن دەناسرێ، چونکە ئەو بە پەنهان دەگا، کاتێکیش شێتبوون دەیگاتێ بەرامبەر بە تێگەیشتنی خەونەکانی دەستەپاچە دەمێنێتەوە، سەرەنجام خەونەکە دەبێتە موڵکی ئەو.

رامبۆ لە ژیانی مندا وەک جوانترین بیرەوەری مابووەوە، زۆرم هەوڵ دا لە هەموو شتێکدا کتومت وەک ئەو بم، لاساییکردنەوەی من بۆ ئەو هیچ سوودێکی پێ نەبەخشیم، بە دەیان شیعر کە لە ناوەڕاستی حەفتاکان نووسیبوومن لاساییکردنەوەی رێچکەی شیعری ئەو بوو، هەر بۆ بەڵگەش هەستەکانی من لەو رۆژگارەدا برێتی بوون لە هەستکردن بەبزربوون و سەرلێشێواوی، قووڵبوونەوە بوو بە دواندنی ئەوانی تر، بە تێپەڕبوونی ساڵەکان تووشی ئەو وەهمە بووم بەوەی پشکۆ و سکاڵاکانی رامبۆ لە قووڵاییمدا کوژاونەتەوە، ئیدی ئامادەگیی ئەو لە پشت جیهانەکەی من خۆی شاردەوە، لە نێوانماندا پردێک دروست بوو، چونکە ئەو سەردەم و رۆژگارەی شەیتانێک لە ناخمدا دەژیا، لە ناوەوەمدا کۆتاییيان پێ هات، لە بەهاری ١٩٨٠ وەختێک زریانێکی وێرانکەر لە مندا سەری هەڵدا ئەو کاتە لە دوا قۆناغەکانی خوێندن بووم لە زانکۆی بەغدا ئەمە لە کاتێکدا بوو دوای ئەوەی کتێبێکی "هێزی میللەر"م لەبارەی "رامبۆ و زەمەنی کوژەرەکان"ەوە خوێندەوە کە سەعدی یوسف وەری گێڕابوو، ئیدی ئەمە منی گەڕاندەوە نێو خەیاڵەکانی ناوەڕاستی حەفتاکان.

رامبۆ داگیری کردم، وام بەخەیاڵدا هات کەو ئەو شەیتانە یاخیبوونە لە پیسی و چەپەڵی، لە وەرنەگرتن و نەویستن، لە بێزاری و جاڕسی، لە سەرکێشی، لە خەونەکانمدا تەماشام دەکرد، لە دۆخی بڕینی وەهمە گەورەکاندا دەژیام، وەک لە هەموو شتێکدا لە بریی ئەو بدوێم کەوتبوومە نێو زەلکاوی سەرسامی و حەپەسانەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوونگەراییی بەر لە چەند ساڵێک لە ناخەوە کاریگەری لەسەرم دانابوو، ئیدی لەپڕێکدا قەسیدە هێماگەرەکانی هەڵی وەشاندمەوە، وام لێ هات لە هەموو شتێکی جیهان بێزار بم، خەونەکانم ئەستێرە ئاسایان لێ هات، خەیاڵە ڕەشەکانی خۆم دەجوییەوە، دەمویست لەو جیهانە خۆم دەرباز بکەم کە وام هەست دەکرد بۆ من زۆر بچووک و بەرتەسک بووەتەوە، بەڵام نەمدەزانی روو لە کوێ بکەم، شتێکم نەبوو خۆمی پێوە پێوەست بکەم، بەرامبەر بە هەموو شتێک لە دۆخێکی جاڕسی و بێ ئاگایی ژیام، لە نێوان هەڵبژاردنی بێدەنگی و هەبوونی ئارەزوو بۆ تێکدانی هەموو شتێک دەژیام، لەگەڵ (عەواد عەلی)دا بە قاوەخانە و یانەکاندا دەگەڕاین، شەوانیش لەگەڵ گرووپە وێڵ و سەرلێشێواوەکەدا لە یانە و مەیخانەکاندا شەوانمان دەبردە سەر، ئەوەندەی نەمابوو توانای هەڵبژاردن لە دەست بدەم، نەمزانی چۆن چۆنی لەو قۆناغە

دەرباز بووم.

ئێمە کۆمەڵێکی نائومێد بووین، پرچمان درێژ و لووس، جلی ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدارمان لەبەر دەکرد، خۆمان لەو پۆلیسانە دوور دەگرت کە لەسەر کۆڵان و شەقامەکاندا چاودێرییان دەکردین و قژی درێژی پەلک ئاسای ئێمەیان رادەکێشا، ئەم مۆدێلە گەنجانی حەفتاکان لاسایی "هیپییەکانیان" پێ دەکردەوە کە نەریتێکی رۆئاوایی بوو، هەروەها پاوپووزی ئەو ژنانەیان بۆیە دەکرد، کە تەنوورەی کورتیان لەبەر دەکرد و سمت و رانیانی دانەدەپۆشی، ئەو سەردەمە گیرۆدەیی ململانێ و لێکدانەوەی نێگەتیڤانە بووبووم، فرۆیدم دەخوێندەوە و گرینگیم بەلێکدانەوەی خەونەکانم دەدا کە لەو سەردەمەدا زۆر بووبوون، سارتەرم دەخوێندەوە و لاساییی "ئەنتوان رۆکتانم" دەکردەوە، کامۆم دەخوێندەوە و "مەرسۆ"م بە خەیاڵدا هات، رامبۆم دەخوێندەوە و دەبوومە کەسێکی یاخی، کاتێکیش دان پیانانەکانی رۆسوم خوێندەوە و وای بۆ چووم کە ژیانی من لە ژیانی ئەو گەلێک نهێنیئامێزترە و، بەرەو ئەو رێگەیە دەچم کە منیش دان پیانانە سەرسوورهێنەرەکانم ئاشکرا بکەم، لێ رۆژەکانی من هیچ دان پیانانێکی نەگرتە خۆ، بگرە سەرەنجەکانم بەشێک بوون لە هەستی ناوەکیم کە زێدەرۆییم تێدا کردبوو، لە خەیاڵ و لە گێڕانەوەدا، چوون من نرخ و بەهایەکی زیاتر و جیاوازم بەشتەکان دەدا.

ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە گرینگیی خۆم دەرخەم و پێشان بدەم، لە "یانەی رووناکبیری"دا گرووپی دووی کەرکووک رۆژانە یەکتر بینین و دیدارمان ئەنجام دەدا، ئەمەش دوای ئەوەی کە هەردوو هاورێمان "حەمزە" و "ئیسماعیل" لە ساڵی (١٩٧٥) ئەو شوێنەیان بەکرێ گرتبوو، من بووم بە بەرپرسی لێژنەی چیرۆک لە یانەکەدا، هەروەها عەواد بوو بە بەرپرسی لێژنەی شیعر، چیرۆکنووسی کورد عەبدوڵلا سەراج چاوەکانی منی کردەوە لەبارەی ئەو کارەساتە مەینەتبارییانەی کە لە باکوردا روویان دەدا، سەرنجی بۆ ئەوە راکێشام کە ئەو (ئامر هێزە)= (امر لواء)ە لە هێزی پێشمەرگەدا، چەندین کردەی سەربازیی ئەنجام داوە، ناوبراو هەر کاتێک دەستی بە تاڵ بووایە لە یانەی رۆشنبیری سەردانی دەکردین، من هەندێ لە چیرۆکەکانیم خوێندەوە، هەموویان سەمبولگەرایی بوون، ئەم نهێنییەیەم پاراست و لای هیچ کەسێک نەمدرکاند، دوای بەستن و مۆرکردنی پەیمانەکەی نێوان جەزایر و عێراق و دواییی هەرەسهێنانی هێزەکانی کورد، لە ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی "رەحیم ئاوا" سەردانیم کرد، ئەو کات بینیم کەسێکی شکست خواردووە، بێ ئومێد و گۆشەگیرە، لەلای ئەو وەک باوە "یۆرج" لە رۆمانی نیمچە بەتاڵ بە تەنیشت ماڵەکەیەوە دادەنیشت، بژێویی ژیانی لەو دوکانەوە دەستی دەکەوت، خەونەکانی هەموو بووبوون بە هەڵم، لە نێوان شووشەی چاویلکە ئەستوورەکەیەوە، بە رقەوە تەماشای جیهانی دەکرد، هەر وەکو تەماشای بن پەرداخێک بکا، پاشان لە سەرەتای هەشتاکان رووی لە شاری هەولێر کرد، تاکو سەردەمانێک لە رێگەی یەکێک لە چاخانەکانەوە هەواڵ و نامەگۆڕینەوە لە نێوانمان هەبوو، لێ پاشتر بەهۆی چوونم بۆ شاری بەغدا هەواڵمان لە یەکتر بڕا.

من و عەواد لە یەک کات پێوەندیمان بە گرووپەکەوە کرد، لە ناوەندی و ئامادەییش پێکەوە

خوێندبوومان، له یەک گەڕەکیش دادەنیشتین، ئەویش وەکو من بەبنەچە خەڵکی حەویجە بوو، هەر لەوێوە هاتبوونە شار، بەڵام ئەو بەر لە من لە شاردا نیشتەجێ بووبوو، زۆری شانازی بەو نازناوەوە دەکرد کە پێیان دەگوت "حیحماری"، بەڵام پاش چەندین ساڵ لە من کە دەستەبەرداری نازناوەکەی خۆم "الحمداني" بووم، ئەویش دەستبەرداری ئەو نازناوە بوو، ئەم وازهێنانەمان بەرەنجامی ئەو ڕقە بوو، کە بەرامبەر بە داوونەریتی خێڵەکی هەمانبوو، چونکە ئەمە لەگەڵ ڕوئیای هزری ئێمەدا لە شارێکی فرە ئەتنی و نەژاد نەدەگونجا، ئەو لە گەڕەکی (پیریادی) کە تێکەڵەیەک بوو لە تورکمان و کورد و عەرەب نیشتەجێ بوو، خانووەکانی ئەم گەڕەکە هی ئەو جوولەکانە بوو کە لە کۆتاییی چلەکاندا بەرەو فەڵەستین کۆچیان کرد، ئەم خانووانە وەک خانێکی گەورە وابوون کە نزیکەی شازدە خێزان تێیدا نیشتەجێ دەبوون، کەواتە هەر لە بچووکییەوە تێکەڵ بە جیهانێکی فرە زمانی فرە ئەتنی دەبووم، هەر وەکو منیش لە شانۆوە دەستی پێ کرد، پاشان شیعر، بەڵام زمانی ئەو لە زمانی من جوانتر بوو، لە شانۆ و نمایشکردندا لە من بەهرەدارتر بوو.

عەودا لە تەمەنی هەرزەکاریدا حەزی بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگاورەنگ و ئاڵاوواڵا دەکرد، وەختێک چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ پرتەقاڵیی لەبەر دەکرد پانتۆڵەکەی لە خوارەوە نزیکەی نیو مەترێک پان و پۆڕ بوو، پێکەوە لە گەڕەکدا پیاسەمان دەکرد ئەمە زۆر دەیشڵەژاندم، واتە بە کەشخەیی و ڕێکپۆشییەکەی شێوەی دانانی پرچە درێژەکەی (کە ئێستا نەماوە) ناوبانگی ئەو وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە بواری ڕەخنەییی شانۆ، پاشان وەدەستهێنانی نامەی دوکتۆرا لەسەر سیمیولۆجیای شانۆی عێراقی گەیاندییە زانکۆی بابل و لەوێدا بوو بە مامۆستا، لەوێدا وەک توێژەر لە پەیمانگەی پادشایەتی بۆ خوێندنی ئاینی دامەزرا، پاشان ڕووی لە کەنەدا کرد، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ بە فەرمی بوو بە هاووڵاتییەکی کەنەدی.

بەڵام جان دەمو کەسایەتییەکی جیاواز بوو لەناو گرووپەکەدا، سەرەتا لە بەغدا نیشتەجێ بوو، پاشان ڕووی لە بەیرووت کرد، دواتر گەڕایەوە کەرکووک و ئینجا ناسیمان، پاش سێ ساڵی تر، بۆ جارێکی تر ڕۆیشتەوە بۆ بەغدا، پاشان لە ناوەڕاستی نەوەتەکان گەیشتەوە عەمان و لەوێوە وەک پەنابەرێک گەیشتە ئوستراليا، هەر لەوێش لە ٢٠٠٣/٥/٨ کۆچی دوایی کرد.

لە ناوەڕاستی حەفتاکان بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمە وەک کۆمەڵەیەک ماینەوە و بە شەقامەکانی کەرکووکدا دەگەڕاین، جان پشکۆی سەرکێشی لە ئێمەدا دادەگیرساند و دەیگەشاندەوە، بەڵێنی ئەوەی پێ دەداین کە ئەو ڕۆمانێک دەنووسێ باشتر لە ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکور) ئەگەر یەکێکمان بیست دینار قەرزی بدەینێ، ئەو تا دواین هەناسەی بەگیرفان بەتاڵی مایەوە، ئێمە پارەی چایەکانمان دەدا، پارەی هاتوچۆی ئێمە دابینمان دەکرد، هەندێ لەو کتێبە ئینگلیزییانەی دەخستە بن هەنگڵییەوە کە لە چاپکراوەکانی (بنگوین) بوو، ئەو کاتە ئەو هێشتاکە بە تەواوی تووشی بەدمەستی نەبووبوو، لێ هەناسەی بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات، ئارەزووی گۆڕینی هیچ شتێکی نەبوو، تەنانەت چڵکنییەکانی خۆیشی لەلای پیرۆز بوون، تا مردنیشی وەک کەسێکی سەرکێش مایەوە، هەر ئەویش دەرگەی سەرکێشییە بێ کۆتاییەکانی ئەدەبیی لە بەردەم مندا

کردەوە، لە قووڵاییی مندا عەشقی ڕۆمانی چاند.

لە چاخانەی (زقاق ادم) جان زۆربەی ئەو چیرۆکانەی نووسیبوومن پێشانی ئەوم دەدا، ئەو بەبێ ئەوەی لە هیچیان رازی بێ، بێبەزەیییانە فڕێی دەدانە نێو تەنەکە خۆڵەکەوە، تەنانەت تاقە دێڕێکی بەدڵ نەبوو لەو چیرۆکانە، لێ کاتێک رووم لە رەخنە کرد، لە نیوەی دووەمی هەشتاکان سەرسامیی خۆی بەرامبەر بابەتێکی رەخنەییم دەربڕیبوو کە نازانم لە کام بڵاوکراوەدا خوێندبوویەوە بە رێککەوت بینیبووی، ئیدی لەپاشاندا لەگەڵ هاوەڵە مەستەکانی لە بەغدا باسی توانا و لێهاتوویی منی دەکرد.

جان لە ساڵی ١٩٧٦ رووی کردە بەغدا بۆ ماوەیەک لەوێ مایەوە، پاشان لە سەعات نۆی سەرلەئێوارەی رۆژی ١٩٧٧/٢/١٠ بە هاوەڵیی غالیب بە نیمچە بێهۆشی و خوماری گەڕایەوە کەرکووک، لە چاخانەیەکدا چاومان بە یەکتر کەوت، من تازە لە خوێندنەوەی رۆمانی (الخماسین) بووبوومەوە، بۆ سەرلەبەیانیی سبەی رۆژ لە چاخانەکەدا زۆرمان چاوەڕێی کرد، بەڵام ئەو نەهات، هەر بۆیە حەمزە و ئیسماعیل و عەواد و من رووممان لە ماڵی ئەو کرد کە دەکەوێتە گەڕەکێکی باکوری شارەوە، ئەو لەگەڵ باوکیدا کە کرێکاری کۆمپانیای نەوت بوو دەژیا، ئەو تاقانەی نێو کۆمەڵێک خوشک بوو، لێ برایەکی بە سێ ساڵ بەر لە ئەو گەیشتبووە ئوستراليا، گەیشتینە ماڵیان لە دەرگەمان دا، کچێکی



فازڵ ئەلعەزاوی

باریکەلەی لاواز دەرگەی لێ کردینەوە، ئێمە پرسیاری (جان)مان لێ کرد، ئەو گوتی: (دنخا)؟ ئەوە ناوە ڕاستەقینەکەی ئەو بوو، لەبەر هۆکاری ئەدەبی ئەو نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بۆ ساتێک چاوەڕێمان کرد و پاشان گەڕایەوە و بردینی بۆ نهۆمی سەرەوە، لێ ئەومان بە پاڵکەوتوویی وەک سیسارکەکەی کافکا لە نوێنەکەیدا بینی، وامان بە خەیاڵدا هات کە ئەو دوای ئەو دابڕانە درێژە پێشوازییەکی گەرموگوڕمان لێ دەکا، وەلێ ئەو وەک هەموو جارێک بەجنێو پێشوازیی لێ کردین، "ئەی سووک و چرووکەکان، سەگەکان" چی ئێوەی بۆ لای من هێنا، رۆیشتنمان بۆ ئەوێ جۆرێک لە شڵەژانی و ناکامی دروست کرد، بەڵام گرینگیی پێ نەداین، تاکو رۆیشتنمان لەوێ.

هەروا مایەوە و بەبێ ئەوەی لە نوێنەکەی هەڵسێ، خۆی پێچابووە پەتوویەکەوە و لە سەرما دەلەرزی، کەمێک دەستکاریی کتێبەکانیمان کرد، عەواد کتێبۆکەیەکی بچکۆلانەی بەناونیشانی (بۆدلێر بە پێنووسەکەی خۆی) خستە گیرفانی ناوەوەی پاڵتۆکەیەوە.

جان بە دزی کتێبەکان ناسرابوو، لەم رووەوە کەس هاوتای نەبوو جگە لە عەبدولقادر جەنابی، کە بووبووە مایەی نیگەرانی بۆ گەلێک لە کتێبخانەکانی ناوجەرگەی لەندەن، تا دواجار لەلایەن

پۆلیسەوە لەسەر ئەو کارەی گیرا، بەڵام تا پاریسیشی بەجێ هێشت دەستبەرداری ئەو کارەی نەبوو، جان پاڵتۆیەکی درێژی دەستکەوتبوو، بەو پاڵتۆیەوە خۆی وەک راهیب نیشان دەدا، دیوی ناوەوەی پاڵتۆکەی هەڵوەشاندبووەوە، وەکو گیرفانی لێ کردبوو، گەلێک جار بە دزینی کتێبی ئینگلیزیی بچکۆلانەی زۆرەوە کە لەناو پاڵتۆکەیدا دەیشاردەوە لە شاری بەغدادا دەگیرا، کارەکە هەر بەوەوە نەوەستا، بگرە جارێکیان پێشنیازی بۆ عەواد کرد کە هەندێ لە کتێبەکانی پێ بفرۆشێ، لەوانە کتێبێکی "شۆڵۆخۆف" بە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی و، کتێبی "دۆن کیشۆتە"ی سێرڤانتس کە عەبدوڕەحمان بە دەوی وەری گێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام پاش نەگونجانیان لەسەر نرخەکەی، عەواد چوار دیناری پێ دا و، ئیدی جان بوو بە کەسێکی دەوڵەمەند.

ئەو مامەڵە و ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردووکیان رووی دا زیاتر لە دیمەنێکی شانۆیی دەچوو، کە رووداوەکانی زیاتر بەم شێوەیە بوو، لە فەرهەنگی جنێودا جان زاراوەگەلێکی زۆری هەبوو، پەنجەی خشاندە سەر ناونیشانی هەردوو کتێبەکە ئینجا وتی: سووک و چرووک چەند بەم دوو خوێڕییە دەدەی؟

لەم کاتەدا ئاماژەی بۆ ناوی هەردوو کتێبەکە دەکرد. عەواد وەڵامی دایەوە "دوو دینار" جان هەردوو کتێبەکەی لە ئامێز گرت "هیچ و پووچ، ئەم دوو خوێڕییەم بە دوو دیناری پیسی وەک خۆت لێ دەکەیتەوە، شەشم لێت دەوێ، عەواد بە پاڕانەوەوە وتی: "جان ئەمە زۆرە" من قرغنم، بە خوا هیچ کتێبێکم لەوانەی دزیومن هێشتاکە نەفرۆشتووە، ئینجاکە وتی: "ئەوا زیاتر لە مانگێکە تەنانەت عەبدوڵڵاش هیچ کتێبێکی لێ نەکڕیوم". جان تفێکی کرد و "ئەی خوێنڕێژ، هەی گەواد، بەم شێوەیە سەری لەراندەوە و وتی: "باشە، سێ دینار دەدەم" جان تینێکی تێ کەوت "هەی بەرەڵڵا، بە پێنج کەمتر ناتدەمێ" عەواد پاڵتۆکەی تەکاند، دەستی بەر بۆدلێر کەوت، "چۆنی" دەستی بۆ لای سکییەوە درێژ کرد، جان وتی: "هەی بێ ئابڕوو بێنە چوارەکەم بدەرێ، تۆ وەچەی شایلۆکی، هیچ سوودێکت نییە" عەواد چەند دینارەکەی دەرهێنا، لە بەرچاوی جان کەمێک دەستی پێدا هێنا ئینجا بۆی فڕێ دا و هەردوو کتێبەکەی وەرگرت، جان چەند دینارەکەی قەمچ کرد و ئاوڕی لە ئێمە دایەوە، ئێمە ئەو کاتە نزیک بە پێیەکانی ئەو بووین لە قەراخ نوێنەکە، جان پێی وتین "هەی بێ ئابڕووانە، ئەی ئێوە هیچتان ناوێ؟ بەخوا تەنانەت ئەم هیچ و پووچە لە ئێوە بەخشندە و بەئابڕووتر بوو، تفوو لە هەمووتان، دەتانەوێ بخوێننەوە بەبێ ئەوەی هیچ بدەن، دزیش ناکەن دەتانەوێ ببن بە نووسەر، ئێوە شوێنتان ئێرەیە، لەشە لاوازەکەی وەرسووڕاند و دەستی بۆ دواوەی خۆی درێژ کرد، ئینجا فیکەیەکی درێژی لێ دا وەک ئەوەی لە فرۆشتنی کتێبەکان بەو نرخە پەشیمان بووبێتەوە، پاشان رووی لە عەواد کرد و وتی: هیچ و پووچ هیوادارم ئەم دوو کتێبە بخوێنیتەوە تا ببی بە ئادەمی، هەی پیس و پۆخڵ تۆش وەکو ئەوان کەسێکی هیچ ئومێدێکت تێدا نییە.

مەحاڵە بڕوا بەوە بهێنین کە جان کتێبێکی تا سەر خوێندبێتەوە، ئەو کەسێکی بێزار بوو،

دەستی بە هەموو شتێک دەکرد بەبێ ئەوەی کۆتاییيان پێ بهێنێ، پاش دوو کاژێر ماڵی ئەومان بەجێ هێشت، سەرلەئێوارە لە چاخانەدا چاومان بە یەکتر کەوت، هەندێ شیعری تازەی خۆمم پێ نیشان دا، بەڵێنی پێ دام کە لە کۆواری (بیری نوێ)ی حزبی شیوعیدا بڵاوی بکاتەوە، لێ هیچ ئاسەوارێکی ئەو شیعرانەم نەدۆزییەوە، رۆژی پاشتر جان سەفەری بۆ بەغدا کرد.

ئەوەندەی جانم ناسیبێ پێویستییەکانی بەسەر هاورێکانیدا دەسەپاند، ناچاریانی دەکرد کۆمەکی مادیی بکەن، کەسمان پرسیاری ئەوەمان نەدەکرد کە ئێمە لەبەرچی بەرگەی خەرجییە کەمەکانی ئەو دەگرین، لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا وەختێک سەردانی بارەگەی یەکەتیی ئەدیبانم دەکرد، لە بەغدا خاوەن بارەکە دەهات و داوای دانەوەی قەرزەکانی (جان)ی لە من دەکرد ئەو هەر کاتێک بیویستایە پارەی لە هاورێکانی وەردەگرت، هاورێکانی بەو پارە پێدانە دڵخۆش دەبوون، دواین جار کە ئەوم بینی لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ لە عەمانی پایەتەختی ئوردن بوو.

٤

لە هەردوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا جان دەمۆ بوو بە دیاردەیەکی ناوەندی رووناکبیریی عێراقی، زۆربەی ئەوانەی ئەو نووسی خوێندمەوە، زۆربەیان وەرگێردرابوونە سەر زمانانی تر، لەرووی شیعریەتەوە بەهایەکی ئەدەبی ئەوتۆم تێدا نەبینی، نەچووە خانەی شیعرێتیی گەورەوە، ئەو برووسکە ئاگرینانەی لەلایەن ئەوەوە دەنووسران بەخێرایی دەکوژانەوە، هەندێ شیعری تاک و کەمی نەبێ، لەوانە شیعری (نیشتنەوە بۆ نێو بلیمەتی) هیچ وێنایەکیان لە بەردەم ئاسۆی وەرگردا دیاری نەکرد تاکو ببێتە رێچکەی ئەزموونێک بۆیان، شیعرەکانیشی وەکو خۆی برێتی بوون لە وریاییيەکی سەرسوورهێنەری خێرا، لە باوێشکدانی تووڵانی هەمیشەیی، ئەمە دیاردەیەک بوو دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە بوو کە ناوەندی رووناکبیریی عێراقی لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستدا تەواوی ئەو ناوەندەی گرتبووەوە ئەمە بەر نەوەی شەستەکان - لەوانەش جان- کەوتبوو، ئاوێتەیەکی ئاڵۆز لە بوونگەرایی و مارکسیزمی، ئایدیای نەتەوەیی حزبی بەعس نەیتوانیبوو بچێتە قووڵایی ناخیانەوە، زۆربەیان لە رەفتاریاندا وەک بوونگەرا مابوونەوە، رامان و هەڵوێستیان بوونگەرایی بوو، دیالۆگ و گفتوگۆیان مارکسیزمانە بوو، بە فەرمیش بووبوون بە بەعسی.

توێژەری زیرەک وردبین لە ناواخنی ئەدەبی عێراقی هەشتاکاندا ئەوە دەزانێ کە تێرامانی ناوەوەی ئەو ئەدەبە بوونگەرایی بەسەریدا زاڵە، جان باشترین نموونەی ئەم حاڵەتە بوو، ئەو بەر لەوەی بچێ بۆ بەیرووت بە بوونگەرایی پڕ بووبوو، بە مانەوەیشی لەوێدا بەتەواوی نوقمی بوو، لە گەرانەوەیدا هەڵسوکەوتی منداڵکارانەی بووە مایەی هەڵەشەیی و جلفرییەکی ناسەقامگیر تێیدا، بیری ئەنارشیزمی، رووکردنی بەرەو ئەدەبیاتی مارکسیزمی لەودا هاتنە ئاراوە، وەختێک ئەوم لەسەر رایەخێکی شڕ لەژێر پەیژەی خانوویەکی چۆڵ لە گەرەکێکی کۆنی وەک "حەیدەرخانەدا" کە

گەڕەکێکە لە ماڵی سوزانییەکان بینی، ئەو ئەوکات نوقمی نێو نووسینەکانی لینین بوو لەبارەی گەیاندنی کارەباوە بۆ گوندەکانی رووسیا، دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر و پێوەندیی دەوڵەت و شۆڕش، هەڵوێست بەرابەر بە ئاین، ئەمانە وای لێ کردبوو وەک ئەوەی بیەوێ پێشەوایەتیی شۆڕشێکی کۆمۆنیزمی بکات لە وڵاتی رافیدەین، رووناکبیرە عێراقییەکان بەسەر سێ بەرەدا دابەش بوون، بەرەیەکیان بێدەنگییان هەڵبژارد، بەرەو سونبولگەرایی ڕۆیشتن لە نووسینەکانیان، بەمەوە وەستان، تێکەڵاوی چالاکییە گشتییەکانی رووناکبیری نەبوون.

بەرەیەکی تریشیان دوای داخرانی ئاسۆ گشتییەکان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، بەرەی سێیەمیش خزایە نێو بنیاتنانی ئایدیا شمولییەکانەوە، وەختێک کۆمەڵگەی ئەدەبی عێراقی لێک ترازا جان بووە خاڵی گرینگی پێدان بەتایبەتی لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا، ئەو وەک دەنگێکی نهێنی لە ناخیاندا دەژیا، بەشێوەیەکی سەیر لە دەوری ئەودا گرد بوونەوە، ئیدی بە پێشەنگایەتیی ئەو لە مەیخانەکانی بەغدادا دەبینران، لە کۆگا بازرگانییەکانی شۆڕجەش دزییان دەکرد، ئەمەش بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی خۆیان لە (باب الشرقي) و بنکە رۆژییەکەی هەمووواندا سەپاند، ئەویش دابینکردنی پارەی خواردنەوە و مەیەکانی ئەو لەلایەن دۆست و ناسیاوییەکانییەوە ئەوانیش بەوپەڕی دڵفراوانی بۆیان دابین دەکرد  وەک ئەوەی قۆچی  قوربانی بۆ وەلیی پیاوچاکێک بکەن، چوون لەودا هاواری خەفەکراوی ناخی خۆیان دەبینی و دەبیست.

جان هەمووانی بە ڕابردوویەکی نەپساوەوە گرێ دابوو، بە ئێستایەکەوە کە هەرەس نەدەکرا، بێجگە لەو گرووپەی لە دەوری کۆ بوونەوە، کۆمەڵێک رووناکبیری عێراقیی تریش لە ئەودا ئەو شتەیان دەبینی کە ئەمانە دەیخوازن وەلێ ناتوانن وەک ئەو پێی هەڵسن و بیکەن، لە زەینی ئەواندا وەک کەسێکی یاخی وێنا دەکرا، وەک سەرچڵ و سەرکێشێک دەبینرا، وەک ئەوەی قارەمانێکی بوونگەرا بێ کە زاراوەیەکی ناوەندیی ئەدەبیی شەستەکان بوو لە ناوجەرگەی بەغدای شمولی ئەو هەردەم لەنێویاندا ئامادە بوو. بە روونییەکی رەهاوە گاڵتەی بەو ملکەچییە گشتییە دەکرد کە ئەوان تێیدا دەژیان، لێ ئەوانیش وابەستەی ئارەزووە خەفەکراوەکانی خۆیان بوون تاکو لەگەڵ کەسایەتیی ئەواندا هاوتا بێ، ئایدیایەکی گشتی بیرەوەریی ئەوانی سڕیبووەوە، ناچاری کردبوون ملکەچی ڕێوڕەسمی سەپاندنە گشتییەکان بن.

زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی عێراقی وایان هەست کرد کە ئەو سەر بەئەوانە، لە بریی ئەوان دەدوێ، لەبەرئەوەی بەرجەستەکردنێکی زیندووە بۆ ئەو دۆخەی ئەوانی تێدا دەژین، ئەو ئازادییە رەهایەی ئەو هەیبوو بووبووە مایەی ئیرەییی هەمووان، ئەو وا دەردەکەوت کە هیچی نەبێ بەڵام تەواو ئازادە، بەرامبەر بەو ترسە زۆرەی ئەوان، ئەم وەک هاندەرێکی ئاشکرا دەبینرا، بە تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر هەمووان لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە ئەو بەو هەڵسوکەوتە یاخیگەرایەی توانی خۆی لە مەترسییەکان دوور بخاتەوە، هەر بۆیە دەبووە خەون و ئارەزووی ئەوان، وەک منداڵێکی لاساریش لە ناخی ئەواندا بەرجەستە دەبوو.

لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا شەپۆلێک لە ئەدیبانی گەنج لە بەغدا سەریان هەڵدا، ئەمانە

کۆمەڵێک بوون بێزار لە هەموو شتێک، بێزار لە دەسەڵات، لە شەڕ، لە برسێتی، لە بەرتەسکبوونی دەرفەت لە بەردەم ئازادییە گشتییەکان، لە شێوەی ئەدەبی کۆن و بەجێماو و دێرین، لە پێوەندییە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقی، ئەمانە هەستان بە فێڵکردن لە دەسەڵات، ئەوان لە ڕێگەی وەرگرتنی پۆست لە ڕۆژنامە و کۆوارەکان، لە یانە ڕۆشنبیرییەکان، درکیان بە نەفامیی دەسەڵات کرد، زانییان دەسەڵات سەرقاڵی فەرمانڕەواییە، بۆیە توانییان دزە بکەنە نێو دەزگەکانی دەسەڵاتەوە، زۆربەشیان پۆستی باڵایان دەستکەوت.

هەندێک لەمان (جان)یان بە ڕێگەی راستەقینەی خۆیان دەزانی، لە ئەودا سیمبولێکی نهێنییان بۆ خۆیان دانا، لە دژی ئەو ترسە زۆرەش پشتیان بەو بەست، شیعرە پەرش و بڵاوەکانی ئەویان کۆ کردەوە و لەسەر ئەرکی خۆیان بەچاپیان گەیاند، هەر خۆشیان دابەشیان کرد، لە مێژووی ئەدەبی نوێی عێراقدا ئەمە بۆ هیچ کەس نەکرابوو جگە لە ئەو، لەو دیوانە شیعرییە دانەیەکیان بۆ منیش نارد، من وتارێکی درێژم لەبارەی ئەو دیوانە شیعرییەوە نووسی بە لە بەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی ئێمە تێیدا دەگوزەراین بەشێوەیەکی نهێنی، لە وتارەکەمدا ئاماژەم بەو پێوەندییە لە مێژینەیەم کردبوو کە لەگەڵ ئەودا لە شاری کەرکووک هەمبوو.


موئەیەد ئەلراوی

بەبێ ئەوەی جان خۆی بەوە بزانێ نوسخەکانی ئەو دیوانە شیعرییەی لەلایەن ئەوانەی لە دەوروبەری ئەو بوون دابەش کران، نەشیزانی چۆن دابەش کران، لە ڕاستیشدا پێویستی بەوە نەبوو بزانێ، لە چەند مانگی یەکەمی چاپکردنی، دیوانەکە بووە مایەی گفتوگۆ و مشتومڕ لە نێوان ئەدیبەکان، ئێستاکەش لە کتێبە دەگمەنەکانی نێو کتێبخانەی عێراقییە، هاوڕێکانی جان خۆبەخشانە هەستان بە دابەشکردنی کتێبەکە بەسەر ڕووناکبیرە بێزارەکان و ئەوانەی سەر بەدەسەڵات بوون بەبێ جیاوازی، جان بەسەرکردەی کەسانی مەست و خومار، ئەوانەی دەوری ئەویان دابوو دادەنرێ لە ئەدیبەکانی شاری بەغدا.

ئاهەنگێکی یادکردنەوەی ڕەمزی لە سەرەتای نەوەتەکاندا بۆ جان ساز کرا، ئەوە دوایەمین ئاهەنگ و یادکردنەوە بوو کە بینیبێتم بەر لەوەی وڵات بەجێ بهێڵم، یانەی ئەدیبانی گەنج کۆڕێکیان بۆ چیرۆکی نوێی عێراقی ڕێک خستبوو، وەزارەتی ڕۆشنبیرییان قایل کردبوو کە کۆڕەکە لە ئوتێل (السدیر نوفوتیل) بەڕێوە بچێ، نزیک بە گۆڕەپانی ئەندەلووس، چەند هەنگاوێک دوور لە بنکەی یەکەتیی ئەدیبان، ئەمەش ئەو ئوتێلە بوو کە لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە بەر هێرش و پەلاماری بەرگریکاران کەوتبوو، چونکە زۆربەی پسپۆڕ و

بەڵێندەرەکان، ئەوانەی پشتگیریی دەسەڵاتی داگیرکارییان دەکرد لەو ئوتێلەدا بوون.

ئەوانەی سەرپەرشتیی کۆڕەکەیان دەکرد پێوەندییان بە ڕەخنەگرە بەشداربووەکانەوە کرد، هەروەها بانگهێشتنی گەلێک ئەدیبیان کرد بۆ ئامادەبوون لەو کۆڕەدا، جان وەک میوانی شەرەف بانک کرابوو بەبێ ئەوەی ئەمە بەشێوەیەکی فەرمی رابگەیەنرێ، جلی تازەیان بۆ کڕی، لە ئوتێلەکەدا ژوورێکی گەورەیان بۆ دابین کرد، ژوورەکە لە نهۆمی سەرەوەدا بوو، بەڕێوەچوونی کۆڕەکەش لە هۆڵێکی گەورە بوو لە نهۆمی ئەرزیی ئوتێلەکەدا.

جان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی دابەزییە خوارەوە، پێیەکانی ئەو، جگە لە کۆڵانەکانی کەرکووک، ڕێگە و کوچەکانی بەغدا، پەیژە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانییەکان لە حەیدەرخانە، مەیخانە هەرزانبایییەکانی (باب الشرقي) شوێنێکی تری نەدەناسی، یادکردنەوەکە وەک کەرنەڤاڵێکی گاڵتەئامێزی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست بەڕێوە چوو، لە ناوەڕاستی جوانی و جوامێریی لاوان، بەتەنیشت دەسەڵاتی رۆشنبیرییانەوە، گردبوونەوەیان لە دەوروبەری، خەرجکردنیان بۆ ئەو، لە نێوان هەموو ئەمانەدا جان مەستانە چەمییەوە و ڕۆڵی خۆی نەدەزانی خۆی وەک قارەمانێکی شانۆگەریی (نەورەس)ی تشیخۆف دەهاتە بەرچاو.

داوەتنامەکەی من بۆ پێشکێشکردنی بابەتێک بوو لەبارەی ئاستی گێڕانەوە (السرد) لە چیرۆکی نوێی عێراقیدا، هەروەها داوا کرابووم بەڕێوەبەرایەتیی دانیشتنێکیش بکەم، ئەو کات من مامۆستا بووم لە زانکۆی (المستنصرية)، هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێتەوە کە چۆن جان لە ژوورەکەی دابەزی و کۆمەڵێک ئەدیبی دڵخۆش و بێزار، لە شارەکانی نەجەف، بەغدا، کەربەلا، بەسرە، بابل لە دەوروبەری بوون، وەک چۆن ئەمە پێش بیست ساڵ لە کەرکووک رووی دەدا، کاتێک لە ناوەڕاستی هاوەڵەکانی دادەنیشت و گاڵتەی بە رووناکبیرە فەرمییەکان دەهات کە لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشتن، گرووپەکەی گرینگیی زۆریان پێ دەدا، من لەوە تێ دەگەیشتم و خۆشم دەویست و هانم دەدا وەک بەشێک لە ئارەزوویەکی خەفەکراو لە ناخمدا لەو ڕۆژانەی لەگەڵ ئەودا بووم.

لە ناوەند ئوتێلە نایابەکەدا وەک لێشاو و کۆمەڵێک دەوریان دابوو، هەموو داوونەرێتێکیان پشتگوێ خستبوو، تەنانەت داوونەریتی ئەو جۆرە بۆنانەش، جان بە جلە تازەکانییەوە و تاقە ددانەکەیەوە گەیشت، چاوەکانی گاڵتەجاڕییان لێ دەباری و لایەنگرانی دەوریان دابوو، پاش کەمێک هەرایەک لە ئوتێلەکەدا رووی دا، پاشان دەرکەوت کە هاوڕێکانی سوور بوونە لەسەر ئەوەی جان لە گەرماوی ژوورەکەیدا خۆی بشوات، ئەوان لە گەرماوەکە بەجێیان هێشتبوو، لە بەردەم دەرگەی هۆڵەکەدا چاوەڕێیان دەکرد، بۆ ئەوە ئەمەیان کرد تاکو بە ئەنقەست بەرپرسە فەرمییە هاتووەکان بێ بایەخ بکرێن.

دوای چارەکێک جان گەیشت، بەڵام لە بیری چووبوو بۆڕی گەرماوەکە بگرێ، لەوانەیە نەشیزانیبێ چۆن دەیبەستێ، سەرەنجام ئەوە بووە مایەی هاتنی ئاو و دابەزینی بۆ نهۆمەکانی خوارەوە، ئەوەش ئێوارەکی پێکەنیناویی دروست کرد، زۆربەی ئامادەبووان لە جاندا، ئەو ڕێگەیەیان دۆزییەوە کە ببێتە پەناگە بۆیان، ئەوان تەماشای ئەویان وەک ڕێگەخۆشکەرێک بۆ

ئارەزووەکانی دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی کە ئەو بە بڕوایەکی تەواوە بە ئازادیی ڕەها ڕێگەی خۆی دەبڕی، هەر بۆیە ئازادیی ئەو جێگەی کۆیلایەتیی ئەوانی گرتەوە.

زۆربەی ئەوانەی کە ڕووناکبیری فەرمی مۆری کردوون و سەر بە دەسەڵات بوون جان دەمۆیان بە ناکەس و بەدمەست لە قەڵەم دەدا، بە بەرەڵڵا و دابڕاویان دەزانی، بەبێ ڕەگ و بێ بنەچە ئەژماریان دەکرد، ئەوان ئەوەیان دەزانی کە کێ پێوەندیی پێوە دەکات و لێی نزیک دەبێتەوە، ئەو لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا بووبووە مایەی سەرنجی زۆرێک لە ڕووناکبیران، ئەمە کاریگەری نەدەبوو ئەگەر ناوەندیی ڕووناکبیریی عەرەبی پێویستی بە کەسایەتییەکی لەو جۆرە نەبووایە، مەرگی ئەو لە ئوستورالیادا نیگەرانی کردم، دۆست و ناسیاوەکانی و منیش دەمانزانی کە ئەو بە خێرایی بەرەو مردن دەڕوات، ئەو ورد ورد بەرەو کەمبوون دەڕۆیشت تاکو لەوپەڕی ڕۆژهەڵات کە نوورێکی هەمیشەیی سەر هەڵدەدا لەوێدا کوژایەوە، دەبێ دان بەوەدا بنێم کە من شیمانەی مردنیم دەکرد لەو کاتەوەی کە ناسیم لە ساڵی ١٩٧٤، ئەمە بۆ ماوەی سی ساڵ لە بیرمدا مایەوە تا دواجار هاتە دی، لە پاش مردنی بە دوو هەفتە لە بڵاوکراوەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان نزیکەی پەنجا وتار لەسەری نووسرا، یەکەمین وتاریش کە دوای ڕۆژێک لە مردنی بڵاو بووەوە من نووسیم.



فاروق مستەفا

گرووپی دووی کەرکووک بەرەو خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەی بردم، کاتێک لە زانکۆی لیبیادا لە نەوەتەکاندا وانەی ڕۆمانم دەوتەوە هەموو پێشینە و زەخیرەی من ئەو ڕۆمانانە بوو کە بەر لە چارەگە سەدەیەک لە کەرکووک خوێندبوونمەوە، من تا ئەو کاتە هەلی وام بۆ نەڕەخسابوو تاکو خۆم بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان تەرخان بکەم، ئیدی لەوێ و لەو سەردەمەدا ئەوەم بۆ ڕەخسا، سەدان ڕۆمان کەوتنە ژێر دەستم و تیایاندا جیهانبینی جۆرەوجۆرم لە گێڕانەوەی ئەدەبیدا بۆ ئاشکرا بوو، باشترین نموونەش کتێبی "دۆن کیشۆتە" بوو کە بەردەوام بە جانەوە گرێی دەدەم، چونکە ئەم کتێبە بە خوێندنەوەی یەکەم جار بۆی تووشی شۆکی کردم، چوون ئەم کتێبە وەک کتێبێکی ئاسایی و ڕێچکەیەکی باو نەهاتە بەرچاو، ئەمە کتێبی قارەمانە خەیاڵییەکان بوو، کتێبەکە سەر بەڕێچکەیەکی جیاواز بوو، ئەمەش ڕێک لە ئاشکراکردنێکی خودێتی دەچوو کە وای لێ کردم پێوەست بم بە کتێبەکەوە، بە تێپەڕبوونی ساڵەکانیش بڕوام بەو ئاشکراکردنە ساکارە زیاتر دەبێت، ئەو کتێبەم لە عەوادەوە دەسکەوت کە ئەویش لە یەکەم سەردانمان بۆ ماڵ جان دەمۆ لەوی کڕیبوو ئیدی لەوێوە شۆڕ بوومەوە نێو جیهانێکی گەشەکردوو بەخۆشی و بە چێژ، ئاشنا بوون بەجیاوازی و ناسینی ئاستەکان لە وێنا و ڕامان، سەرەنجام ئەوەندە پێوەست بووم بەو کتێبەوە تا ڕادەی ئەوەی هەست بکەم کە ئەوە بەرجەستەکردنی جیهانی جان دەمۆیە.

لە کۆتاییی نەوەتەکاندا لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ پایەتەختی ئوردن جارێکی تر ئەو کتێبەم بە چاپێکی نوێوە دەستکەوت، کە (بەدەوی) لە پەنجاکاندا وەختێک لە سویسرا بوو وەری گێڕابوو، یەکسەر کڕیم و لە هەموو سەفەرەکانمدا لەگەڵم بوو، هەموو کات پەنام بۆ دەبرد، هەر جارەی بەشێکیم دەخوێندەوە، لە سەردانێکی درێژخایەنمدا بۆ ئەوروپا ساڵی ٢٠٠١ کتێبەکەم لەگەڵ خۆمدا برد، هەندێکیم لە مەغریب خوێندەوە، لە دەربەندی (جبل طارق) لەناو پاپۆڕەکەدا بەرامبەر بە پەنجەرەیەک دانیشتم و دوو بەشم لە سەرکێشییە سەرسووڕهێنەرەکانی خوێندەوە، هەروەها لە غەرناتەش بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی، دوای گەڕانەوەم لە کۆشکی سوور، لە قورتووبە پاش سەردانی کردنم بۆ مزگەوتی "لامێسکیتا"، لە ئیشبیلیە دوای سەردانی کاتیدرائییەی مەزن (ئەلخیراڵدا)، لە سانتا کروس، پاشان مەدرید، لەم شوێنانەدا بەردەوام دەمخوێندەوە، وەلێ سەرنج ڕاکێشترین بیرەوەریم لە خوێندنەوەیدا لە (تێلێتا) بوو، ئەو شارەی دەکەوێتە هەرێمی (لامنتشا) کە دۆن کیشۆتە خەڵکی ئەوێ بووە، هەروەها ژنەکەی (سێربانتس) خەڵکی ئەوێ بووە، زۆربەی ڕووداوەکانی کتێبەکەش لەوێدا ڕوویان داوە، هەر لەنێو ڕۆمانەکەدا سێربانتس بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەسنووسێکی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی لەلایەن دانەرێکی عەرەبییەوە بەناوی (سیدی حامید ئیلی) لە یەکێک لە بازاڕەکانی (تێلێتا) دۆزراوەتەوە.

وەختێک لە سەعات سێی ئێوارە بەمەبەستی جێهێشتنی ئەو شارە ڕووم لە وێستگەی شەمەندەفەر کرد تاکو بەرەو مەدرید بڕۆم، بە بینینی ئەو وێستگەیە واقم وڕما کە لەسەر شێوازی وێستگە شەمەندەفەرییەکانی ڕۆژئاوای ئەمەریکا دروست کرابوون، وێستگەکە جگە لە ئافرەتێک لە تەرەفی لاکەی تری وێستگەکە تەواو چۆڵ بوو، دانیشتم و خۆم بەسەر جانتاکەمدا دا، دەستم بە خوێندنەوەی سەرکێشییەکان کرد، کە تێیدا دۆن کیشۆتە تووشی وەهم بووە بەهاتنی سوپایەک لە سوارچاکی دوژمن، ئیدی ئەم هێرش دەبا، لەم کاتەدا بۆ چرکەیەک ئەوەم بە خەیاڵدا هات (سانتشوباسنا) لە دەشتاییەکەی بەرامبەرم لەگەڵ ئەوانەی سەر بە ئەون دەردەکەون، چۆن دانەری کتێبەکە وێنای سەرکێشییەکانی لەم دەشتاییەدا وێنا کردبوو، چونکە وێستگەیەکی چۆڵ و کات و سەرسووڕمانیم، هەموو ئەمانە منی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە سوارچاک لامێنتشا لە بەردەممدا بەسەر پشتی ئەسپە لەڕەکەیەوە دەردەکەوێ، (ڕۆسینانتا)ش بەجلی سوارچاکییەوە، بە تفاقی شەڕ و قەڵغانەوە، لە پشتێوە سوپا زۆرەکەی دیارە، ئەمە وای لێ کردم بۆ هەتاهەتایی جان دەمۆ و دۆن کیشۆتە پێکەوە پێوەست بکەم، بە پەرۆشەوە ڕاستەوخۆ ئەوەم خوێندەوە، دواجار نەشمزانی من جان دەمۆم ناسی یاخۆ دۆن کیشۆتە.

## ئەلتاهر بن جەلون :

# ئەدەب چی پێ دەکرێ؟

لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

ڕۆماننووسی مەراکشی تاهر بن جەلون، ئێوارەی ٧ی ئەیلوولی ٢٠١١ خولی یازدەمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی ئەدەبی لە بەرلین کردەوە و، لەوێدا گوتارێکی پێشکێش کرد بە ناوی "ئەدەب چی پێ دەکرێ؟" کە تێیدا باسی شۆڕشەکانی ئێستای عەرەب و پێوەندیی ئەو شۆڕشانەی لەگەڵ کولتوور و ئەدەب کرد.

ئۆنۆرێ دی بەلزاک لە کتێبی "یادەوەرییەکانی ژیانی هاوسەری"دا دەڵێ: "بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێ بە ڕۆماننووسێکی تەواو پێویستە بە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆ بچێ، چونکە ڕۆمان بریتییە لە مێژووی تایبەت بە نەتەوەکان". لەم سەردەمانەی دواییدا، ئەو پشێوییانەی دنیایان هەژاند و ئەو ئاواتانەی بەهۆی ئازاری دنیاوە لەبار چوون، سەرنجی نووسەریان بەکێش کرد. بۆیە پێویستی بەوە نەما کە خۆی لە گەڕان لە کونج و قوژبنەکانی یادگەی ئەم یان ئەو کۆمەڵگەیەدا ماندوو بکا، چونکە هەموو شتەکان سەرئاو کەوتن و ئاشکران.

ئەو پێویستە گوێ ڕادێرێ و چاودێری بکا. ئەم شڵەژانانە تەواوی هزری ئەویان داگیر کرد. هەروەها بانگ کراوە بۆ ئەوەی شان بەشانی ئەوە بڕوا کە هەر زوو ناویان لێ نا "بەهاری عەرەبی" کە بەوەی ڕۆژنامەوانە عەرەبە پەرۆشەکان بۆ داڕشتنی دروشم ناویان نا "شۆڕشی یاسمین (کە ئەم گوڵە بە نیشانەی مێوانداری لە تونس دادەنرێ)" دەستی پێ کرد. وشەی شۆڕشیش بە ڕای من زێدەڕۆییە و بەکارهێنانەکەی لە جێی خۆی نییە. دواتریش باس لەم واتایانە دەکەم.

هیچ نووسەرێک ناتوانێ بێباک بێ بەرامبەر بە شۆڕشی تێکڕای گەلێک، مەگەر ئەو نووسەرە



ئەلتاهر بن جەلون

خۆی لەناو جوغزی خۆیدا بەند کردبێ تا ئەو ڕادەیە کە توانای نەبێ تێبینیی ئەو ئاگرە بکا لە نزیکییەوە داگیرساوە لە پێناو وەدەرنانی دیکتاتۆران لە وڵاتەکاندا، ئەو دیکتاتۆرانەی کە توانای خۆدزینەوەیان لە سزای ناشەرعییەتی ماوەی درێژی حوکمیان هەیە.

هەندێ لە نووسەران گوێ لە خۆیان دەگرن، بەرهەمەکەیش شاکارێکی هونەری دەبێ ئەگەر ئەو نووسەرە مارسێل برۆست بێ. دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن سەرنجمان ڕاکێشن و سەرسامامان بکەن لەو کاتەدا کە خۆیان بە کەسێتیی ڕۆمانی تایبەتی خۆیان دابنێن. لەو کاتەدا کە دنیا پڕ دەبێ لە چەرمەسەری، خەمی تایبەتی نووسەر نەگونجاو دەبێ و دەبێتە دڵۆپە ئاوێکی نێو ئەو دەریای چەرمەسەرییە قووڵەی مرۆڤ دەتوانن دروستی بکەن.

مافی خۆمانە لەبارەی خۆمانەوە بنووسین و نهێنییەکانمان بدرکێنین و چیرۆککەلێک داڕێژین کە بچنە خانەی "خەیاڵی کەسی" و پشت لەو دنیایە بکەین کە هەڵدەچێ و دەژی و دەمرێ. شوێنی ئەو ئەدەبە لەنێو خانەگەلی کتێبخانەکاندایە، بەڵام ئەوە ئەو ئەدەبە نییە کە من ڕێزی لێ دەگرم و دەینووسم تەنانەت ئەگەر بشزانم کە هەموو شتێک لە ناخی کەسیمانەوە هەڵدەقووڵێ و بەوانی تردا تێ دەپەڕێ. هەبوونی کەمێک خۆ بەکەمزانین لە هەڵسوکەوتدا پێویستە و تەنانەت بەسوودیشە بۆ بەدیهێنانی تمووح لە ئەدەبدا.

هەندێکی تریش هەن گوێ لە گەلەکەیان دەگرن. ڕۆژ بەڕۆژیش بەکارهێنانی زاراوەی "گەل" کەمتر دەبێ، چونکە ئێستا باس لە دانیشتوان و کۆمەڵگە دەکەین. بەڵام کە لە وڵاتانی باشوورەوە هاتبین، ئەوا وشەی "گەل" تەواوی گرینگیی خۆی هەیە و لە ناخماندا بەوپەڕی هێزەوە دەنگ دەداتەوە. ئەگەر مرۆڤ گوێ بگرێ، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی مەبەستیەتی قسە بگوازێتەوە و بێدەنگیی هەموو ئەوانەی هیوا دەخوازن و چاوەڕوانن کەسێک لە تاریکیی شەوەوە بێ بۆ ئەوەی ئازار و چارەنووسی وەرگێڕێ.

ڕۆژێکیان، شاعیری مەزنی جەزائیر، کاتب یاسین (١٩٢٩-١٩٨٩) کە دوای چەندان ساڵی دوورخستنەوە گەڕایەوە گوندەکەی خۆیان، چووە چاخانە. لەوێ یەکێ لە مشتەرییە کۆنەکانی چاخانەکە ناسییەوە و لێی پرسی: "تۆ دەڵێی کە نووسەری؟ کەواتە دانیشە و گوێم لێ بگرە". نووسین بەو واتایە دێ کە پێشتر گوێ بگری.

نووسین ئەوەیە کە گشت نەبینراوەکان وەربگێڕی، واتە ئەو نهێنییانەی ڕۆح کە تەنیا شاعیر، داهێنەر، دەتوانێ هەندێ جار هەستیان پێ بکا و، گرینگ نییە ئەگەر هەڵە یان زێدەڕۆیی بکا.

نووسەر گەواهیدەرە، گەواهیدەرێکی چاوکراوە و هەندێ جاریش کاریگەر. بۆیە ئەو تەماشای دنیا ناکا، بگرە چاودێریی دەکا و هەندێ جار لێی ورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بە نووسین بیگوازێتەوە و بە پشتبەستن بە نەستی خۆی و ڕۆچوون بە خەیاڵاتدا. چونکە گواستنەوەی دنیا لە ڕێی نووسینەوە شێوازێکە بۆ هەوڵی کەمێک تێگەیشتنی. شاراوەش نییە کە زیرەکی بەپلەی یەکەم

تێنەگەیشتنی دنیایە. لێرەدا ئەم گوتەیەی هنری بێرگسن دەگوازمەوە: "زیرەکی بەوە دەناسرێتەوە کە تێنەگەیشتنێکی سروشتییە بۆ ژیان".

بۆیە پێویستە بڕوا بە شاراوەیی بهێنین و لە لۆجیک بترسین. هەروەها پێویستە بەپارێز بین لەوانەی جەخت دەکەنەوە کە لە هەموو شتێک تێ گەیشتوون و شیکردنەوەی ورد دەخەنە ڕوو. چونکە ئەم جۆرە کەسە توندڕۆ و باوەڕدارە بەوەی جگە لە جەختکردن هیچی تری نییە. ئەو کەسەی گومانی نەبێ مەترسییە بۆ سەلامەتیی کۆمەڵگە.

هەروەها مەترسیشە بۆ ئەدەب، چونکە نووسین بەواتای گومانیش دێ، گومانی بەردەوامیش و، زانینی ئەوەی کە ڕاستییەکە و لە دەستمان هەڵدێ یان چەواشەمان دەکا. زۆربەی جاران ڕاستی سێبەرە بەسەر سەرمانەوە لە هاتوچوونە و کاتێ دەردەکەوێ ڕووناکییەکەی لەناومان دەبا.

هێرمان مەلفیل لەم چوارچێوەیەدا نووسیویەتی: "ئەو ڕاستییە بێ سازش دێتە دەربڕین، بەردەوام لایەنی پچڕپچڕی تێدایە". گومانی تێدا نییە کە سازش و دەربڕین تەواو پێچەوانەی یەکترین.

کەچی لە زۆربەی کاتدا، لە ئاڵوگۆڕیی نێوان مرۆڤەکان، حوکمی سازش بەهێزتر و باڵادەسترە لە حوکمی ڕاستی. ئەوەتا ڕۆژانە فرەوانبوونی ڕادەی بەربڵاویی درۆ و فێڵ و گەندەڵی و تەنانەت تاوانیشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڕادەیەک کە تەنیا باز بەسەر دیموکراسیدا نادرێ وەک سیستمێک بۆ پێکەوە ژیان، بگرە ناپاکیشی لە بەرامبەر دەکرێ و دەشێوێنرێ و پشتگوێ دەخرێ.

بنووس لە ڕۆچوون بە ناخی ئەم دەردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا وەستانی نییە. بەڵام بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەدەب سنووردارە و گرینگیی کتێب ئەگەر نایابیش بێ لە بەرامبەر مافیا و ماڵوێرانیی گەورەی سیاسیدا گرژ دەبێتەوە. بۆیە بەو ڕاستییە دڵخۆش دەبین کە منداڵان و شاعیران دەیدرکێنن، هەرچەندە بە هیچ جۆرێک ڕێی دزی و ڕیسوایی ناگرن.

گومان بۆ نێزیککردنەوەی کەتوار، گومان و خەیاڵە. گومان و داهێنان. ڕۆمانیش بریتییە لە پرۆسەیەکی داهێنان کە تێیدا کەسایەتییەکان لەژێر نووکی پێنووسی ڕۆماننووسدا لەدایک دەبن و دەمرن. ئەوەشی کە لە پەنهانیی ڕۆماندا ڕاستە مەرج نییە ڕاست بێ لە کەتواردا.

بەبێ پابەندی تەواو بە دانپیانانی پاول تسیلان کە دەڵێ: "هیچ ڕۆژێک یەک دێرم نەنووسیوە پێوەندیی بە بوونمەوە نەبووبێ"، دەتوانم بڵێم ئێمە لە ڕێی ئەو شەوەوە دەنووسم کە باڵمان بەسەردا دەکێشێ و کە بەیان تراجیدیایەک دەشارێتەوە کە هەندێ جار ناکرێ ئاشکرا بکرێ. بۆیە نووسین دەبێتە سەرکەشییەک تێیدا دەبێ لە نێوان خەمباری و بۆشاییدا یەکیان هەڵبژێری.

هاوشێوەی ویلیەم فۆکنەر، خەمباری هەڵدەبژێرم، چونکە لەو بڕوایەدام کە سەرباری گشت ئەو دڵەڕاوکێیەی مافی خۆمانە بەرامبەر مرۆڤایەتی هەستی پێ بکەین، مرۆڤ قازانج دەکا. بەویستی خۆم گەشبینی هەڵدەبژێرم، بەبێ ئەوەی خۆم بەو شتانە هەڵخەڵەتێنم کە مرۆڤ دەتوانێ بیانکا،

بەتایبەتی توانای لە وێرانکردنی دنیا و سەربڕینی دراوسێکەی. بابەتەکە بە نووسین و قسەکردن لەو شوێنەوە کە لە سەرووی ئەوەوەیە کە دەیبینین کورت دەبێتەوە، کە فۆکنەر بەم شێوەیە لە کتێبی "کاتێ گیان دەدەم"، ناوی دێنێ و وەسپی دەکا: "ئەو ژان و بێئومێدییەی ئەو پەراسووانەی دەکرێنەوە دەیانهێنێتە کایەوە و، ئەو پەردە ئەستوورەی ناوزکی ڕووداوە پێشێلکراوەکان دەگرێتە خۆی".

مرۆڤ نێچیری دەستی برای مرۆڤیەتی. بەڵام قوربانی زیانێکی ڕاستەقینەی بەرناکەوێ، بەبۆچوونی مۆنتین، چونکە هەر چییەک ڕوو بدا "هەر کەسێک نیشانەی دۆخی مرۆڤی پێوەیە". چەسپاندنی بنەواکانی ئازادیش بە یەکێک لە ئامانجەکانی نووسینە. ئێمە بێ سەرکەشی نانووسین و، بۆ کات بەسەربردن یان ڕازیکردنی بەهێز و میر و سەرۆکەکان نانووسین. بۆیە کاتێ ڕۆمان بەڕاستگۆیی و بەهرەوە دەنووسرێ، پێویستە لە ناوەڕۆکدا مەبەستی مرۆڤانە لەخۆ بگرێ. دەبێ گەواهیدان و هەست و بیرەوەری لەخۆ بگرێ. هەر کتێبێکیش بە شێوازی خۆی لە بنیاتنانی یادگەی دنیادا بەشدار دەبێ. بێگومان مەبەستم ڕۆمانە گرینگەکانە، ئەوانەی یارمەتیمانیان دا بژین و ڕێیان دا پێمان گەورە ببین وەک "دۆن کیشۆت دی لا مانچا"ی سیرفنتس و کتێبی "هەزارویەک شەو"ی دوو نووسەری نەناسی سەدان ساڵ و چەندان پارزەوینی، هەروەها وەک "ئۆلیس"ی جێمس جۆیس و "گەڕان بەدوای زەمەنی بزر"ی مارسیل برۆست و "گەشت بەرەو کۆتای شەو"ی سیلین و "یادەوەریی دزێک"ی جان جینێ و "چیای ئەفسووناوی"ی تۆماس مان. با لە پاڵ ئەم شاعیرە گەورانەوە، شاعیرگەلێک دابنێین کە بوونە مایەی ئیلهامی ئەو مرۆڤانەی سادەییان یان دڕندەییان ئەوەندە زەقە کە وامان لێ دەکا نەزانین چی بکەین یان بیر لە چی بکەینەوە.

ناتوانین ویستی خۆمان بۆ دادوەری تێر بکەین. با بگەڕێمەوە بۆ ئەو بەهار و یاسەمینەی بەشۆڕشەوە بەستراونەتەوە. نووسەر ناتوانێ هەڵە لە ناونانی ڕووداو و شتەکاندا بکا. چونکە ئەرکی ئەوە بە سەرهەڵدان نەڵێ شۆڕش.

ئەوەی لە کۆتای ٢٠١٠ و سەرەتای ٢٠١١ لە تونس و میسر ڕووی دا سەرهەڵدانە نەک شۆڕش. سەرهەڵدان هاوشانی تووڕەیی و بێئومێدی و ڕەتکردنەوەی تەواوی ژیانی بێ کەرامەتییە. هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان گوێ بە بەکارهێنانی وردی وشە نادەن. ئەوان حەزیان لەو دروشم و دەربڕینانەیە کە بەئاسانی لەبەر دەکرێن. لە تونس باسی "شۆڕشی یاسەمین" کرا. یاسەمین جوانە.

بەڵام شۆڕش جیاوازە، شۆڕش پیاسە نییە لە ڕۆژێکی هەتاوین و قاوەڵتییەکی ڕۆمانتیکی سەر سەوزەگیا نییە. من نامەوێ لە گرینگیی مێژوویی ئەو ڕووداوانە کەم بکەمەوە کە بەسەر تونس و میسردا هاتن. بەڵام تووڕەیی بڕوایەک نییە، بگرە تەنیا کاردانەوەیەکی جەستەییە و خۆپێشاندانێکە بۆ دەربڕینی ئەوەی کە چیی تر ناتوانرێ قبووڵ بکرێ. ئەوەتا هیچ حزبێکی سیاسی یان سەرکردەیەک یان بەرنامەیەک لە پشت ئەو خۆپێشاندەرانەوە نەبوو، چونکە سەختە



هیچ کارێکی تر بکرێ.

نیتشە ڕستەیەکی نووسیوە، دەکرا بە یەکێ لە دە ئامۆژگارییەکە بێتە ژماردن و دژ بە ئیسلام نییە. کارێکی نامۆیە ئەم فەیلەسووفە بە دەقی ئاینییەوە ببەسترێ، سەرباری گرینگیی ئەو ڕستەیەی زۆر حەزی لێ بوو بیڵێتەوە: "گرینگترین ئەوەیە مرۆڤ لە شەرمەزاری بەدوور بگیرێ" (ئەو زانینەی شادییە). جێی داخە کە هەندێ سەرکردە بەبێ ملکەچکردنی گەل ناتوانن حوکم بڕانن. مانای ملکەچیش بەلای ئەوەوە لکاندنی شەرمەزارییە بە لاوازترینەکان و داپڵۆسینیان لە ڕێی بەکەمزانین و ئەژمارنەکردنیان بە هاووڵاتی و، بەو چاوە سەیرکردنیان کە تەنیا تکگەلێکن چۆنمان بوێ وایان بەکار دێنین.

کاتێ کە بن عەلی فەرمانی بە پۆلیس دا، گشت بەرهەڵستکاران بگرن و دارکارییان بکەن و بزریان بکەن (وەک ئەوەی موبارەکی هاوڕێی کردی و لەسەری سزا نەدرا) بەناوی لەناوبردنی تیرۆر، لەو کاتەدا سنووری شەرمەزاری بەزی و چووە ناو بازنەی تاوانکارییەوە. کاتێکیش کە تاوان گشتی دەبێ و شەرمەزاری هیچ کەسێ لە هەزاران مەرەخەس ناکا، دەکەوینە بازنەی کێوییەتییەوە (همجية). گەل ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بوو پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، بەڵام کە دابەزییە سەر شەقامەکان، ئەو تووڕەیییەی دەمێک بوو لە ناخی خۆیدا پەنگی خواردبوو، بووە پاڵنەر و بزوێنەری شۆڕشەکەی.

دەتوانین ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ بەوە دیاری بکەین کە خوێندنەوەیەکی ڕووتی دەقی قورئانە، بە چاوپۆشی لە ڕۆحی دەقەکە. ئەوانەی بە توندی ئیسلامیان گرتووە بە نەزان دێنە ژماردن چونکە

ئەوان جگە لە دەقی ئاینی هیچ دەقێکی تر بە شایانی خوێندنەوە نازانن. بێگومان، ئەم داخراوییە لە خـوێندنەوەدا، ئەدەب دوور دەخـاتەوە بەو پێیـەی داهێنانی ئەدەبی لە "ئارەزووی خـراپە" و نەنگییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ. دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئیسلامی سیاسی بیرکردنەوە سنووردار دەکا و دەبێتە مایەی بەرەو دواوە گەڕانەوەیەک کە وەک دەردێک بێتە پێش چاو هەموو بیرۆکەیەکی تر ڕەت بکاتەوە.

خۆشبەختانە بنەوانگرە توندڕۆکان خۆیان چەخماخەی سەرهەڵدانەکانی دنیای عەرەبیان لێ نەداوە وەک ئەوەی بەشدارن تیایاندا، چونکە ئەمانە لایان ڕوونە کە سیستەمەکەیان کۆن بووە و توانی قایلکردنی لاوانی نەماوە.

چۆن دەکرێ سەرهەڵدانێک کە ئەمڕۆ ڕوو دەدا، بنووسرێتەوە؟ ئاخۆ دەبێ چاوەڕێ بکەین یان لە ڕێی نووسینەوە و وەسپ و دوورخستنەوەی گومانەکان و شیکردنەوەوە تیایدا بەشدار بین؟

نووسینەوەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدا سەرکێشییەکە لەژێر مەترسیی بەهەڵەداچوونە، بەڵام من نامەوێ دەستەوەستان بم. سەرەتا ورەی خۆپێشاندەرەکانی تونس سەرسامی کرد. وەک هەمووانیش قوربانیدانەکەی محەمەد بوعەزیزی کاری تێم کرد. ئینجا دەستم بەنووسینی وتار کرد و دواتر خۆم لەسەر خۆم کلۆم دا و بڕیارم دا بگێڕمەوە. سەیری مێژووی بوعەزیزیم کرد و دەقێکی ئەدەبیم نووسی، بەکورتی و بێ وەسپ و بەسادەیی. ویستم دەقێکی وشک و ڕاستەخۆ بنووسم بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە. وێنەکانی فیلمی "مامردز"ی ڤیتۆریۆ دی سیکا، کە کارێکی ناوازەی قوتابخانەی کەتواری نوێی ئیتاڵیایە و بەهایەکی دنیایی هەیە، بە بەرچاومەوە دەهاتن و دەچوون.

لە کتێبی "بەناو ئاگردا" ئەو هەفتە و ڕۆژانەم هێنایە بەرچاومەوە کە پێش ئەوەی بوعەزیزی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠دا خۆی بسووتێنێ، تێ پەڕین. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا لەو کردەوە هێمایییە تراجیدیاییەدا ئەو پاڵنەر و دۆخانە بوون کە بوونە هۆی کردەوەکە.

چۆن پیاوێک توانی بەم شێوەیە خۆی لەناوبەرێ، لە وڵاتێکدا کە خۆکوشتن بە ئاگر نەریت نییە؟ تەنانەت ئیسلامیش وەک دوو ئاینە ئاسمانییەکەی تر خۆکوشتنی حەرام کردووە. لێرەدا نووسین دەبێتە ژانێکی کەمبایەختر. ئێمە دەنووسین چونکە ناتوانین بەرامبەر بە کەتوار ببزوێین، بۆیە دەیرەخسێنین و لاسایی دەکەینەوە بە هیوای نزیکبوونەوە لەوەی هەڵی دەگرێ.

پڕ بەرهەمترین سەردەم و جوانترین سەردەمی قەسیدەی فرەنسەیی لە سەدەی بیستدا لە ماوەی بەربەرەکانە دژ بە داگیرکەری بوو. لەو شەو و ڕۆژە ڕەشانەدا ڕینێ شار و پۆل ئیلوار و لۆی ئەراگۆن و پیێر ئیمانۆێل و شاعیرانی تر جوانترین لاپەڕەکانی شیعری هاوسەردەمی فرەنسەییان پڕ کردەوە. چونکە لە بەرامبەر تراجیدیای ئەو شەڕ و سەرهەڵدانانەدا کە بوونە مایەی کوژرانی سەتان کەس، وشەکان لە قەڵاکانی خۆیانەوە دێنە دەرەوە و بەسۆزەوە پەخشان دەبن و هاوڕێیەتیی ئەوانەی کە کۆچ دەکەن و ئەوانەشی کە لەگەڵ خەمی تازیەباریدا دەمێننەوە، دەکەن.

ڕەشـەبای ئەم سـەرهەڵدانانە، ڕێڕەوی خـۆیان گـۆڕی و گـەیشـتنە کـەناراوی تر و لە هـەندێ شـوێنیـشـدا تەوژمـی خـۆیان لەدەست دا. لە لیـبـیـا و سـووریا، وەک یەمـەن و بەحـرەین، خۆپێشاندانەکان بە توندوتیژی وەڵام درانەوە، هەزاران کەس کوژران و دنیا دەستەوەستان هاتە بەرچاو و هیچی نەکرد.

تەنانەت ئەدەب بە بێدەسەڵاتیش هاتە بەرچاو. لە بەرامبەر درندەگەلی وەک قەزافی یان بەشار ئەسەد، کە حافز ئەسەدی باوکی لە ساڵی ١٩٨٢ بە قەسابخانەکەی شارە بچکۆلەکەی حەما ناوبانگی دەرکرد (٢٠ هەزار کەس کوژران و دنیاش بێدەنگ بوو)، ئەم درندانە هەر شتێک بێتە سەر ڕێیان دەیهاڕن. ئەوان دەکوژن و دەزانن ئەگەر نەکوژن خۆیان دەکوژرێن. دەشتوانن دوای ڕاونانیان بەهۆی تاوانگەلی دژ بە مرۆڤایەتیی خۆیان لە دادوەریی سزادانی نێودەوڵەتی قورتار بکەن، بەڵام ناتوانن لە دەستی گەلانیان ڕابکەن و، ئەو گەلە زوو بێ یان درەنگ دەتوانێ بیانداتە دادگە. بەڵام، ئێستا، ئێمە قەسابخانەگەلی ئاشکرا دەبینین و هیچمان پێ ناکرێ.

بەڵام ئاخـۆ چی لە توانای ئەدەبدا هەیە کـە بیکا؟ گـەلێکی پێ ناکـرێ. بێـدەنگی و خۆبەدەستەوەدان جێی قبووڵکردن نین. دەتوانین خۆمان بخەینە بەر ڕیسکی هاوارکردن لە بیاوان و ڕەتکردنەوەی بێدەنگی. ڕەنگە وشە و وتەکان سەرکەوتوو نەبن لە سووککردنەوەی کاریگەریی ژانەوە تا ئەو کاتەی یادگەی نووسراو دەبێتە شتێکی کێوی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بنووسین و بڵێین و خەیاڵ بکەین و سەرکۆنە بکەین و هاوار بکەین. پێویستە گشت ئەمانە بە ڕژدی و سووربوونەوە بکەین، چونکە ئەوەتا پیاوان و ژنان دەکوژرێن و خێزانگەل هەن کە نوقمی تازیەباری بوونە و پەرت دەکرێن... لە کاتێکدا خەمی گەورە ڕۆحەکان دادەگرێ.

جۆزێ سیمبرۆن لە زاری ئەندرێ مالرۆ دەگێڕێتەوە "من بەدوای ناوچەی زیندووی ڕۆحدا دەگەڕێم، کە تیایدا خراپەکاریی ڕەها ڕووبەڕووی برایەتی دەبێتەوە". من پێم وا نییە خراپەکاریی ڕەها پێویستی بە ڕۆح هەبێ، چونکە ئەو ڕەهایە و پێوەست نییە بە ڕۆحەوە. ئەدەبیش لەم پوختەیەوە سەرچاوەکانی خۆی بەدەست دێنێ. لە کۆتاشدا ئەم وتەیەی جان جینێ دەخەمە ڕوو: "مرۆڤ نابێ بە هونەرمەند، بەبێ ئەوەی چارەنووسی ئاوێتەی خەمێکی گەورە نەبێ". ئەدەب لە پێناو ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردن نەهاتووەتە کایەوە، بگرە تەنیا بۆ ئەوە هاتووە کە هەبێ و، وامان پێشان بدا کە گوایە ئەوە خۆمانین چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین، ئەم کارەش بێگومان بە هەڵە دێتە ژماردن و وەلا دەنرێ.

نووسەر گەواهیدەرە لەسەر سەردەمی خۆی. من لێرەدا ناوەستم، بەڵام ئەمە خۆی پێوەستە بەو سەردەمە و بەو کارەوە کە نووسەر دەیکا. تەنیا گەواهیدان بەس نییە، بەلای کەمەوە وەک دیتنی من بۆ ڕۆڵی نووسەر. بگرە پێویستە لەوە زیاتر بڕۆین و بوێرانە ئەوەش وەرگێڕین کە نایبینین. شاعیر ئەو کەسەیە کە ڕاستی دەبینێ لەو کاتەدا کە گشت هەوڵەکان لە پێناو شاردنەوەی ڕاستین لەنێو ژاوەژاو و تەم و ڕووکەشدا.










لەوانەیە شیعر توانێکی زیاتر هەبێ بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دنیا، بەڵام ژمارەی ئەو شاعیرانەی لە سەدەیەکدا دەردەکەون چەندە؟ گرفتەکە لێرەدایە. ئەمە بۆ شیعر ڕاستە وەک چۆن بۆ فەلسەفەش ڕاستە.

ڕۆژانە دەبینین خۆدەرخستنی "فەیلەسووفان" لە کۆمەڵگەکەماندا دەردەکەوێ، هەندێکیش لەوانە وەک "فەیلەسووفانی نوێ" خۆیان بە ئێمە ناساندووە، وەک ئەوەی بیرکردنەوە لە ڕێبازێک و داهێنانی (گوتاری ڕێباز) پشت بە شێواز و شەپۆلێکی نوێ ببەستن. گشت ئەوانە جیدی نین.

ئەوەندەی من بزانم، هایدگەر بە دواین فەیلەسووفی گەورە دێتە ژماردن. گشت ئەوانەی بە دوای ئەودا هاتن بە فەیلەسووفی سەرەتایی دێنە ژماردن هەرچەندە ناکرێ لە نرخیان کەم بکرێتەوە، من کە ئەمە دەڵێم کەسانی وەک هابەرماس و میشێل فوکۆ و جاک دیریدا و جیل دۆلۆز لە بەرچاوانمن. ئەمە کە بۆ فەلسەفە ڕاستە بۆ شیعریش ڕاستە. بیرکردنەوەیەکی بێ سەوداکردن و بێ سازش، بیرکردنەوەیەک کە لە ئێستا تێپەڕێ، دەتوانێ دنیامان لە سەردەمی ئەرستۆ و ئەفلاتوونەوە بۆ بگێڕێتەوە.

کاتێک مێژوو دەست پێ دەکا هەنگاوی گەورە گەورە بنێ و، کاتێ سەرسامان دەکا و

دەمانگەڕێنێتەوە ئاسۆ هەژارەکەی خۆمان، پەردە لە ڕووی خەیاڵ دێتە ڕامالْین. ئەو کاتەش ڕۆمان پێویست دەبێ نە تەنیا بۆ لێکدانەوەی دنیا بگرە بۆ هەڵکردنیش لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوودا.

نووسین... هەندێک دەنووسن بۆ ئەوەی شێت نەبن، هەندێکیش لەبەر لاوازیی خۆیان دەنووسن و هی تر هەن وەک بیکیت بۆیە دەنووسن "چونکە کارێکی تریان پێ ناکرێ" و هی تر هەن وەک فۆکنەر بۆیە دەنووسن چونکە شەیدای "تاریکیی هەڵخەڵەتێن و مایەی گاڵتەکردنن بە دنیا". هەندێکیش هەیە دەنووسێ لەبەرئەوەی دڵنەواییی نادرێتەوە و لە پەناگەی وشەدا بزر دەبێ. هەندێکیش پێیان وایە کە دەتوانن مرۆڤ بگۆڕن.

سپینۆزا لەمێژە وریاداریی پێمان داوە لەوەی "هەر بوونەوەرێک ڕووی لە بەردەوامییە لە قەوارەکەی خۆیدا". بەڵام تۆماس بێرناردی برادەرمان، چەندان جار پێش کۆچکردنی پێمانی گوت "هەرگیز، هیچ نووسەرێک نەیتوانیوە کۆمەڵگەی خۆی بگۆڕێ. گشت نووسەران نووچیان خواردووە. ئێمە جگە لە نووسەری نووچخواردوو نووسەرمان نەناسیوە".

زانین بەهێزمان دەکا. هیچ کەسێکیش لەو نووسەرە خراپتر نییە کە پێچەوانەی ئەم قسەیە دەکا. پێویستیشە نووسین بۆ لە پێناوی ئەم ئامانجە هەرگیز نەوەستێ. بگرە دەبێ لە گشت کاتێ زیاتر بنووسین و گشت توانمان بخەینە گەڕ بۆ نووسینی شتی جوان و بەهێز، تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان مەیلیان بەلای ڕۆچوون لە ڕووکەشی و نزمبوونەوە و کرێتیدا بوو.

بەڵام ئەو مرۆڤایەتییە سەرسامان دەکا و هەندێ جار هەستەکانمان دەبزوێنێ. ئەمەش بوو کە لە ماوەی بەهاری عەرەبیدا ڕووی دا و هاوشانی بەردەوامیی خوێنڕشتنی ڕۆژانەی بێتاوانان لەلایەن سوپاکانی لیبیا و سووریاوە بە بەرچاوگەلێکی بێدەسەڵاتی دنیاوە.

دۆخی مرۆڤ دەکەوێتە ناوجەرگەی داهێنانی ئەدەبییەوە و، دەبێ پێوەستی هەبێ پێیەوە و، بەدواداچوون بۆ هەژانەکانی بکرێ و هێڵەکانی هیوای بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بنووسین. وایش دەردەکەوێ کە کاتی ئەوە هاتبێ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بچنە نێو لاپەڕەکانی ئەدەبەوە.

بەردەوام تاوانکاران هەبوونە و زۆرن ئەوانەی لەناو پێخەفەکانیاندا دەمرن. نابێ ڕۆماننووس خۆی لەم شتانە بدا. چونکە ئەو بۆیە دەنووسێ لەبەرئەوەی ئەرکی سەرشانیەتی و، پێویستە بەوپەڕی دیوەدەرییەوە ئەمە بکا ئەگەر پێی کرا.

ئەم بابەتە بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی "حەیات" لە ٩ و ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە، هاوکات لەگەڵ فیستیڤاڵەکە. بەشی وەرگێڕان لە ڕۆژنامەی "حەیات" لە فرەنسییەوە کردوویەتی بە عەرەبی.

وتار

سایتی دۆیتچە ڤێلە

# پرسی سێکس لای ژنە نووسەرە عەرەبەکان

له عەرەبییەوە : ئەردەڵان عەبدوڵڵا



ئاخۆ ژن لە ئەزموونی تایبەتیی سێکسیی خۆیەوە یان تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵێکی زمانییەوە دەنووسێت؟ ئاخۆ دەبێت حوکمێکی ئەخلاقی لەسەر ئەدەب بدەین یان دەبێت رەخنەکانمان تەنیا لەبارەی ناوەڕۆکی نووسینەکەوە بێت؟ سایتی دۆیتچە ڤێلە، لەم بارەیەوە لەگەڵ کۆمەڵێک ژنە نووسەری عەرەبی دەدوێت و باسی بەرهەمەکانی خۆیان دەکەن.

زۆرجار ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ژنە نووسەر و شاعیرە عەرەبەکان دەکرێتەوە، ئاخۆ ئەوان لە ئەزموونی تایبەتیی خۆیانەوە لەبارەی (سێکس و خۆشەویستی)یەوە دەنووسن. بۆ

نموونه کاتێک ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆمانی (برهان العسل)ی ژنه نووسەری سووریایی (سلوى النعيمي) بڵاو کرایەوە، یەکەمین پرسیار کە ڕووبەرووی نووسەر کرایەوە ئەمە بوو. ئاخۆ ئەزموونی ڕۆمانی (برهان العسل)، ئەزموونێکی شەخسییە؟. لە وەڵامدا نووسەر گوتی: "کاتێک ئەم پرسیارەم لێ دەکەن، بە پێکەنینەوە پێیان دەڵێم، هەموو ئەوەی کە دەینووسم ڕاستییە و خەیاڵیشە".

جێگەی گوتنە ئەم ڕۆمانە، هەرایەکی گەورەی لە گێتیی عەرەبیدا نایەوە، چونکە باسی ژیانی سۆزداری و سێکسیی ژنێکی عەرەبی دەکرد. بەڵام ئاخۆ مەبەستی (سلوى النعيمي) چی بێت، کاتێک دەڵێت "هەموو ئەوەی کە دەینووسم، ڕاستییە و خەیاڵیشە؟. لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ دۆیتچە ڤێلەدا، نووسەر هەوڵ دەدات تەفسیری ئەم قسەیە بکات، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم بابەتەشەوە، دەرگە دەکاتەوە بۆ کۆمەڵێک بابەتی تر. ئەو دەڵێت:

"ئەمە مانای زۆر شت دەگەیەنێت".

دیارە (سلوى النعيمي)، زۆر چیرۆکی نایابی لەم بوارەدا نووسیوە. لە یەکێک لە کۆڕەکانیدا، کە لە ئیتالیا سازی کرد، کە تێیدا کتێبەکەی خۆی دەخوێندەوە، ژنێک لە ئامادەبووان لێی پرسی:

**سەلوا ئەلنعێمی**



"ئاخۆ دەتوانیت ژمارە تەلەفۆنی "مفکر"مان بدەیتێ؟). "مفکر" ناوی پاڵەوانی ڕۆمانە ناودارەکەی (سلوى النعيمي) بوو لە (برهان العسل)دا. ئەم کابرایە توانایەکی ئێجگار تایبەتی سێکسیی هەبوو، کە لەگەڵ پاڵەوانە ژنە ناسکەکەی ڕۆمانەکەدا، هەڵسوکەوتی دەکرد.

من لە ئەزموونی تایبەتیی خۆمەوە دەنووسم:

ژنە شاعیرەی مەغریبی " وداد بنموسى" لە دیوانەکانیدا، باسی جەستە و سێکس دەکات، بەتایبەتی لە دیوانی (زوبعة في جسد) کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ریباط چاپ و بڵاو کرایەوە. وداد هیچ شەرم ناکات و دەڵێت، من هەموو ئەوەی کە دەینووسم، لە ئەزموونی خۆمەوە هەڵدەقووڵێت. ئەو پێی وایە:

"هەر ئەزموونێک لە ئەزموونی تایبەتییەوە هەڵنەقووڵێت، ئەوا ئەزموونێکی نوقسانە"

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ دۆیتچە ڤێلە، (وداد بنموسى) دەڵێت:

"ئەزمــوونی شــەخــسی دەبێــتــە خــۆراکــێک بۆ نووســینەکــانم، وە ســەرچاوەی سەرەکیش، خودی خۆمە کە لەگەڵ راستیدا یەک دەگرێتەوە".

پاشان ئەم شاعیرە مەغرىبییە دەڵێت:

**ویداد بنموسی**



"ژیانی خۆشەویستی شتێکی پێویستە، بەو پێیەی کە خۆشەویستی جوانترین و باشترین شتی سەر بوونە و خــــواش بۆیە خــــەڵقی کــــردووین کــــە خۆشەویستی بکەین، ژیانی خۆشەویستی، بەشێکە لە بوون و کــیــانمان لەم کــۆمــەڵگایەدا، ئەو تەنیــا پرۆسـەیەکی منداڵبـوون نییـە، بگرە خـۆشـەویسـتی شتێکی چێژگەیێنشە."

هەروەها بنووسی (زوبعة في جسد) دەڵێت:

"ئەو ژنـەی کـە لـەبارەی ئەم بـابەتـەوە دەنووســێت، بەوپەڕی باوەڕ بەخـۆبوون یان بەم شـێوە ڕاسـتگۆیە، وەکو ئەوە وایە بەشـێـوەیەکی زۆر ئازادانە لە فـەزای ئازادیدا دەربچـێت، ئەمــەش هێندەی تر داهێـنانێکی جـیدییـانە و راسـتگۆیانە و ئامـانجـداری پێ دەبەخشێت، کە ئامانجی خلودبوونە".

دیارە (وداد بنـموسی) بۆچوونی خـۆی بەسـەر ژنە نووسـەرەکانی تردا نـاسـەپێنێ، ئەوانـەی کە دەڵێن، مەرج نییە کە تۆ ئەزموونێک دەبێت تێیدا بژیت، ئینجا دەتوانیت لەسەری بنووسیت.

"من دژی ئەو کەسـانە نیم کـە دەترسن و دەڵێن، ژن مـەرج نییـە تەنیـا لە ئەزمـوونی تایبەتیی خۆیەوە بنووسێت، بەڵام من بەوپەڕی ئازایەتییەوە گوزارشت لە بۆچوونی خۆم دەکەم و نامەوێت خەڵکی تر بخەمە قەفەزی تۆمەتبارییەوە."

پاشان ئەم شاعیرە مەغرىبییە دەڵێت:

"من نامـەوێت لەگەڵ زمـان بکەومـە شـەڕەوە. ئەو سـاتەی کە تێیدا دەنووسـیت جـا سـۆزداری بێت یان سـێکسـی، ئامــانج تێـیـدا ئەوەیە کـە ئەم حــاڵەتە بەوپەڕی تەواوەتی و ڕاسـتی و ڕەونـەقـیـیـەوە، بە کـەسـانی تر بگەیەنیت، چونکە گـەر تاک نەتوانێت ئەو سـاتەی کە تێیدا دەژی، بەوپـەڕی شـەفافیـەتەوە بیگەیەنێت، کەواتە بۆچی دەنووسین؟. باشتر وایە کە مرۆڤ هەر بێدەنگ بێت و هیچ نەنووسێت."

حوكمی ئەخلاقی لەسەر ئەدەب جێگەی قبووڵکردن نییە:

ژنە نووسەری سووریایی (سلوی النعیمي) لەو باوەڕەدایە، کە ئەم پرسیارە زیاتر ئاراستەی ژنە نووسەرەکان دەکرێت تا پیاوەکان، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە وا دەردەکەوێت لە ئەزموونێکی شەخسسییەوە بێت، بۆ نموونە ئەزموونی خۆشەویستی و سێکسی.

(سلوی) بە پێکەنینەوە دەڵێت:

"گەر کتێبێک لەبارەی ئەزموونی سیاسییەوە بنووسیت، هیچ کاتێک لێت ناپرسن، ئاخۆ تۆ ئەو ئەزموونە سیاسییەت دیوە یان ژیاویت؟ بەڵام کاتێک لەبارەی ئەزموونێکەوە دەنووسیت، کە گوزارشت لە ئەزموونێکی خۆشەویستی بکات، یەکسەر رووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبیتەوە."

بەلای (سلوی النعیمي) یەوە، گەر ئەم پرسیارە لە خوێنەرێکی ئاساییەوە بێت، هیچ پێی ناڕەحەت نابێت. ئەو دەڵێت:

"من جیاوازی دەکەم و تێش دەگەم، گەر خوێنەرێکی فزوڵی حەز بکات زیاتر بزانێت ئاخۆ ئەمە ئەزموونی شەخسییە یان خەیاڵییە. بەڵام ئەوەی کە هیچ وەختێک ناتوانم قبوولّی بکەم و ناڕەحەتم دەکات ئەوەیە، کە ئەمە بچێتە قاڵبی رەخنەگرتنەوە، یان رەخنەگرێک جنێوم پێ بدات چونکە من لەبارەی سێکس یان ئەزموونی تایبەتیی خۆمەوە دەنووسم، ئەمەش بە شتێکی سەخیف و لاواز رووکەوشی دەبینم."

(سلوی النعیمي) لەو کاتەوەی کە رۆمانی (برهان العسل)ی بڵاو کردووەتەوە، رووبەرووی ئەم جۆرە رەخنانە بووەتەوە، کە پشت بە حوکمێکی ئەخلاقییانە دەبەستن.

(سلوی النعیمي) بە توندی بەرگری لە خۆی دەکات و دژی ئەو جۆرە حوکمانە دەوەستێتەوە کە لەبارەی ئەدەبەوە دەکرێت و داوا دەکات کە لەو جۆرە رەخنانە دوور بکەوینەوە. (سلوی) دەڵێت:

"کاتێک کتێبەکە بڵاو بووەوە من گوتم: رەخنەی عەرەبی لە سەدەی ١١ وە لە سەردەمی (عبدالقاهر الجرجاني)یەوە، جیاوازی دەکات لە نێوان کەسایەتیی. نووسەر و بەرهەمە ئەدەبییەکەی، هەروەها حوکمێکی ئەخلاقی لەبارەی بەرهەمە ئەدەبییەکەیەوە نادرێت. بەڵام هەندێک رەخنەگری ئەمڕۆمان، حوکمێکی ئەخلاقی لەبارەی کتێبێکی داهێنەرانەوە دەدەن، وە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ناچێتە قاڵبی رەخنە گرتنەوە."

**ئاخۆ غیرە لە پیاوێکی وەرقیش دەکەیت؟**

(سلوي النعيمي) لە نووسینی دوایین ڕۆمانی تەواو بووە، کە لەژێر ناونیشانی (شبه الجزيرة العربية)، ئەم ڕۆمانەش لە فێبراوەری ساڵی نوێدا لەلایەن (دار رياض الريس) چاپ دەکرێت، بۆ یەکەم جار لە پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی لە (دار البيضاء) لە مەغریب بڵاو دەکرێتەوە. (سلوي النعيمي)، هیچ شتێکی لەبارەی ئەم ڕۆمانە نوێیەی نەگوت، تەنیا ئەوەندەی گوت "کە دەبێتە شتێکی کتوپڕی خۆش بۆ خوێنەران"

دیارە ئەم پرسیارە تەنیا ڕووبەڕووی ژنە نووسەران نەبووەتەوە، بگرە هەزاران جار شاعیری سووریایی (نزار القباني)، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پرسیارانە بووەتەوە. دیارە ئەو بەناوبانگترین شاعیر بوو کە لەبارەی خۆشەویستی و سێکسەوە دەینووسی. هەرچەندە شاعیر لە زۆر بۆنەدا گوتوویەتی، تەنیا چەند جارێکی کەم نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێدرێت، شیعرم لە ئەزموونی تایبەتیی خۆمەوە نووسیوە.

**ئەحلام موستەغانمی**



هەر لەمبارەیەشەوە ژنە نووسەری جەزائیری (أحلام مستغانمي) لە کتێبی (نيسان كم)دا دەڵێت، مەرج نییە نووسەر لە ئەزموونی تایبەتیی خۆی و موعاشەرەی خۆیەوە لەبارەی خۆشەویستی بنووسێت، بگرە زیاتر لە خەیاڵی خۆشەویستییەوە نووسین هەڵدەقووڵێت.

لە کتێبی (ذاكرة الجسد) (أحلام مستغانمي)، لە زاری "حياة" پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، باسی ئەم بابەتەی کردووە. " حياة " یەکەمین ڕۆمان کە دەینووسێت، پێشکێشی خۆشەویستەکەی دەکات. بەڵام کابرا هیچ بایەخێک بە ڕۆمانەکە نادات، بگرە ئەو زیاتر بایەخ بە (پاڵەوانی ڕۆمانەکە) دەدات و لە "حياة" دەپرسێت. "ئاخۆ ئەو پیاوە کێیە کە ئەو لەسەری نووسیوە". "حياة"یش وەڵامی دەداتەوە پێی دەڵێت، "ئاخۆ غیرە لە پیاوێکی وەرەقیش دەکەیت؟.". پیاوەکەش دەڵێت، "دەتەوێت بڵێیت ئەوە پیاوێکی خەیاڵی بووە؟". "حياة"یش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت.

(جیاوازی هەیە لە نێوان ئەدەب و ئەوانەشی کە لەسەریان دەنووسین.)

سەرچاوە: سایتی دۆیتچە ڤێلە.

## محەمەدی مەلا کەریم:

# قوتابخانەی شیعریی گۆران و شێرکۆ دوو قوتابخانەی زۆر لێک جیاوازن

نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ و شاعیر محەمەدی مەلا کەریم لە ١٩٣١/٨/١٤دا لە گوندی بیارەی سەر بەقەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. دەرچووی حوجرەیە و لای باوکی خوێندوویەتی. تا ئێستا خاوەنی پتر لە ٣٠ کتێب و نامیلکەیە. بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت و فارسییش دەزانێت.

سازدانی: سەباح ئیسماعیل

* هیچ نووسەرێک ئەوەندەی جەنابتان لە گۆرانەوە نزیک نەبووە، بۆیە زۆرجار کە باس لە گۆران کرابێت ناوی محەمەدی مەلا کەریم بە دوایدا هاتووە. چۆن بیرتان لە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لە گۆران نەکردووەتەوە، یا یادگارەکانتان لەگەڵ ئەو بە چاپ نەگەیاندووە؟

– من ناتوانم ئەوە بڵێم کە هیچ بنووسێک ئەوەندەی من لە گۆرانەوە نزیک نەبووە، چونکە یەکەم من شتێکی ئەوتۆ لەبارەی پێوەندیی گۆرانەوە بە شاعیران و بنووسانی سەردەمی پێش گیرانی یەکەمیەوە نازانم. دووەمیش من پاش ناسینی، چەند ماوەیەکی پچڕپچڕ لەگەڵی ژیاوم و لێیەوە نزیک بووم. من گۆرانم، یەکەم جار، لە سەرلێدانێکی هەندێ برادەری بەندیی بەندیخانەی سلێمانیدا دیوە کە لەسەر خەباتیان لە دژی دەرەبەگی گیرابوون. خەستوخۆڵترین ماوەی ناسیاویی من لەگەڵ گۆران هیی ئەو سەردەمەیە کە ئەو لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٥٢دا



محەمەدی مەلا کەریم

ڕۆژنامەی (ژین)ی گرتبووە دەست و هەردووکمان ئەندامی لیژنەی ئاشتیخوازانی سلێمانی بووین و بەو بۆنەیەوە من زۆر لە ڕۆژەکانی هەفتە لە بارەگەی ڕۆژنامەکەدا سەرم لێ ئەدا و سەرەتای کارکردنیشم لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا لەوێوە بوو.

ئەم ماوەیە تا پایزی ١٩٥٤ درێژەی کێشا. کە وەزارەتی نووری سەعید هاتەوە سەر کار و بەشی زۆری ئەندامانی لیژنەی ئاشتیخوازان گیران و بەندی کران، یان لە سلێمانی دوور خرانەوە و، من خۆییشم پاش ئەوان بە چەند هەفتەیەک گیرام. ئیتر تا هاوینی ١٩٥٥ یەکتریمان نەدییەوە. ئەوە بوو لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٥٥دا لە بەندیخانەی بەعقووبە بۆ ماوەی کەمتر لە مانگێک بە یەک گەییشتینەوە و، پاش ئەوە ئەویان لە ئەنجامی هێرشهێنانی حکوومەت بۆ سەر بەندیخانە و مانگرتنی بەندییەکاندا گواستەوە بۆ نوگرە و من لە بەعقووبە مامەوە تا ماوەی بەندییەکەم تەواو کرد. لە بەهاری ١٩٥٦دا دیسانەوە لە بەدرە بە دیداری یەک شاد بووینەوە. ئەو ماوەی یەکگرتنەوەمان لە بەدرە تەنیا چەند مانگێک بوو، ئیتر گۆران ماوەی دوورخرانەوەکەی تەواو بوو و لە بەدرە نەما، هەرچەند پاش ئەوەیش بە یەک دوو مانگێک گیرایەوە و خرایەوە زیندان و تا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەرنەچوو. لەو ماوەیەدا و تا بەیەکجاری هاتە بەغدا و لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئاداب دامەزرا و موحازەرەی بە قوتابییەکان دەدا، جاروبار کە من دەچوومە سلێمانی یا ئەو دەهاتە بەغدا یەکتریمان دەدی و پێوەندیمان لەمەندە زیاتر نەبوو. پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورددا لە شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٦٠دا چەند ڕۆژێک پێکەوە بووین. پاش کۆنگرەی مامۆستایان موتەسەریفی سلێمانی گۆرانی لەسەر ئیشەکەی دەرکرد چونکە بێ ڕێگە پێدانی ئەو چووبوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەدا و ئیتر ئەوە بوو گۆران بەیەکجاری هاتە بەغدا و لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئاداب دامەزرا وەک باسمان کرد. هەروەها بوو بە بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبیی ڕۆژنامەی (ئازادی)ی زمانی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی و لەم ماوەیەدا چەندین وتاری بەپێزی لە ئازادی و لە گۆواری (هیوا)دا بڵاو کردەوە و چەندین موحازەرەی لەبارەی تێکڕای ئەدەب و ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە بەسەر قوتابیانی بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابدا خوێندەوە. لەم ماوەیەدا نزیکییەتیی ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤م لە گۆران سەرلەنوێ پەیدا بووەوە. بە ڕۆژ لە ڕۆژنامە یەکتریمان دەدی و عەسران دەچوومە لای لە شوقەکەی لە شەقامی شێخ عومەر. زۆرجاریش وا دەبوو من و ئەو و مامۆستا دڵزاری شاعیر کە ئەویش لە بنووسانی ڕۆژنامە بوو و ماڵی هاتبووە بەغدا، کە ئێواران لە ڕۆژنامە دەردەچووین، دەچووینە چێشتخانەی (حاتی) لە شەقامی شێخ عومەر و سەروپێیەکی خۆش و بەلەزەتمان دەخوارد. ئەم حاڵە تا نەخۆشکەوتنی گۆران و عەمەلیات بۆ کردنی لە خەستەخانەی فەیزی کە ئەو کات لە نزیکی شەقامی نیزالەوە بوو، بەردەوام بوو.

من ئێستا هەرچەند بیر لەو ماوەی ژیانم لەگەڵ گۆران دەکەمەوە داخێکی زۆر دەخۆم کە بۆچی بە درێژاییی ئەو ساڵانە ئەوەندە هۆشیاریی کولتووریم نەبوو کەڵک لە گۆران وەربگرم و لەبارەی

ئەدەبی کوردی و، شاعیرانی پێشووی کورد و، دەوری خۆی لە هێنانەدیی شیعری نوێی کوردیدا و، تاقیکردنەوەی شیعریی خۆی و، شاعیرە دیارەکانی سەردەمی و، بیروەرییە سیاسی و کولتووری و ئەدەبییەکانی و، چوونی بۆ فەلەستین و، بۆنەی دانانی هەرپارچە شیعرێکی و، چەندین بابەتی تری لەم چەشنەوە پرسیاری لێ بکەم و لەگەڵی بدوێم و زانستەنیی پێویستی لێ وەربگرم و هانی بدەم بیرەوەرییەکانی خۆی لەم بابەتانەوە بنووسێتەوە و بیانخاتە سەر کاغەز و سەرنجەکانی خۆی سەبارەت بە ئەدەبی کورد و مێژووی و شیعری کوردی و بەتایبەتی شیعری نوێی کوردییەوە بنووسێ. ئەم ناتەواوییە تەنیا دەردی من نەبوو، من پێ بزانم هیچ کەسێکی تریش بیری بەلای ئەم بابەتەدا نەچووە. کەسێکی وەک مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە دوو بەرگی لەسەر شاعیرانی کورد نووسیوە و گۆرانیش یەکێکە لەو شاعیرانە، یا یەکێکی وەک مامۆستا عەلائەدین سەججادی کە مێژووی ئەدەبی کوردیی داناوە، هەرچەند ئەم هەر باسی شاعیرە مردووەکانمانی کردووە، چی دەبوو ئەگەر لەم بارەوە چەند پرسیارێکیان لە گۆران بکردایە و پاشان بڵاویان بکردایەتەوە؟ ئەوە تەنیا کاک عەبدوڕەزاق بیماری شاعیر و بنووس بوو کە لەگەڵ تەمەنی گەنجییشیدا لە هەموومان هۆشیارانەتر بیری لەم مەسەلەیە کردەوە و منی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و پێکەوە چووینە لای گۆرانی نەخۆشی گرفتاری دەردی شێرپەنجە و چەند پرسیارێکی فرە پڕبایەخی لێ کرد کە ئەوە بوون لە ١٩٧٠دا لە یەکەم ژمارەی کۆواری (بەیان)دا بڵاوی کردنەوە و بڕیارمان وابوو جارێکی تریش بچینەوە لای پرسیاری تریشی لێ بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی کە نەخۆشی بەتەواوی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، پڕکێشیی نەکرد. سەد شەڵڵا سەرباری نەخۆشییەکەی، چش، بچووینایەتەوە چەند پرسیارێکی تییشی لێ بکردایە و، مەڵۆیەکی گەورەی تری بەو پرسیار و وەڵامانە بخستایەتە سەر خەرمانی ئەدەبیی کوردی.

دەسکەوتی گەورەی من لەو هەستان و دانیشتنەم لەگەڵ گۆران لە ڕۆژنامەی ژیندا ئەوە بوو کە بەهۆی ئەوەوە کەوتمە تام و چێژکردنی شیعری کوردی و لەپێش هەمووییەوە شیعری ئەو خۆی. من ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین)ی سەردەمی ئەوم هەموو کۆ دەکردەوە و شیعرەکانی ئەوم تیایاندا بە هەموو پێ خۆشبوون و چێژکردنێکەوە دەخوێندەوە و هەر ئەوەیش بوو بەبنەمای ئەوە کە بیری کۆکردنەوەی هەموو شیعرەکانی کەوتە کەللەم و سەرەنجام، توانیم بەیارمەتیی یەکەتیی نووسەرانی کورد دیوانە نازدارەکەی بڵاو بکەمەوە. گۆران بۆ خۆییشی (فرمێسک و هونەر) و (بەهەشت و یادگار) و (پەیامی کورد) و (هەڵبژاردە لە چیرۆکی بێگانە)کەی خۆی بە دیاری دامێ و بە دەست و پەنجەی خۆی و بە خەتە خۆشەکەی بۆی لەسەر نووسیم. ئێستا ئەو کتێبانە، (پەیامی کورد)ەکەیان نەبێ کە ئەمن لە داپڵۆسێنێکی ماڵماندا لە ١٩٥٤دا بردیان، بە جزوبەندکراوی لە کتێبخانەکەمدا پارێزراون.

کە گۆران گیرا چوومە ماڵیان بزانم دەسنووسی شیعری چی لە ماڵەوە هەیە بیانبەم بۆ لای خۆم هەڵیان گرم، هیچم نەدییەوە. کە کاتی خۆی لە (ژین) دەچوومە لای جارجار دەمدی لە چەکمەجەی

مـێـزەکـەی بەردەمـیـدا دوو سێ دەفـتـەری دەردەهـێنا پـارچە شـیـعـرێکی لە ڕووی یەکـێکیـان دەنووسـییـەوە و دەیدایە دەستی پیت ڕێکخـەرەکەی چاپخانـە پیتی بۆ ڕیز بکا و لە چاپی بدا. بۆیە چوویشم بۆ ڕۆژنامە ئەو چەند دەفتەرەم لە چەکمەجەی مێزەکەی دەرهێنا و بردمنە لای خۆم و، لە ترسی ئـەوەی نەوەک پۆلیس بێن مـاڵمـان بپـشکنن و منیش وەک ئاشـتـیـخـوازەکـانی تر بگرن و، لەلایەکی تـرییشـەوە کـاکە فـاتیـحم کە مـەلای (بزەینیـیـان) بوو لە شـاربـاژێڕ گیـرابوو، دیسـان دەترسـام گـرتن منیش بگرێتـەوە. بۆیە دەفـتـەرەکـانم بـردە مـاڵی بـرادەرێکمـان کـە خـۆیشی و خێزانـەکەییشی سەر بە حزب (حزبی شیوعی) بوون و لەوێ لای (باجی ئافتاو)ی ژنی ئەو برادەرە دامنان تا پاش شـۆڕشی ١٤ی تەمـووز بۆی هێنامنەوە. منیش نوسـخـەیەکم لەڕوو نـووسـینەوە و ئەسڵەکەیانم بردەوە بۆ مامۆستا گۆران خۆی کە لە ڕادەبەدەر بە دیتنیان گەشایەوە. گۆران بەشێ لە شیعرەکانی ناو ئەو دەفتەرانەی لەژێر ناوی (سروشت و دەروون)دا جوێ کردەوە و خستییە ژێر چاپ و یەک دوو فۆرمـەیشی لە چاپخـانەی (کامـەران) لە سلێمـانی لێ لە چاپ درا، بەڵام پاشـان دەستی لـەو نیـازەی هـەڵگرت و کـارەکـەی تەواو نەکرد. من ناونیـشـانی (سـروشت و دەروون)م لەو نیازەی گۆران خۆی وەرگرتووە بۆ بەشێک لە شیعرەکانی لە دیوانەکەیدا کە لەو جۆرە شیـعرانەین ئەو ناو و ناونیشانەیان بۆ دەست بدا.

من ئەم درێژەپێـدانەم بە وەڵامی پرسـیـاری یەکـەمت بـۆ ئەوە بوو هـەندێ زانسـتـەنـی لەم بارەوە بخەمە بەردەستی ئەوانەی ئەم وەڵامانە دەخوێننەوە، ئەگینا زۆر باش دەزانم پێوەندییەکی وایان بە پرسیارەکەی تۆوە نییە.

بێینەوە سـەر پرسـیـارە ئەسـڵـییـەکـەت. لەو بارەیەوە دەڵێم: من بـەڕاسـتی خـۆم بەو لێکۆڵەرەوە ئەدەبییە نازانم بتوانم مـافی شیعری گۆران بدەمە دەست و ئەرکی لێکۆڵینەوەی لایەنە هونەری و ستاتیکییەکانی بگرمە ئەستۆی خۆم. ڕاستیشت دەوێ تا ئێستا، بە تێگەیشتنی من، لەناو گشت لێکۆڵەرەوە ئەدەبیـیـەکـانی کـوردداد، (حـوسـێن عـەلی شـانۆف)ی ئازەربایجـانی و (د. کـەمـال میراودەلی)ی خۆمانی لێ دەرکەی، کەسێک هەڵنەکەوتووە بەباشی خۆی لە قـەرەی ئەم بابەتە بدا. ئەوەی حوسێن عەلی شانۆف مامۆستا شوکور مستـەفا لە ئازەرییەوە کردوویە بە عەرەبی و لەژێر ناوی (شـعر الشـاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران)دا بڵاوی کردووەتەوە، تـەواو بوو و بڕایەوە. ئەوەی د. کـەمـال مـیـراودەلیش کـە چەند وتـارێکە لـە لەندەن بـڵاوی کـردوونـەتەوە لە دوو تـوێی نامیلکەیەکدا و پێشتر کە هێشتا لە عێراق بوو یەک دوو وتاریانی لە (نووسەری کورد)دا لێ بڵاو کـردبـووەوە، لام وایە زۆری تری دەوێ و کـەمی بابەتـەکـەی گـرتووەتەوە و هـەرچـەندە ئاگـەدار نیم ئێستا سـەروساختی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ماوە یا نە، بەهیوام، ئەگەر تاقەتی هـەبێ، هـەڵێکی بۆ هـەڵکەوێ و شانێکی تریشی بداتە بەر.

هـەرچی یادگـارەکـانیـشـمـە لە بارەیەوە، ئەوە بەشـێکیم لە دوو تـوێی ئەو وتـارانەمـدا بڵاو کـردووەتـەوە کـە لەبـارەی گـۆرانەوە نـووسـیـومن و بڵاوم کـردوونەتەوە و، هیـوام وایە هـەمـوو ئەو

وتارانەم لە دوو توێی دوو کتێبدا بڵاو بکەمەوە، ئەوەی کوردییە لە کتێبێکدا و، ئەوەی عەرەبییە لە کتێبێکی تردا و، ئەم پرسیارەی تۆ ببێ بە هاندەرم بۆ هێنانەدیی ئەم هیوایەم و چیی تریشم لابێ کە تا ئێستا بڵاوم نەکردبێتەوە بیخەمە پاڵیان.

من لە دۆستە هەرە نزیکەکانی گۆران بووم. کە عەمەلیاتی شێرپەنجەکەی بۆ کرا لە بەغدا هەموو ڕۆژێ دەچوومە لای لە نەخۆشخانەی فەیزی. کە حزبیش سەفەرەکەی مۆسکۆی بۆ ڕێک خست تا پزیشکە پسپۆڕەکانی ئەوێیش بیبینن، من و هاوڕێی ڕەحمەتیمان حەمەکەریم فەتحوڵڵا ئاگامان لە هەموو شتێکی بوو. تەنانەت ئەو مانگانەیەی حزب بۆی تەرخان کردبوو دەمبرد بۆ کوڕەکانی کە لە بەغدا لە ژوورێکدا لەسەر لقە شەقامێکی نێوان سەعدوون و ئەبونەواسدا لە نزیکی کتێبخانەکانی ئێستای گۆڕەپانی تەحریر دەژیان.

لە مۆسکۆیش پزیشکەکانی خەستەخانەی کرملین کە فەحسیان کردبوو هەر بە هەمان ئەنجام گەیشتبوون کە دوکتۆر ڕافید سوبحی ئەدیب لە بەغدا گەیشتبوویێ کە ئەو بوو عەمەلیاتەکەی بۆ کردبوو و بە حزبی ڕاگەیاندبوو کە نەخۆشیی شێرپەنجە سێ چارەکی گەدەی داڕزاندووە و ئەویش ئەو بەشە داڕزاوەی بڕیوە و لە ڕیخۆڵە گەدەیەکی بچووکی بۆ کردووە خواردنی تێدا هەرس ببێ و، لەبەر ئەوە ئەبێ لەوەپاش خواردنی سووک و کەم بخوا و هەروا ئەوەیان بە حزب ڕاگەیاندبوو کە لە ١٢ تا ١٤ مانگ زیاتر ناژی. بۆیە پزیشکەکانی مۆسکۆیش کە پاشان فەحسیان کردبوو هیچی تریان بۆ نەکردبوو و هەر ئەوەیان وتبوو کە دوکتۆر ڕافید بە حزبی ڕاگەیاندبوو و، بڕیاری ئەوەیان دابوو کە ماوەیەک لە سەنەتۆری (ماڵی تەندروستی) بحەسێتەوە و پاش ئەوە بنێردرێتەوە بۆ عێراق نەوەک لەوێ بمرێ و ناحەزانی سۆڤیەت مەرگەکەی بکەن بە مایەی پڕوپاگەندە لە دژی ئاستی پزیشکی لە سۆڤیەتدا وەک کۆچی دواییی شێخ عەبدولکەریم ئەلماشیتەی ئاشتیخوازی گەورەی عێراقییان لە مۆسکۆ کرد بە مایەی پڕوپاگەندەیەکی زۆر لە دژی سۆڤیەت و، هەرچی گۆران خۆیشیەتی نە هیچ ئاگایەکی لەم گشتە کەینوبەینە بوو و نە بە ڕاپۆرتی دوکتۆر ڕافید و نە بە بڕیاری پزیشکەکانی سۆڤیەتی دەزانی، هەرچەندیش لەوە حاڵی بووبوو کەوا نەخۆشیی شێرپەنجەی هەیە!

ئەو بە هەموو دڵ و دایەنێکەوە دڵی خۆی بەوە خۆش کردبوو کە لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە و فێری زمانی ڕووسی دەبێ و شیعری پووشکین و یەفتەچێنکۆ بە زمانی خۆیان بخوێنێتەوە و، کە چاپەمەنییە ئەدەبییەکانی مۆسکۆ و شیعری وەرگێڕاوە سەر ڕووسیی شاعیرە مەزنەکانی جیهانی لەوێ ئەدی، بیری لەوە دەکردەوە شیعرەکانی ئەویش وەرگێڕدرێنە سەر ڕووسی و لەوێ بەو جوانییەی چاپەمەنییەکانی ئەوێ لە چاپ بدرێن و هەموو جیهان لە شیعری ئەو ئاگەدار ببێ. جا ئەمە لەکوێ و بڕیاری دەسەڵاتی پزیشکیی سۆڤیەت لە کوێ کە نە ڕوویان دەهات و نە یارای ئەوەیشیان هەبوو پێی بڵێین جەناب! تۆ تووشی دەردێکی کوشندە بوویت و ئێمەش بڕیارمان داوە لە زووترین کاتدا بتگێڕینەوە بۆ عێراق و لە کۆڵی خۆمانت بکەینەوە. بەڵکو ئەوەندەیش هەست

مردوو بوون تەنانەت بەرنامەیەکی سەرلێدانی دوو سێ شوێنی مێژوویی و چەند شاعیر و ئەدیبێکی سۆڤیەت و کەسانێکی وەک نازم حیکمەتیشیان بۆ ڕێک نەخست کە لە مۆسکۆ دەژیا. برادەرانی حزبی شیوعییش کە لە مۆسکۆ بوون، دەروێشانە، گوێڕایەڵی بەرپرسە سۆڤیەتییەکان بوون و پڕکێشیی ئەوەیان نەدەکرد قسەیەکی لای ئەو سۆڤیەتییانە بۆ بکەن تا کەمێک ئارەزووە پیرۆزەکانی دڵی بۆ جێبەجێ بکەن و، سۆڤیەتییەکان چییان دەوت وایان دەکرد با بە دڵیشیان نەبووبێ. من گومانم لەوە نییە کە گۆرانی شاعیری هەست ناسک بە دڵشکاوییەکی بێ ڕادە و سنوورەوە لە مۆسکۆ گەڕایەوە و، هەرچەندیش لەوانەیە سۆڤیەتییەکان هەقیان بووبێ مەودای ئەوەی نەدەن لەوێ بمرێ، پێویست نەبوو نەهێڵن بۆ خۆی باری ڕاستەقینەی مەسەلەکە بزانێ.

کە گۆران هاتە یا هێنرایە سەر گەڕانەوە بۆ بەغدا، لە مۆسکۆوە تەلگرافێکی بۆ من لێ دا کەوا فلان ڕۆژ دەگەمەوە ئەوێ. من ئەوەندە شارەزاییم نەبوو ئەوە واتە هەواڵی گەڕانەوەی بە دۆست و برادەرانی بگەیەنم و هەموو بچینە فرۆکەخانە بۆ پێشوازی لێ کردنی. بۆیە تەلگرافەکەی لەوە پتری لێ نەوەشایەوە کە من پاش گەیشتنەوەی و هاتنەوە بۆ ژوورەکەی بچم لەوێ سەری لێ بدەم و بەخێرهاتنەوەی لێ بکەم.

گۆران پاش گەڕانەوەی لە مۆسکۆ ماوەیەک لە بەغدا مایەوە. ژوورەکەی گواستەوە بۆ ماڵێک لە گەڕەکی بەتاوین. من هەفتەی چەند جار دەچووم بۆ لای. وردە وردە ژانە سکەکەی دەستی پێ کردەوە کە دیارە نیشانەی ئەوە بوو نەخۆشییەکەی سەری هەڵداوەتەوە و ئەوەندەی نەبرد ئازار زیفی لێ سەند. بڕیاری گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دا و، لە پڕ سبەینێیەک هەڵدەستێ و دەچێ سواری ئۆتۆمۆبێلێک دەبێ و دەگەڕێتەوە.

لەو کاتەدا کە لە مۆسکۆ بوو ڕۆژێکیان لە بەردەمی مزگەوتی ئۆرفەلیدا لە نزیکی گۆڕەپانی تەحریرەوە کە کتێبی تێدا دەفرۆشرا، هەندێ لە کتێبەکانی گۆرانم دی دانرابوون بۆ فرۆشتن. ناسیمنەوە. کە لە کتێبفرۆشەکەم پرسی: چۆن ئەو کتێبانە گەیشتوونەتە ئەوێ؟ بۆم دەرکەوت کوڕێکی کە لە ساڵەکانی شەستدا لە بارودۆخێکی نادیاردا گیانی لەدەست دا، فرۆشتوونی. کە لێم پرسی ئەو کتێبانەی باوکتت بۆ فرۆشتووە و، گلەیییەکی زۆرم لێ کرد، بیانووی ئەوە بوو کە پێویستی بە پارە هەبوو. وتم: بۆ بە منت نەوت پارەت بۆ بێنم؟ وەڵامی نەبوو.

گۆران کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی هەندێ کتێبی لای هەندێ برادەری کوردی پەناهاوردەی ئێرانی بوو کە ئەوانیش هەر لە ماڵێک لە بەتاوین ژووریان گرتبوو. لام وابێ ژوورەکەی ئەوانیش هەر لە نزیکی ژوورەکەی گۆرانەوە بووبێ لە بەتاوین و بەو هۆیەوە یەکترییان ناسیبێ و گۆران ئەو کتێبانەی لە کاتی گەڕانەوەیا بۆ سلێمانی لای ئەوان دانابێ چونکە لەگەڵ خۆی بۆی نەچووبوونەوە و دووریش نییە هەر ئەو خۆی ڕای سپاردبن بیاندەنە دەستی من، ئەگینا بۆچی گلیان نەدانەوە بۆ خۆیان؟ لەم ڕووداوەدا منیش و گۆرانیش بەختمان لەوەدا یار بوو کە یەکێک لەو چەند کتێبە، کە زۆریش نەبوون، دەفتەری موحازەرەکانی بوو کە لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا

به قوتابییەکانی دەدا. ئێستا ئەو دەفتەرە لای منە.

ئەمانەی باسم کردن زۆریان بابەتی لاوەکی بوون و پێوەندییان بە پرسیارەکەی تۆوە نەبوو، بەڵام من ئەم هەلەم لەبار زانی بۆ ئەوەی لەم بۆنەیەدا بیانخەمە سەر قاقەز و لام وابوو لەوانەیە بۆ کەسێک کە لە دوارۆژ شتێک لەبارەی گۆرانی مەزنەوە ئەنووسێ سوودێکیان تێدا بێ.

* فەرهاد شاکەلی لە نووسینێکیدا دەڵێ:

"شاعیرێکی ناوداری کورد کە ئێستا کۆچی (دوایی) کردووە، بۆی گێڕامەوە کە لە دوای گەڕانەوەی گۆران لە ڕووسیا و بێ هومێدبوونی لە ژیان و لە هەموو شتێ، ئەم چووبوو بۆ سەردانی و تا ڕادەیەکیش بۆ مالاوایی لێ کردنی، وتی: گۆران ئەوجارە بە ڕاشکاوی قسەی دەکرد. دەیوت لە کۆمۆنیستی پەشیمانم. بەداخەوە تازە لە دەست دەرچوو و درەنگ تێگەیشتم" (ڕامان، ژمارە ٣٩، ١٩٩٩/٩/٥، شیرێکی دوودەم، فەرهاد شاکەلی).

ئاخۆ گۆران لەو گەشتەیدا بۆ شوورەوی واقیعێکی دژی کۆمۆنیستیی بینی و پاشگەز بووەوە، یا هەر بەیەکجاری کۆمرنیزمی ڕەت کردەوە، یاخۆ هەر شتی وا نەبووە و دەستهەڵبەستە؟

– فەرهاد شاکەلی، وەک خۆی نووسیویە، ئەو قسانەی بە دەم "شاعیرێکی ناوداری کورد"ەوە گێڕاوەتەوە کە وەک دەڵێ "کۆچی (دوایی) کردووە". ئەو شاعیرە کێیە، بۆ ناوی نەهێناوە؟ کاکەی فەلاحە، دیلانە، کامەرانە، ع.ح. ب، پە، کێیە؟ بۆ خۆی ئەو باسەی لە نووسینێکیدا بلاو نەکردووەتەوە؟ فەرهاد شاکەلی لەپاش بڕانەوەی شۆڕشی ئەیلوولەوە کە دەکاتە سەرەتای بەهاری ١٩٧٥، کوردستانی بەجێ هێشتووە و، من پێ بزانم، تا پاش ئازادبوونی کوردستان سەفەرێکی کوردستانی نەکردووە. من شاعیرێکی ناسراوی کورد ناناسم لەوانەبێ لەپاش گەڕانەوەی گۆران لە مۆسکۆوە بۆ بەغدا یا گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ سلێمانی و تا کۆچی دواییکردنی ئەو سەروساختەی لەگەڵ گۆران ئەوەندە خەستوخۆڵ بووبێ هاتبێ بۆ سەرلێدانی گۆران و گۆرانیش ئەوەندە نەخۆش بووبێ حاڵەتێکی وا شاعیرەکە "تا ڕادەیەکیش بۆ مالاوایی لێکردنی" هاتبێ و، لەگەڵ ئەوەیشدا گۆران بەو حاڵەیەوە لەگەڵی بکەوێتە کوڵکوموو شیکردنەوەی بابەتێکی وا تایبەت بە خودی خۆی و مێژووی سیاسییەوەی و ئەم ڕازە تەنیا لای ئەو بدرکێنێ. شتی وا، ئەگەر بووبووایە، گۆران وەک شاعیرێکی مەزن و، تێکۆشێکی گەورەی چەندین ساڵ زیندان و ئازار و سزاچەشتوو، تەنیا لەو سنوورە تەسکەدا دەری نەدەبڕی، ئەویش لای کەسێک کە تەنیا بۆ فەرهاد شاکەلیی بگێڕێتەوە و، دیارە دەبێ بە فەرهادیشی وتبێ کە گێڕاتەوە ناوی من مەزرێنە و، نەکەی بە دەمی منەوە بگێڕیتەوە! لەناو شاعیرانی سەردەمی ژیانی سیاسیی گۆراندا کە زۆر لەگەڵی

تێکەڵ بووبن، من تەنیا دوو کەس شک دەبەم ڕێی تێ بچێ لە حاڵێکدا کە گۆران ئەم قسەیەی کردبێ بەوانی وتبێ، ئەوانیش یەکەم دیلانە لە ساڵانی پاش بەربوونی گۆران لە بەندیخانەی یەکەمی و گێڕانەوەی دووەمیدا کە دیارە ئەم قسەیە لەم ماوەیەدا نەکراوە.

دووەمیش کاکەی فەللاحە کە گۆران لەپاش بەربوونی لە بەندیخانەی دووەمی و تا سلێمانی بەجێهێشتنی لە ١٩٦٠دا لەگەڵی ژیاوە و پێکەوە لە دائیرەیەکی حکوومەتیدا کاریان کردووە. دیارە ئەم قسەیە لەم ماوەیەشدا نەکراوە چونکە دەکەوێتە پێش عەمەلیات بۆ کردنەکەی و چوونی بۆ مۆسکۆ. دەمێنێتەوە تەنیا ماوەی پاش گەڕانەوەی لە مۆسکۆ و هاتنەوەی لە بەغداوە بۆ سلێمانی و بەتایبەت ئەم ماوەیە کە گۆران لە جێدا کەوتووە و لەوانەیە کاکەی فەللاح چەند جارێک چووبێ بۆ سەرلێدانی.

من هەرچەند نازانم فەرهاد مەبەستی لەو شاعیرە کێیە کە گوایە گۆران ئەم ڕازەی لای ئەو درکاندووە و، ئەمیش بۆ ئەوی گێڕاوەتەوە، لام وانییە ڕێی تێ دەچێ کاکەی فەللاح بووبێ، چونکە فەرهاد لە ماوەی پێش چوونیدا بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی کوردستاندا لەو تازە پێگەیشتووانە نەبوو دان بە کەسێکی وەک کاکەی فەللاحدا بنێ و ئەم لە بەغدا و ئەو لە سلێمانی هاتوچۆی بکا، تا ئەوەندە پێکەوە دانیشن بکەونە باس و خواسی گۆران و کاکە ئەم ڕازەی گۆرانی بۆ بگێڕێتەوە. لە ماوەی پاش بڕانەوەی قۆناغی یەکەمی شۆڕش و تا کۆچی دوایی کاکەیش فەرهاد بەهیچ جۆرێ سلێمانیی نەدیوەتەوە تا بتوانێ میانە لەگەڵ کاکە پێکەوە بنێ و ئەوەندەی سەر لێ بدا میانەکەیان وا خەست ببێتەوە کاکە حیکایەتی وا بۆ فەرهاد بگێڕێتەوە.

لەبەر ئەم هەموو شتانەی وتمن، من ئەم قسەیەی فەرهاد بە ڕاست نازانم و لام وا نییە لە تەقەلایەک زیاترە لەو تەقەلایانەی لە کوردستاندا لە دژی کۆمۆنیزم دراون.

من بۆ خۆم میانەیەکی زۆرم لەگەڵ کاکەی فەللاح بووە کە سەرەتاکەی لە گرتووخانەی ئەمنییسلێمانی و لە ١٩٥٧ەوە دەست پێ دەکا. من پاش ساڵێک بەندی لە بەعقووبە و ساڵێک دوورخستنەوە بۆ بەدرە هێنرابوومەوە بۆ سلێمانی و بەتەمای بەرەڵڵاکردن بووم. بەڵام حکوومەتی عومەر عەلی کە هێشتا موتەسەریفی سلێمانی بوو بەری نەدام. ئەو سەردەمە هێشتا عورفییەکەی بەهۆی ڕاپەڕینی جەماوەری عێراقەوە لە دژی دەستدرێژیکردنە سەر میسر دانرابوو، دابوومیان بە عورفی تا بە تۆمەتی "مەترسی لێ کرانە سەر کۆمەڵ" داوەریم بکا و حوکمی زیندانێکی نوێم بدا. ئێوارەیەکیان دیم کەلەپچە لە دەستێکیان هێنا لەگەڵ پۆلیسەکان کەوتبووە مشتومڕ و دەیوت دەبێ بەرەڵڵام بکەن چونکە من فەرمانی شاهانە (ئیرادەی مەلیکی) بۆ بەرەڵڵاکردنم دەرچووە. ئەوانیش بەرەڵڵایان نەدەکرد و دەیانوت بڕیاری ئەوە لای دادوەر (حاکم)ە و، کردیانە ژوورەوە. کە دانیشت و پرسیارم لێ کرد: تۆ کێیت و مەسەلەکەت چییە، تێ گەیشتم کە کاکەی فەللاحە. بەخێرهاتنم لێ کرد و خۆمم پێ ناساند زۆری نەبرد کەوتینە قسە و باسی ئەدەبی. باسی شیعرێکی گۆرانم بۆ کرد کە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە بەدرە لە ژمارەیەکی (گەلاوێژ)دا خوێندبوومەوە. هەڵەیەکمی لە

بەیتێکی ئەو پارچە شیعرەدا بۆ ڕاست کردمەوە کە ئەوە بوو وشەی (بۆنی)م لە بەیتی:

هەناسەم تێر بۆنی بای کوێستانتە

دوو لێوەم پاراوی بەفراوانتە

دا بە (بوونی) خوێندەوە. کاکە سبەینێ بەردرا و لێک جوێ بووینەوە، بەڵام ئەو پێوەندیی دۆستایەتییەمان کە لەو ژووری گرتووخانەیەوە دەستی پێ کرد تا کۆچی دوایکردنی بەردەوام پتەو بوو. یادی بەخێر بێ.

بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەسڵی مەتڵەب.

وتم من میانەیەکی زۆرم لەگەڵ کاکەی فەللاح هەبوو. زۆرجاریش پێکەوە لەبارەی گۆرانەوە قسەمان کردووە و، هەندێ سەرگوزشتەی ئەو ماوەی پێکەوە کارکردنەیانی لە دائیرەیەکی حکومەت لە سلێمانی بۆ گێڕاومەتەوە، بەڵام هەرگیز بابەتی ئەم قسەیەی فەرهادی بۆ باس نەکردووم. بە نووسینیش هەندێ شتی لەبارەی گۆرانەوە بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ئەمەی فەرهادیان تێدا نییە.

هەر لەبارەی ئەم قسەیەوە کە فەرهاد لە (ڕامان)دا بڵاوی کردووەتەوە، لە ١٩٧٤یشدا شاعیرێکی تر لە یەکێ لە ژمارە پێشینەکانی (ڕۆشنبیری نوێ)دا کە ئەو کاتە لە قەوارەی نیو ڕۆژنامەدا دەردەچوو وتارێکی بڵاو کردەوە هەمان قسەی تێدا درابووە پاڵ گۆران. من ئەو کات لە مۆسکۆ بووم. وتارێکم لە یەکێک لە ژمارەکانی (بیری نوێ)دا بڵاو کردەوە، بەرپەرچی ئەو قسەیەم تێدا دایەوە و نووسیبووم تێیدا کەوا لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەمەد و چەند کەسێکی تر لە سلێمانی چووینە سەرلێدانی گۆران کە لەسەر جێگەی مەرگ ڕاکشابوو. هاوڕێ عەزیز سڵاوی سەرکردایەتیی حزبی بە گۆران ڕاگەیاند. گۆران فرمێسک زایە چاوەکانی و بەدەم هەنسکی گریانەوە بە هاوڕێ عەزیزی وت: من لە حزب زیاتر کێم هەیە و، زۆر سوپاسی حزبی کرد.

بەڵام گۆران هەموو کات و هەرچەند زۆریش دیسپلین ڕاگربوو، لە هەمان کاتدا خاوەنی بیرێکی ئازادیش بوو و چاوی لەوەی بە هەڵەی بزانیایە لە کەس نەدەپۆشی و لێی بێدەنگ نەدەبوو. بۆ نموونە ئەم ڕووداوە دەگێڕمەوە: پاش چوونی یەکەم جاری بۆ مۆسکۆ لەگەڵ وەفدی ئاشتی و دۆستایەتیی عێراقی کە شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید و شەهید مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و شەهید مەهدی حەمید و چەند کەسی تریشی تێدا بوو، ویستبووی تاقیکردنەوەیەکی خۆی بۆ منداڵانی سۆڤیەت هەبێ بزانێ چییان لە منداڵانی خۆمان جیایە. گیرفانی پڕ دەکا لە چوکلێت و لە گۆڕەپانی بەردەم تەلارێکدا کە کۆمەڵێک منداڵ خەریکی یاریکردن ئەبن تیایدا دەچێتە ناویان و چوکلێتەکانی گیرفانی بەناویاندا هەڵدەدا، دەبینێ منداڵەکان هەموو دەستیان لە یارییەکەیان هەڵگرت و کەوتنە ڕاکردن بۆ چنینەوەی چوکلێتەکان. گۆران ئەم ڕووداوەی بۆ من و چەند کەسێکی تر گێڕایەوە کە چووبووین بۆ بەخێرهاتنەوەی کە لە سەفەرەکەی گەڕابووە و، وتی:

منداڵانی ئەوێیش هەروەکو منداڵەکانی لای خۆمان وان و وەنەبێ شێوەی پەروەردەی سۆڤیەتی وای لێ کردبن زۆریان لە منداڵانی ئێمە جیاواز بێ.

لە هەموو ئەم قسانەوە کە نووسیمن ئەگەمە ئەو ئەنجامە کە بەجەختەوە بڵێم تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی باوەڕ پێکراو لە ئارادا نییە کە گۆران لە کۆمۆنیزم پەشیمان بووبێتەوە و من لەو باوەڕەدام ئەگەر بەڕاستی دەستبەرداری بیروباوەڕی خۆی بووبووایە، وەک شاعیرێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهانی و کەسایەتییەکی مەزنی کولتووری ئەوەندە ترسنۆک نەدەبوو هەڵوێستی خۆی بشارێتەوە و یارای ئەوەی نەبێ بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی بە جەماوەری خەڵک ڕاگەیەنێ و، ئەوەیشمان لە بیر نەچێ کە کورد لەمێژە وتوویانە: درۆ لە پاش مردوو دەکرێ.

من، بۆ خۆم، لەوە بێگومانم کەوا گۆران لە هەردوو چوونەکەیدا بۆ یەکەتیی سۆڤیەت، چ ئەوەی پاش شۆڕشی تەمووز و چ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی دەردی خۆی چوو، هەرچەند لە هیچ کامیاندا دەرفەتی ئەوەی نەبووە بە تەنیا خۆی و بە سەربەخۆیی نەک هەر لە دەرەوەی مۆسکۆ، بەڵکو ئەملا و ئەولای خۆیشی لە مۆسکۆ ببینێ کە بە هیچ جۆرێکیش ناتوانرێ بوترێ مۆسکۆ ڕووی ڕاستی ژیانی وڵاتی سۆڤیەتی دەردەخست، من لەوە دڵنیام کە لەگەڵ ئەو دەرەتان تەسکییەی بوونیشیدا لە مۆسکۆ، بۆی دەرکەوتووە کە زۆر شت وا نییە و ناڕوا کە ئەو بیستوویە یا خوێندوویەتیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیشی دەزانی کە ئەوە شتێک نییە بیروباوەڕی مرۆی بە ڕاستی و بە تێگەیشتنەوە خاوەن باوەڕ بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم هەڵوەشێنێتەوە و، هۆ مەتریاڵییەکانی ناکۆکیی نێوان بیستراو و بینراوی خۆی دەزانی و دەرکی ئەوەی دەکرد کە بیناکردنی سۆشیالیزم زۆر لەوە گرانترە کە لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشییەی شەڕی ناوەخۆی پاش شۆڕش و شەڕی دووەمی جیهان و پاشکەوتوویی کۆنی کۆمەڵگەی ڕووسیای بە دەرەتان و بەربەرەکانێی دوژمنی دەرەوە، بەئاسانی جێبەجێ بکرێ.

**بەڵام گۆران هەموو کات و هەرچەند زۆریش دیسپلین ڕاگربوو، لە هەمان کاتدا خاوەنی بیرێکی ئازادیش بوو و چاوی لەوەی بە هەڵەی بزانیایە لە کەس نەدەپۆشی و لێی بێدەنگ نەدەبوو.**

***

**سەرخانی ژیانمان هەرچەند چەردەیەکی لەسەرخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری تێ کەوتووە، هێشتا سەرخانی ژیانی کۆمەڵگەی دەرەبەگی لە ژیانماندا فەرمانڕەوا و حوکم فەرمایە**

* شێرکۆ بێکەس خەریکە شتەکان بە شیعر دەکات و، شیعریش بە شێرکۆ دەکات. واتە پرۆسەی بە شێرکۆکردنی شیعری لە بەرەوپێش چوونی بەردەوامدایە. پێت وا نییە شێرکۆ چ لە وێنەی شیعری و چ لە دەستەمۆکردنی زماندا خەریکە پێش گۆران دەکەوێت؟

– ئەو بەراوردەی تۆ دەتەوێ لە نێوان شیعری گۆران و شێرکۆدا بیکەی، من لام وایە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە و بۆیە هەرگیز ناتوانرێ بوترێ ئاخۆ شێرکۆ یا هەر کەسی تر کە سەر بەو قوتابخانە یا ڕێبازە شیعرییە بێ کە شێرکۆ شیعر بەگوێرەی دەڵێ، پێش گۆران کەوتووە یا دەکەوێ یا نە.

قوتابخانەی شیعریی گۆران و شێرکۆ دوو قوتابخانەی زۆر لێک جیاوازن و، گۆران لەگەڵ ئەو داهێنانە نوێیەی کە لە شیعری کوردیدا کردی و، لەگەڵ ئەو هونەرمەندییە بلیمەتانەی کە لە جیهانی شیعردا، چ لە ڕووی واتا و وێنە و شێوە و خەیاڵ و، لە ڕووی دەسەمۆکردنی عەرووزی فارسی و عەرەبییەوە بۆ جۆرێکی داهێنراوی نوێ لە شیعری کوردیدا لە ڕووی مۆسیقاوە و، چ لە ڕووی گەڕانەوەوە بۆ سەر شێوەی شیعری میللی لەگەڵ گەشە پێکردنیدا و خۆنەبەستن بە شێوە پاشماوەی سەدان ساڵی شیعری پەنجەی کوردییەوە، هێشتا هەر بەدرێژەپێدانی ئەو جۆرە شیعرە کوردییە دادەنرێ کە سەرەتاکەی لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووا بۆ نالی دەگەڕێتەوە، هەرچەند لە کرمانجیی سەرووا گەلێ کۆنترە و لە گۆرانیشدا پێشتر بووە و، تەنانەت لە کرمانجیی خوارووشدا پێش نالی و کوردی نموونەی هەیە بەڵام دەگمەنە و ئەگەر زۆریش بووبێ یا نەماوە یا هیچ نەبێ تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و لەبەر ئەوە کوردی و نالی بە ڕچەشکێن دادەنرێن.

ئەم قوتابخانە شیعرییە چەندین قۆناخی بڕیوە، لەسەر دەستی گۆراندا گەیشتە چڵەپۆپە و ئیتر پاش ئەو چڵەپۆپەیەکی تری نەبوو و ئەگەر لەوانەیش بێ ببێ تا ئێستا دەرنەکەوتووە. ئەوانەیش کە لە سەردەمی گۆراندا و پاش ئەو هەبوون و لە دەوروبەری قوتابخانەی شیعریی گۆران دەخولانەوە، لەگەڵ هەر هونەرمەندی و جوانکارییەکی هەر کامێکیاندا، هەر بە داوێنەوە بوون و هەر لە داوێنەوە ماونەتەوە و هەرچەند ویستبێتیشیان سەرکەون سەرنەکەوتوون و، بە کۆچی دوایی گۆران بێ پێشەوا و پێشڕەو مانەوە و، بە بڕانەوەیان و کەس نەهاتنە جێیان ئێستا ئەو قوتابخانە شیعرییە بێ کەس ماوەتەوە و قوتابخانەکەیش لە کوردستانی باشووردا بڕاوەتەوە.

بەڵێ لەوانە بوو پێڕەوانی ئەم قوتابخانەیە لەم دەیەی دواییی سەدەی پێشوودا، لە کەسێکی وەک حەسیب قەرەداغیدا، سەردەستەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە گیانێکی نوێ بکاتەوە بە بەر قوتابخانەی شیعری گۆراندا، چونکە ئەو بەڕاستی شاعیرێک بوو لە بەیەکگەیشتنی خەبات و خەم شاعیرێکی سەرامەدی لێ دەرچووبوو، بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیا و بەجێیهێشتین. بۆیە من ئەم سەردەمەمان بە سەردەمی پاشاگەردانیی جیهانی شیعری کوردی دەزانم کە لەشکرێک وشەڕێکخەری زمان و

مۆسیقا و خەیاڵ و واتا و چواندن چرووک و کۆڵی، خۆیان بە عەرەبانەی شیعری کوردیدا هەڵواسیوە و لام وانییە شتێکی ئەوتۆیان پێ بێ و بتوانن خشتێک بخەنە سەر دیواری شیعری کوردی و جێیەک بەوە بۆ خۆیان لە جیهانی شیعری ڕاستەقینە و لە دڵ و دەروونی خوێندەواری کوردی هەواخوای شیعردا داگیر بکەن و، لەبەر ئەوە خوێندەوارن بە یەک چاو دەڕواننە بوون و نەبوونیان و، بەمە بوونەتە مایەی ئەوە ئەگەر بەهرەمەندانێکی ڕاستەقینەیش لەناو شاعیرە نوێکانماندا سەرهەڵبدەن لەناو تۆز و گەردی ئەواندا ون دەبن و کەس پێیان نازانێ و خەڵکەکە بە چاوی ئەوان سەیری ئەمانیش دەکەن و بۆیە ناتوانن بیاندۆزنەوە و بیانناسن و هانیان بدەن و یارمەتیی پێشکەوتنیان بدەن.

هەرچی شێرکۆیە هەرچەند لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای قوتابییەتیی قوتابخانەی شیعریی گۆران دەستی پێ کردووە و ماوەیەکیش لەو بوارەدا شیعری وتووە و تا ڕادەیەک پابەندی ئەو ڕێبازە بووە بێ ئەوەی هەر لەو کاتەوە سەرهەڵدانێکی دەگمەن و لە بەرچاوی تێدا وەدەست بهێنێ و کارێک بکا بتوانرێ بە پێشقەرەوڵی وەچەی نوێی ئەو قوتابخانەیە دابنرێ، پاشان وردە وردە ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی دییەوە کە من زیاتر بە قوتابخانەی (پەخشانە شیعر)ی ناودەبەم.

(پەخشان)، چونکە ئەوەندەی کە پێویستە پابەندی مۆسیقای شیعری نییە. نیوەشیعر (میسرەع)ی وای تێدا کەم نییە کە لە چەندین دێری وەک پارچەیەک پەخشان پێک دێ و، (شیعری)یشە چونکە لەبارەی خەیاڵ و وێنەوە دەچێتەوە سەر جیهانی شیعر، بەڵام لەم بوارەیدا ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە من لام وایە سیمایەکی نامۆ بە چەشی خوێندەواری کوردی هەیە و، لەگەڵ ئەوەیشدا کە من بە سەردەستەی شاعیرانی شیعری نوێی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقی دادەنێم، ئاشنا بە عەقڵ و چەش و چێژی خوێندەواری کوردی چ سادە و چ وردەکارییانی نازانم. بەڵێ شێرکۆ بەدەنگی زوڵاڵی، بە خوێندنەوەی خۆش و کارتێکەری گوێی خەڵکی، بواری گوێگرانی نادا کە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی شیعرەکانیەوە لە کۆڕی گوێگرتندا، تاقەتیان بچێ.

بۆیە من لە ئەنجامی ئەم بۆچوونانەمەوە لام وایە دەبێ شیعری ڕەسەنی کوردی ئەو ڕێچکەیەی گۆران بگرێ کە قوتابخانەی شیعری بابان و شیعری ئازادی نوێی بە یەک موتوربە کردووە و هەر داهێنانێکی نوێ بێتە پێشەوە، کە دێتیش و دەیشبێ بێت، بە پێوەندی لەگەڵ ڕێچکەکەی گۆران و لەو چوارچێوەیەدا بکرێت چونکە ئەوەی لەم سنوورە بەدەر بێ شیعر نابێ با ناوی شیعریشی لێ بنرێت.

* ڕۆئاوا لە ڕێگەی نووسینەوە خۆیان پێ ناساندین، بەڵام ئێمە لە ڕێگەی مەرگەساتەکانەوە خۆمانمان پێ ناساندن. ئاخۆ ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ لاوازیی هونەر و ئەدەبیاتی کوردیمان؟

– بەر لە هەرچی با ئەوەندە بڵێم ڕۆئاوا لە سەرەتاوە لە ڕێگەی ئیمپریالیزم و گفتی درۆ و پشت لە زەوی دانی کوردەوە خۆی پێ ناساندووین و، پاش ئەوە بە نووسینەکانی ئەدیبەکانی ئاشنا بووین، ئەنجا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکانت و دەڵێم لام وایە تۆ بارێکی ئێجگار گران دەخەیتە سەر شانی هونەر و ئەدەبیاتی کوردی کە دەتەوێ ئێمەی کورد و ڕۆهەڵاتی و سەر بە جیهانی سێیەم لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبیاتەوە خۆمان بە ڕۆئاوا بناسێنین. ئەدەب و هونەری هیچ گەلێک تێکڕا لە سەرخانی کۆمەڵایەتیی ئەو گەلە زیاتر نییە. ئێمە تا ئەم دواییەیش لە کۆتی پێوەندی هێنانە بەرهەمی دەرەبەگی ڕزگار نەبووبووین و هێشتایش بە کۆمەڵگەیەکی بەڕاستی سەرمایەدار دانانرێین.

سەرخانی ژیانمان هەرچەند چەردەیەکی لەسەرخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری تێ کەوتووە، هێشتا سەرخانی ژیانی کۆمەڵگەی دەرەبەگی لە ژیانماندا فەرمانڕەوا و حوکم فەرمایە. ئێمە کۆمەڵگەیەکی بەڕاستی پاشکەوتووین. لە هەر کام لەو سەرخانانەی ژیانی کۆمەڵایەتی هێناونیەتە ژیانمانەوە، تێکڕا لایەنە دزێوەکەی زاڵە و مۆرکی خۆی بە جۆری بیرکردنەوەمانەوە ناوە. ئێمە ئەگەر بەراوردی ئێستا و پەنجا ساڵێک لەمەوپێشی خۆمان بکەین، دەتوانم بڵێم ئەو کاتە لە زۆر ڕووەوە لە ئێستا زیاتر ڕێی پێشکەوتنمان گرتبووە بەر. ئیتر دەبێ بە کام ئەدەبی دانسقە و شاکارمان خۆمان بە ئەوروپا بناسێنین؟ من هەرچەند سەر دێنم و سەر دەبەم لە بەشی سێ چوار کتێب شیعر و فۆلکلۆر و چیرۆکی کۆن و نوێ زیاتر نابینم شایانی ئەوە بێ وەرگێڕرێتە سەر زمانێکی بێگانە و بە ئەورووپادا بڵاو بکرێتەوە.

ئەدەبی دووسەد ساڵ لەمەوپێشمان لەگەڵ ئەوەیش کە لە تەنیا شیعر و ڕازی فۆلکلۆری و گوێ ئاگردان و پەندی پێشینان بەولاوە نەبوو، شیعرەکەی نەبێ کە ئەوپەڕەکەی لە هەر یەکێ چەند دانەیەکی بەدەسنووس بەدەستی چەند خوێندەوارێکەوە بوو و ئەوی تری هەر زارەکی بوو و دەماودەم دەگێڕردرایەوە، لە زۆر ڕووەوە لە ئەدەبی ئێستامان زیاتر بەدەنگ ژیانی ڕۆژانەمانەوە دەهات. بۆیە لەم ڕووەیشەوە پێشکەوتنێکی وامان بە خۆمانەوە نەدیوە.

ئێمە کۆمەڵێک پەندی پێشینانی نازانم چەند سەد ساڵ لەمەوپێشمان هەیە کە بۆ ئەو سەردەمە بنەمای دەستووری هەموو ڕوویەکی ژیانی بۆ دانابووین. من ئەمە بەو مەبەستە ناڵێم داوای پەند بۆ ئەرکە نوێکانی ژیانی ئەمڕۆیشمان بکەم، چونکە ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچوو ڕێچکەی ژیانمان لە ڕێگەی پەندی هاوچەرخەوە دیاری بکەین. ژیانی ئەمڕۆ ئەرکی زۆر لەوە قووڵترە کە پەندی نوێ ڕێگەی بۆ دیاری بکا. مەبەستم تەنیا ئەوەیە هێما بۆ لایەنێکی پاشکەوتوویی ژیانی ئەدەبیمان بکەم کە ئەوەیە ئەمڕۆ لە بواری ئەدەبیماندا چی هەیە یارمەتیی دیاریکردنی ڕێی ڕاستی ژیانمان بدا.

ئەی شیعر، وەک لایەنێکی تری ژیانی ئەدەبی؟ سەردەمێک بوو شیعری داستانی لە ڕۆهەڵات باو

بوو، تەعبیری لە هەندێ سەری ژیانی کۆمەڵایەتی دەدایەوە. ئێمە لەو سەردەمەدا چەندین چیرۆکی قارەمانیەتی و دڵداری و ئاینیمان بە شیعر نووسیوە، هەرچەندە ئەمڕۆ لەم چەرخی پێشکەوتنەدا لە چەند چیرۆکێکیان بەولاوە هیچیان لە چاپ نەدراون. ئەو چەند چیرۆکە شیعرییانە بۆ سەردەمی خۆیان لە ئاستی پێویستییەکانی ڕۆژی خۆیاندا بوون. تا پێش پەنجا ساڵێکیش شیعری شاعیرەکانمان گەلێ سەری ئەرکەکانی ئەو سەردەمەیان بۆ دەستنیشان دەکردین. ئەمڕۆ چ شیعرێکمان هەیە ئەم ئەرکانەمان بۆ دەستنیشان بکا. وشە ڕێزکراوە بەناو شیعرەکانی ئەمڕۆمان هیچ ئەرکێکیان لە ئەستۆی خۆیان نەگرتووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە لە بنی مەنجەڵیان داوە و لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکی وڕێنەی بەشی زۆری بەناو شاعیرەکان خۆیاندا نەبێ نازانێ باسی چی دەکەن.

ئەمڕۆ کوردستان بگەڕێ و گوران واتەنی دۆڵاودۆڵ بیپێوە، چ لە شار و چ لە دێ، لە تاک و تراپەک بەولاوە نابینی مرۆ دڵی بە بیستنی شیعریان بکرێتەوە و تام و چێژێکیان لێ وەربگرێ. من لێرەدا نامەوێ ناویان بهێنم و هەڵیان سەنگێنم، چونکە نامەوێ کەسێ بڵێ دژی فلان و فیسار شاعیرە و، پڕۆپاگەندە بۆ فلان و فیسار شاعیر دەکا، بەڵام ئەگەر لە دووی شاعیری لەوانە بگەڕێی کە شێخ ڕەزا لە سەردەمی خۆیدا لەبارەی هاوتاکانیانەوە وتوویە:

**چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**

**بۆتە حەشری.... لەم حوجرەدا**

ئەوا لەسەر لاپەڕەی هەر کۆوار و ڕۆژنامەیەک کە، بێ چاوێنی بێ، لە هیچ لایەک ژمارەیان کەم نییە، کۆمەڵێکیان لەپێش چاوتدا زەق دەبنەوە.

ئەی چیرۆک؟ ڕاستە ئێمە مێژوویەکی زێڕینمان لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا نییە، بەڵام هەر چۆن بێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کە تازە تەنیا چیرۆک ڕێی کەوتبووە وڵاتەکەمان، شتێکمان هەبوو پێی بڵێین چیرۆکی ڕێگە ڕوونکەرەوە. جەمیل سائیبمان هەبوو، مەحموود ئەحمەدمان هەبوو، ئیبراهیم ئەحمەدمان هەبوو، ڕەحیمی قازیمان هەبوو، حەسەنی قزڵجیمان هەبوو، هیی تریشمان هەبوون. پاش ئەوانیش حسێن عارف، عەبدوڵڵا سەراج و، عەزیزی مەلای ڕەشمان هەیە، چەندین کەسی ترمان هەن. بەڵام ئەمڕۆ کێمان هەیە؟ هەمانە لەناو ڕیزی چیرۆکنووساندا پۆلبەندی دەکرێن، بەڵام هیچیان، ئەوەندەی من پێ بزانم، لە ئاستی ئەرکەکانی سەردەمماندا نین.. ئێمە ئەم گشتە کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و بە ناپاڵم سووتاندن و لەناو ئەشکەوتدا خنکاندن و ڕاگواستن و ماڵ و زەوی داگیرکردن و بە عەرەبکردنەمان لە مێژوودا هەیە.. ئەم هەموو زیندان و ئازار و جەربەزە و لەسێدارەدان و لەژێر سزادا کوشتن و تیربارانەمان لە ژیاندا هەیە. ئەم هەموو کوشتوبڕەی ئافرەتان و خۆکوشتن و خۆسووتاندنەیان لەم ١٠ _ ١٥ ساڵەی دواییدا پاش برەوسەندنی وشکە ئیسلامەتی، لە مێژووماندا پەیدا بووە.. ئەم هەموو کڵۆڵی

و کوێرەوەرییەی لادێیی کوردەمان چ لە سەردەمی دەرەبەگی و چ لە سەردەمی خەباتی سەختی پێشمەرگایەتیدا بەدەست جەیش و جاشەوە هەیە. ئەم گشتە تێکۆشانە خوێناوییەمان هەیە کە پێشمەرگە لە پێناوی مافەکانی گەلەکەماندا لە ١٩٦١ەوە تا ١٩٩١ کردوویانە.. ئەم هەموو گوند و شارە دێ و مەزار و ڕەز و کانیاوەمان هەیە کە ڕێژیمی بەعس وێرانی کردن.. ئەو هەموو خەباتی چینایەتیی جووتیارانی شارەزوور و عەربەت و دەشتی دزەیی و هۆرێن و شێخان و وارماوا و شوێنانی ترەمان لە پێناوی زەوی و کورتکردنەوەی دەستی دەرەبەگی لە مێژوودا هەیە.. کام لەم گشتە بابەتە بوو بە کەرەستەی چیرۆکی چیرۆکنووسێکی لێهاتوو یا ڕۆماننووسێکی کارامە؟ کام چیرۆکنووس و ڕۆماننووسمان چەردەیەک لە یەکێک لەم کارەساتانەی لەسەر قاقەز بۆ نەمر کردین؟ کوا، لە کوێن (بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکان)ی ئێمە؟ کوا (سەعات بیست و پێنج)ی ئێمە؟ کوا (پاژنە ئاسنینەکان)ی ئێمە؟ کوا (ئۆلیڤەر تویست)ی ئێمە؟ من، بێگومان، مەبەستم ئەوە نییە هیچ نەکراوە و هیچ نەنووسراوە، بەڵام ئەگەر بیشبێت، هەروا، بێگومان، بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ ئەڵقەیەک لە ڕووداوەکانی یەک لەو تراجیدیایانە بەراورد ناکرێ کە تاوێک لەمەوپێش ناوم هێنان.

لام وایە بتوانم بڵێم، ئەوەندەی من ئاگەداریم هەبێ، هونەرمان و بەتایبەتی هونەری تەشکیلیمان، بەشبەحاڵی خۆی و لە چاو خۆیدا و، بگرە تەنانەت هونەری سینەماییشمان بەو هەموو هەژاری و بێ دەرەتانی و دەسکورتییەوە کە هەیە، لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمانمان لە پێشتر بووە و بۆ ئەوە دەشێ بڵێین "ڕووی مەجلیسی یارانی هەیە".

کەواتە، بەڵێ ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەمان، نەک بۆ دەرەوە، بگرە تەنانەت بۆ ناو خۆیشمان زۆر لە دوا و پاشکەوتووە. بۆیە ئومێدم وایە ئێمە بەر لەوەی خەریکی نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان بین، دەبێ زیاتر خەریکی خۆڕۆشنبیرکردن بین، هەرچەندیش ئێمە لەبەر نەزانینی زمانی بێگانە و بەفریانەگەیشتنی زمانەکەی خۆمان و کەم دەرەتانییەکەی لە بواری پێنووسین و بۆ وەرگێڕاندا، دەرەتانی خۆڕۆشنبیرکردنیشمان زۆر تەسکە. گەورەترین دەرگەی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا، بۆ خۆڕۆشنبیرکردن، زمانی عەرەبی بوو. ئەویشمان لە ڕێگەی خوێندن بە کوردی کردن و هاوسەنگی نەکردن لە نێوان پێویستی بە کوردی خوێندن و خوێندنی عەرەبیدا، لە ڕوودا داخرا. بۆیە ئێستا ئاسۆی خۆڕۆشنبیرکردن لە ڕووی برایانی کوردستانی ئێران و تورکیا و سووریاماندا زۆر لە ئێمە والاترە. بۆیە هیوام وایە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیرێکی ورد و واقیعبین لە پێخوێندنی عەرەبییش بکەنەوە و کۆڕێکی زمانەوانیشی بۆ زمانی کوردی دانێن زمانەکەمان لەم پاشاگەردانییەی ئێستای کە بە زەقی لە کتێب و کۆوار و ڕۆژنامەکانماندا دیارە، ڕزگار بکا.

ڕۆماننووسی سوودانی د. ئەمیر تاج ئەلسر :

# ئەدەبی سوودانی بەڕێژەیەکی زۆر بەرەوپێش چووە و سەرجەم سنوورەکانی بەزاندووە



ڕۆمـانـنووسی سـوودانی د. ئەمیـر تاج ئەلسر سـاڵی ١٩٦٠ لە باکوری سـوودان چاوی بەدنیـا هەڵهـێناوە و تایبـەتمەنـدییـەکی خۆی لە نووسـیندا هـەیە و بە زوانێکی شـیـعریی جوانەوە خـۆی دەخـزێنێتـە نێو قووڵاییـیـەکانی نـاخی مرۆڤـایەتیدا و ئەزموونێکی باشی لە گێڕانەوەی ژیاننامـەدا هـەیە و ئەو لە سـاتەوەختی لاوییـەوە دەستی بەنووسـین کردووە، بەتایبەتی لە شیـعردا، کە ئـەو کات هێـشـتـا لە قـۆنـاغی دواناوەندیدا بووە، دواتر بەرەو نووســینی ڕۆمــان هەنگاوی ناوە و چـەند ڕۆمـانـێکی بە چاپ گـەیانـدوون، لەوانە (کـرمکول) و (زحف النمل) و (توترات القبطي) و (مـهـر الصـیـاح) و (صـائد الیـرقـات) و (العطر الفرنسي) و (ونار الزغـاريد) و (مـرايا سـاحلیـة) چەند ڕۆمانێکی تر.

سازدانی: سەردار زەنگنە

* چەقـبـەسـتـوویی ڕۆمــانی ســوودانی بۆ دەرەوەی سنووری ســوودان پاش دەرکـەوتنی ڕۆمـانی (وەرزی کـۆچ بەرەو باکور)ی خـوا لێخـۆشـبـوو ئەلتـەیب سـاڵح چۆن شـی دەکەنەوە؟

– دیارە پێش ڕۆمــانی ناوبـراو ئەدەبی ســوودان بـەدنیــای دەرەوە ئاشـنـا نەبووە، لـەگـەڵ ئەوەی چەندین ئەزمـوونی تر پێش ئەلتـەیب سـاڵح هەبوونە بەتایبـەتیش ئەزمـوونی ئەبوبەکر خـالید و هـەر بۆیەش ئێـمـە شـاعیـرانمان زیاتر ناسـراو بوونە، هەڵبـەت ناوبانگی (ئـەلتـەجـانی یوسف بەشـیـر) و (ئیدریس جـەماع) و (محـەمـەد محـەمـەد عەلی) و ئەوانی ترت بیستووە، دیارە ڕۆمـانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکـور) دەرگـەیـەکی زۆر گـەورەی لە بـەردەم بابەتە هەسـتـیـارەکانـدا واڵا کرد و ناوبانـگێکی زۆری نەک تەنیا لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا بگرە لە سـەرجـەم وڵاتانی تریش دەرکرد و بۆ زۆربەی زمانە جیـهـانییـەکـان وەرگێـڕدرا، لـێ مـەخـابـن ئەزمـوونەکـەی لەلایەن نووسـیـارانی سـوودانـەوە بەهـەند وەرنەگیـرا و هـەوڵیش بۆ کاری تری هـەمـان شـێوە نەکرا، تەنـانـەت ئەلتـەیب سـاڵح بە خـۆشی وەک نووسیارێکی مەزن بەو کارە هـەڵنـەسا و هـەر زوو دەسـتـەوەسـتان ڕاوەسـتـا، دوای چەند بەرهـەمێکی کەم خامەکەی لە نووسـین کەوت بە بەراورد لەگەڵ گەورە نووسیارانی تری هـاونەوەی خۆی و هـەمان ناوداری وەک مارکیز و، ئەم قسانە لە ڕابردوودا، سـەرجەم سنوورەکانی بەزاند و ئەمرۆ خوێنەری خـۆمـان لە سـەرجـەم وڵاتانی عـەرەبیدا هـەیە و ئەزمـوونەکانی خـۆمیش نموونەی ئەم ڕاسـتیـیـانەن، ئەوەشی ئـەمـڕۆ بیـەوێ بەوەی سـوودان ئاشـنـا بێت، ئەو ئـەدەبە زوو دێنە دەست ئێـسـتـە چەندان خانەی بڵاوکردنەوە هەن، کە بەرهـەمی ڕۆمـاننووسە سـوودانییـەکان لە چاپ دەدەن و بایەخیان پێ دەدەن، کـەسـانی تر هـەن بەرهـەمــەکانی ئێـمـە بۆ زمـانی تر دەگـۆڕن، هـەر بۆیەش دەڵێم، تەکنیکی نوێ، پێوەندیی مـۆدێرن و بەشێوەیەکی باش تەکانی بە ئەدەبی سوودان داوە و نووسیـاری باشیش لە هـەر شوێنێکدا بێت دەتوانێ خۆی لەگەڵ ڕەوڕەوەی جیهاندا بەگەڕ بخات.

* خـۆزگـە دەکـرا بە کـورتی باسـێکت لەسـەر مـێـژووی وەرچـەرخـانە هـونەرییـەکـانت لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی تر بکردایە؟

– دیارە بەندە وەک ئاشکرایە لە ساتەوەختی لاویمەوە دەستم بە نووسین کـردووە و گـۆرانیی سـۆز و خـۆشـەویستی لە قوتابخانەدا دەیانمخوێندەوە، هەندێک لەو شیعرانەش کرانە گـۆرانی و بەدەنگی گـۆرانیبێژان لە بۆنە و ئاهەنگەکـاندا دەوترانەوە، هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو ببمە شاعیرێکی ناودار و بە بەردەوام شیعری گۆرانی بنووسم، دیارە ئەم ئاواتەم تا سەر نەهاتە دی چونکە زیاتر شیعری سۆزداریم دەنووسی، ساڵی ١٩٨٥ کاتێک لە کۆلێجی پزیشکی لە میسر دەمخوێند، ڕاپەڕینێک لە سوودان ڕووی دا و دەسەڵاتی جەعفەر نمێری سەروژێر کرا، لەو کاتەدا تۆوی هەستی نەتەوایەتی لام چەکەرەی کرد و بۆ یەکەم جار دەستم بەنووسینی شیعری نیشتمانی کرد و لە تەلەڤزیۆن و بۆنەکاندا دەمخوێندەوە و هەواداریکی زۆرم هەبوون و هەر لەو کاتەشدا کە لە میسر بووم لەگەڵ هاوڕێیەکی چیرۆکنووسی میسر بە نێوی (فوزي شلبي) سەردانی قاوەخانە ڕۆشنبیرییەکانم دەکرد و لەوێندەر ئاشنایەتیم لەگەڵ ژمارەیەک نووسیار و ڕۆشنبیری میسریدا پەیدا کرد کە هەریەک ڕا و بۆچوونی جیاوازی هەبوو.

**شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە یەکێک لە ڕۆمانەکانم بگۆڕدرێتە سەر زمانی کوردی و بەخەڵکانی تر ئاشنا بم و خوێنەری کورد بەڕۆمانەکانم ئاشنا بن**

شیعرەکانم گەیشتنە ئاستێک کۆوارە بەناوبانگەکان شیعریان بۆ بڵاو دەکردمەوە، لەوانە (ابداع) و (شرق) و (القاهرة) و (مجلة الشعر) لە ساڵی ١٩٨٧ و لە دواساتەکانی دەرچوونم لە کۆلێجی پزیشکی و لە یەکێک لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا، یەکەم ڕۆمانم لەدایک بوو بەنێوی (کرمکول) و دواتر بەسەر خانەکانی بڵاو کردنەوە دەمگەڕاند تا شاعیری کۆچکردوو کەمال عەبدولحەلیم لە (دار الغد) بۆی بڵاو کردمەوە و تا ئەم ساتەش لە یادمە، کە کاتژمێرەکەم (ڕۆلکس) بوو بە ڕەهن دامنا بۆ ئەوەی پارچەی چاپکردنەکەی پێ بدەم.

(کرمکول) دیارە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەر ئەویش منی

بەخوێنەر ناساند، پاش دەرچوونم لە کۆلێج بەرەو سوودان بە ڕێ کەوتم، لەوێندەر ساڵانێکی زۆر خۆم بە پیشەی پزیشکییەوە سەرقاڵ کرد، ساڵی ١٩٩٦ بەرەو قەتەر بەرێ کەوتم، لەوێندەر ڕۆمانی (ئاسمان بە ڕەنگی یاقوت)م نووسی، قەتەر گەورەترین دەسکەوت بوو بۆ من کە تێیدا بەردەوام بووم لە نووسین، من وەک نووسیارانی تری سوودان نەبووم، پاش بەرهەمێک و دووان لەسەر پشت لێی ڕاکشێم، من شیعر و ڕۆمانیشم نووسیوە و تا ئەمڕۆش بە جۆش و خرۆشەوە بەردەوامم لە نووسین.

* دەکرێت تیشکێک بخەیتە سەر ڕۆمانی (کرمکول) کە یەکەم ڕۆمانی جەنابتە و دواتر هۆکاری زۆر بایەخی خوێنەرمان لەسەر ئەو ڕۆمانە بۆ باس بکەیت؟

- (کرمکول) یەکەم ڕۆمانم بوو و ئێستە زۆر بەباشی لە یادم نەماوە، ڕەنگە مەبەستت ڕۆمانی (صائد الیرقات) بێت کە ساڵی پار بۆ خەڵاتی (پۆکەری عەرەبی) دەستنیشان کرا، بەڵێ ئەو ڕۆمانەم هەنگاوێکی باش بوو بۆ من، دەرگەیەکی باشی بە ڕووی جیهاندا بۆ واڵا کردم، کە ئەگەرچی ڕۆمانی (العطر الفرنسي) کە بە زمانی فرەنسی بڵاو کرایەوە بەڵام (صائد الیرقات) تا ئێستە بۆ سەر سێ زمان وەرگێڕدراوە، چاوەڕوان بن دەکرێت بۆ چەند زمانێکی تر وەربگێڕدرێت، کە باس لە چیرۆکی کابرایەکی ئاسایشی خانەنشین دەکات تووشی کارەساتی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبێت و دەیەوێت ڕۆمانێک بنووسێت و لە نووسیارێکی ناودار خۆی نزیک دەکاتەوە بۆ ئەوەی لێوەی فێر بێت چۆن ڕۆمانەکەی بنووسێت، ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی گاڵتەئامێزە، گاڵتە بەو بەناو نووسیارانە دەکات، من بۆ خۆم چێژێکی زۆرم لە نووسینیدا بینی و لە ماوەی کەمتر لە مانگێک لە نووسینەوەی بوومەوە، ئێستەش زۆربەی ئەو خوێنەرانەی بەرهەمەکانم دەخوێننەوە خۆیان لەو ڕۆمانانەدا دەبیننەوە، کە زۆربەیان بە زمانێکی ڕەوان و سادە نووسیومە و هەر بۆیەش ئەوان بەدوای ڕۆمانەکانمدا وێڵن، لەوانە (مهر الصیاح) و (توترات القبطي) و (العطر الفرنسي) و کۆمەڵە بەرهەمێکی تریش کە پێش (صائد الیرقات) نووسیومن، خۆ ئەگەریش لە سایتەکاندا بگەڕێیت ئەو کات دەتزانی بە چ شێوەیەک لەسەر ڕۆمانەکانم نووسراون.

* وەک ئاشکرایە لای ڕۆشنبیران کە ئێوە پاش ڕۆمانی یەکەم و دووەمتان، شێوازێکی ترتان پەیرەو کرد، تا چەند ئەمە دروستە؟

- بەڵێ من بۆ خۆم لە هەر کاتێکدا بێت، بیرۆکە و ئەزموونێکی تازەم پێڕەو کردووە، بەڵام شێوازم زۆر نەگۆڕاوە، لەو ڕۆژەی دەستم بە نووسین کردووە، هەندێ بەرهەمی سووکم نووسیوە، کە دەگاتە هەموو کەسێک، بۆ خۆم ڕۆمانی مێژوویی و خەیاڵئامێز لەسەر ئەم ڕۆژگارە دەنووسم، لە بواری ژیاننامەش لەسەر (سیرة الوجع) نووسیومە، لەو شوێنە وەک چاودێری پزیشکی کارم




دەکرد بە ئاووهەوا و ئەفسانەی ئەو ناوچەیە ئاشنا بووم، (مرایا ساحلیة)شم لەسەر شاری پۆر سوودان نووسیوە، کە ساتەوەختی لاویم لەوێدا ژیانم بەسەر بردووە و پاش دەرچوونیشم لە کۆلێج بۆ یەکەم جار هەر لەوێدا وەک پزیشک کارم کردووە، پێش ئەوەی بۆ قەتەر بڕۆم ساڵی پاریش ژیاننامەیەکم نووسی بەنێوی (زەینەب) کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر و کولتوور لە دەوڵەتی قەتەر بۆیان لە چاپ دام، لەسەر ڕۆژانی کارکردنم بوو لە هۆبەی نەخۆشییەکانی تایبەت بە ئافرەت و منداڵبوون کارەکتەرەکە کەسێکی تەڵەکەباز بوو، ئاشنایەتیی لەگەڵمدا پەیدا کرد، کە نێوی (ئیدریس) بوو، بۆ ماوەیەکیش بێزاری کردم و من هەموو ئەوانەم لەگەڵ ئەو بەسەرهاتانەی کە هاتنە ڕێم لە کارکردنمدا تێدا نووسییەوە.

* ڕۆمانە قەبەکەتان (مهر الصیاح) ئەگەر لە تای تەرازوویەکدا دانرایە لە بەرهەمەکانی ترتان بایەخی پێ دەدرا، هۆکاری ئەمە چییە؟

- (مهر الصیاح) ڕۆمانێکی مەلحەمییە، باس لە خەفەت و ڕیسواکردن لە هەموو جێیەکدا دەکات، ڕۆمانێکی مێژوویی خەیاڵئامێزە لەسەر میرنشینێک بە نێوی (ئەنسابە) و ڕووداوەکانی بۆ چەرخی هەژدەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، بەنێوی (ئادەم) کاتێک ئەو خەون بە دەسەڵاتەوە دەبینێ و بانگەشەی بۆ دەکات و دواتر سەری خۆی لە قوڕ نا، ئەم ڕۆمانەم بە گرینگترین بەرهەمم دادەنێم، کە ئەو کات وزە و توانایەکی زۆری لە من گرت، بە هەمان شێوە ڕۆمانی (توترات القبطي)شم هەس، کە لە مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە و باس لە ڕەگەزپەرستیی ئاینی دەکات کە تا ئەمڕۆیش بوونی هەیە، ئێستە (مهر الصیاح) بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا و بەم

نزیکانەش بڵاو دەبێتەوە.

* هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد بیرۆکەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی جەنابتیان بۆ سەر زمانی کوردی لا گەڵاڵە بووە، دەکرێت ڕای جەنابتان لەو بارەیەوە بزانین و تا چەند پێی خۆشحاڵ دەبن و لەنێویاندا وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل کە پێشتر ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکور)ی ئەلتەیب ساڵحی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕا؟

– بە هەقیقەت ئەو هەواڵە شادمانم دەکات و شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە یەکێک لە ڕۆمانەکانم بگۆڕدرێتە سەر زمانی کوردی و بەخەڵکانی تر ئاشنا بم و خوێنەری کورد بەڕۆمانەکانم ئاشنا بن، سەباح ئیسماعیل دانەیەکی لە کتێبە وەرگێڕاوەکەی "وەرزی کۆچ بەرەو باکور"ی بۆ ناردم، دڵم پێی گەشایەوە، لێ ئەو ئەوەی بۆ من نەدرکاند کە بەنیازی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی منە، بەهەرحاڵ وەک عەرزم کردی، ئەمە شەرەفێکی گەورەی هەموو نووسیارێکە، دیارە منیش نووسینی هەندێ لە نووسیارانی کوردی بە عەرەبینووسم خوێندووەتەوە و بەدڵم بوونە.

* مەسەلەی پەرتبوونی خوارووی سوودان و هاتنە کایەی دەوڵەتێکی تری سەربەخۆ لە خوارووی سوودان، هیچت لەوبارەیەوە وتووە؟

– لەسەر باشووری سوودانم نووسیوە، باسیشم لە کرۆکی کێشەکە کردووە، کە کێشەیەکی ئەتنی و ڕەگەزییە و بەرەنجام جیابوونەوەی لێ کەوتەوە، لە نووسینەکەمدا ئاماژە بە بازرگانێکی عەرەب بە نێوی (رابح مديني) دەکەم کە لە باشووری سوودان دەژێت، لەگەڵ کەسانی تری عەرەب کە سەرقاڵی بازرگانیکردنن، چیرۆکی پەیکەرتاش (تايلور تيلا) کە ئەو پێوەندیی ئەویندارى لەگەڵ کچە عەرەبێکدا هەیە و ناتوانێت چارەنووسی بەو کچەوە ببەستێتەوە و دیارە گرینگترین ئامانجی ڕۆشنبیران ئەوەیە چۆن تەفاعول بکەن لەگەڵ کێشەی نەتەوە و وڵاتەکەیان و لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانی (تعاطف)م نووسی، کە پێش ماوەیەک بڵاو بووەوە و تێیدا باسم لە شۆڕشەکانی ئەم دواییەی بەشێک لە وڵاتانی عەرەب کردووە.

* هیچ کاری تازەت بەڕێوەیە؟

– لەم ڕۆژەی دواییدا لە نووسینی ڕۆمانێک بوومەوە بەنێوی (خاکی سوودان – شیرینی و تاڵی) کە باس لە سەفەری گەنجێکی ئینگلیزی بۆ سوودان دەکات.

شیعر

فەرهاد پیربالْ

# ژوورەکەی عالی - مەقامی جەنابم

١

بە دیوارەوە
که تەمەنی
سێ چوار ساڵان بوو:
پێڵاوی کچم.

بە دیوارەوە
کورسییەک: کرێ
که تەمەنی
حەڤدە هەزار دەسەڵاتە؛
هەڵم واسیوە:
سێدارە!

٢

«سێ چوار ساڵ پێش ئێستە بوو دوو کەس، لەگەڵ
کەری ڕۆستەم

ڕاوەستابوون

سەوز سەوز».

بە دیوارەوە هەڵم واسیوە:

چ بێدار!

٣

کتێبم کەوکەبی با بوو

کاغەز ئافەتبەری خێر.

خەندەم لە خەم هاتبۆوە

پەنجەم لە شەڕ نەشکابوو، تا

شەهید ببم، منیش

بە دیوارەوە هەڵبواسرێم!

٤

ئەنیسم قاوەیەک چا بوو

خوارد خواردیش با دەم ساردەوە

گەرم گەرم دەبوومەوە

بە هەر ماچی مۆسیقایەک:

میللیم میللیم

دەمی کردە

دووکەڵی داو داو وەک

دەردی خۆم بۆ ناو دەمی

دووکەڵکێشم

بە

دیوارەوە.

٥

ڕێی چاڕلس جاک حەججاج

مەلا هەمەنگوای شێخ بغێل

مەولانا کانتی شارەزووری محەمەد ماغووطی مودەڕڕیس

داروین خانی خەمباجی          حاجی مارکۆزی کەبابچی
ئیبن یۆنسکۆی جامی       جەمالەدین مینۆرسکی
ئیخوان میرۆی نەسرەت خان    مۆنتێسکیۆی شوکر باشی!
فرووغ مەحوو ببۆوە
ڕۆمی شاملۆی دەڕوانی
وەرزم لەغوو ببۆوە:
دەوام سەیری کاتژمێرم
به دیوارەوە
تا سبەینێ
زوو له خەو
هەڵبواسرێم!

٦
ڕایەخێکی سوور سوور، تا بەردەرگام
ناگەیەنێتە
فیستیڤاڵی کان
بەڵام!

٧
«ڕوبعێکی» دوور دوور، سەوز
له زەمانی ئەحمەد حەسەن بەکرم
دەگەڕێنێ.

٨
شەوی تەرزە مینای دڵی چۆن دەشکاندم: هەم سەریشم
.. هەم ژوورەکەم!
ڕۆژ نەبوو خەوم لەبەر «ئەخبار» و
زرینگەی زەنگی تەلەفۆن و هاژەهاژ!

٩

شەپکە و پەردووی پەنجەرەی:

مات

ڕەنگی مردووی مەستیم: پات

هاوینان گەرمای تێدا گەرما دەبێ

زستان میوانی بێ قوڕ بە سەرماوە دێ بە سەریا، تا

قیامەت!

١٠

بشکوژاباوە

هەر ڕووناک تێیدا؛

ژوورەکەم

سەری لەو هەموو ڕۆحەم سوڕمابوو لە خۆیدا!

١١

لە ژوورەکەم

ڤیڤالّدیم دیت

نۆتەمی هەڵ –

دەگرتەوە، تا

تووڕە ببێ لەم دنیایە

مۆسیقای!

پیکاسۆم دی، پێم

پێ دەکەنی

بە لاقی ڕووتی خۆی

بە دەرپێ قوتەیەکەوە

بەم گەرمایە!

١٢
شامگاهان
کچی شام دەگا!
لە ژوورەکەم دەبووایە هەر دەمێکی هاتنەوەی کچی شامگا، دیسان
بچمە دیمانەی، تا
جارێکی تریش، دیسان شامگاهان «بێتەوە»!

هەموو شامگاهان کچی شامگا لە ژوورەکەم؛ بەهرەی
شیعری دەدا مێش، تەنانەت.

١٣
لە ژوورەکەم
باری بیست هێستر سیدی
باری نۆ حوشتر کتێب
باری سەد ماکەر ئەسپ
یادی ڕۆژانی ڕۆحی ڕەنگینی خۆیان دەکردەوە.

١٤
ژوورم ژوورەوەی خۆ بوو
چاوم سونبولی بۆ بوو
بۆنم نەبوو بەدیاریەوە
یار و یاوەرم هەر: یا
شیعرێکم؛ یا
تۆی خودایە!

شیعر

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# نیشتمانێک لە ئەرخەوان



١

دەیان جار چوومەتە وەرزی تەنهایی
دڵی باخێکی بەجێماوی پڕ ئەسرین و
گۆڕستانێکی بێ باڵندە و
تریفەی شەونمی مانگ و
کیژۆڵەیەکی بێ ناونیشانم دیوە
دەیان جار بەنێو پایزی
عەشقێکی تاریکدا راگوزەربووم
کە مەرگی خۆیان لەنێو
شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریادا بینیوە

٢

من لە خۆمەوە نەهاتوومەتە نێو باخچەی
پڕ لە گوڵزاری ژیانەوە
من لە بەهاری خوێنەوە و

لەنێو کەشتییەکی بەجێماوەوە  هاتووم
لەنێو شەپۆلی دەریایەکی هێمندا
سەرم وەک ئاوی رووبار سپی و
دەروونم وەک گەڵایەکی وەریو

٣

من لە خۆمەوە نەهاتووم
لەنێو ئاگری بەرئاگری سووتاندا
لە پێدەشتی بەگوڵ چێنراوی زامەکاندا
تێکەڵاوی رەنگی تاریکی و
دڵ شکانی پەپوولەیەک
هاتووم و، لەدایک بووم



٤

من لە خۆمەوە نەهاتووم
لە زستانێکی پڕ کرێوە و تۆفاندا
لە شارێکی داڕووخاوی وێرانەدا
لەدایک بووم
تاکو رەنگی رەش بکەمە بەرم
ئەو کاتەی باوکم جێی هێشتم
شیعرێکی رەشپۆش هات و، کردییە بەرم
من گریانم وەک باڵندە و، نەسیمی مۆسیقایەک
نەناسیبوو، ئەو پێی وتم

٥

من لە خۆمەوە نەهاتووم
بچمە دنیای دڵشکان و ئازارەوە
جەستەی سووتاوی ژنێکی هەڵەبجە
پشکۆی ڕقێکی تووڕەبوون

وای لێ کردم زامەکانیان بنووسمەوە

٦

من لە خۆمەوە نەهاتووم
ببمە باڵندەیەکی دیل
ئەوە گریانی منداڵە هەژارەکانی
کەرکووک بوو وای لێ کردم
بچمە نێو دنیای خەباتی
کیژۆڵە نەشمیلەکانی قەندیل



٧

ئەگەر رۆژێک هات و،
لە شارەکەمدا دیار نەمام
لە دارئەرخەوانەکانی سەیوانی
 وەرزی وەرین  بۆم بگەڕین
رەنگە لەسەر گۆڕی شەهیدان بم
ئەگەر لەوێش نەمدۆزنەوە
رەنگە لە کۆڵانێکی داڕووخاوی قەڵادزێ و
لە ماڵی ژنە بێوەژنێکی پاکیزەیی
دوای ئەنفالی گەرمیان بم

٨

ئەگەر لە هیچیشیان نەبووم
لەوانەیە بووبم بە کۆترێکی سپی
بۆ باڵای ئەم گەلە بخوێنم
یاخود بووبم  بەشیعرێکی ناسک
بۆ کێلی گۆڕستانەکان و
وەرینی خونچە گوڵی، ژاکاوی ئازیزانم

شیعر

بڵند باجەلان

# خوێنی گوڵ... گوڵەکانی خوێن

١
بۆ فرمێسکەکانم دەگریێم
کە دەبارن بۆ ئەوەی لاسایی باران بکەنەوە
بەڵام لە تووانەوەی (تووانەوە) دەچن
من دەگریێم تا تۆ پێ بکەنی
تا ئەو رۆژەی لە سەفەری گوڵەبەرۆژە دەگەڕێمەوە
نەمناسییەوە
شاعیرەکە نەناسییەوە.



٢
شەپقەکەی لە سەر کرد
بۆینباغەکەی توند کرد
پێڵاوەکانی بۆیاغ کردن
چەند کتێبێکی ئەستووری خستە ناو جانتا دیپلۆماسییەکەیەوە
بەنیازی گێڕانی کۆڕێک لەسەر (سکپڕیی پەپوولە)

له پلیکانەکان چووه خوارەوه
که له هۆڵەکه چووه ژوورەوه
هەموو چەپڵەیان بۆ لێ دەدا
که له هۆڵەکه هاته دەرەوه
قۆندره و
بۆینباغ و
شەپقه و
جانتای دیپلۆماسییان تێ دەگرت
چەند پەپوولەیەک پاسەوانییان دەکرد
چەند منداڵێک بۆی دەگریان
چەند کۆترێک بەرزیان دەکردەوه
لێرەدا دەرهێنەر قیژاندی بەسەریا:
ـ ستۆپ، تۆخەون دەبینی
یان تەمسیل دەکەی؟



٣

له دادگەی زریکه و پەڕەسێلکەدا
دادگەییی خۆم دەکەمەوه
دادگه بڕیاری داوه بمرم
دوای فەترەیەکی تر
منەکان له شادەماری مردندا دەمنێژن
رۆحم بۆ گورگەکان فڕێ دەدرێ
گوایه گورگەکان ئەو رۆحەیان پێ داوم
کەللەی سەرم له مۆزەخانه دادەنرێ
لەسەری دەنووسرێ
(ئەو تۆپەی میسیی فێره تۆپی پێ کرد)

٤

که فوارەکە دەوەستێ
دەنگی شەیپوور و دەهۆڵ دەبیسترێ
لەنێو شارێکی واقیعی نێو شیعرێکی ئەفسانەییی خۆمدا
پیاسە دەکەم
عومەری خاوەر یاری بەباڵی چۆلەکە دەکا
بیر لە باڵی فڕۆکە دەکاتەوە
منداڵەکەی باوەشی گەورە بووە
لە کەناری دەریا پیاسە دەکا
خوێنی پیاوەتی بەجەستەی هاموشۆ دەکا.



٥
غەمگینترین مۆسیقای بۆ لێ دەدام
مۆسیقای (دەرچوونی گیانی لیمۆکان)
گالیسکەیەکی تەژی لە خۆخ
بەلامان گوزەری کرد
خۆخەکان بەجۆشترین گۆرانییان دەچڕی
لە کۆتاییی کۆڵانەکە
کۆمەڵە بووکەشووشەیەک تۆپانێیان دەکرد
چەند منداڵێک پشتیان بە دیوار دادابوو
حەزیان دەکرد بووکەشووشەکان لە یارییەکەدا پێکیان بکەن.

٦
نیشتمانم خستووەتە گیرفانم
لە زیارەتی ئەبوجەعفەری مەنسوورەوە دەچمە زیارەتی (زیارەت)
ئەدرێسەکە نیشانی دەریا دەدەم
لەگەڵی بەرێ دەکەوم
دەمباتە سەر پەردەی کچێنیی کیسەڵ.
لەگەڵ ڕۆژە دووبارەبووەکانم بەرێ دەکەوم

دەمبەنەوە قەرنی ژیان
که تیایدا مردم
لەگەڵ ملیۆنان تەیرەن ئەبابیل ڕێ دەکەم
دەمبەنە لای قەفەز
قەفەز گوێچکەماسیی تیایە یەکەمیان نووسراوە
ئازادی
لەسەر دووەمیان
گەنجی و پیری و پیواز
سێیەمیان لەسەری نووسراوە
دووەمیان
لەسەر چوارەمیان
چوارەمیان
لە پێنجەمیان نووسراوە
هیچ کامیان.
لەگەڵ خۆم ڕۆیشتم
بردمیەوە سەر مەرقەدی ئەبوجەعفەری مەنسوور
ئەبوجەعفەر گۆرانییەکی بۆ گوتم
نا پرسیارێکی لێ کردم:
– ئەرێ تۆ ئوسامە بنلادن نی؟!



هەولێر ٢٠١١

blendbajalan@ymail.com

**شیعر**

ئیبراهیم هەورامانی

# گەڕەک

چاوم بەحەسرەتەوە دەدوێ.
دڵم بۆ چرپەی
یەک بەیەکی قاپییەکانی،
خانووەکانی گەڕەک
گوێ دەگرێ.
گەڕەک
بەچەشنی پیرەمێردێ
سیمای
ڕەنگی
گوفتاری
بۆی هەناسەی
پیر
پیر دەنوێنێ.
من هەنگاو دەنێم و
قاپییەکانی نامناسنەوە.



چاو هەڵدەخەم
دیواری ماڵەکانی
هەر بەچەشنی
شۆخە کچێکی شەرمن
نامۆن... بەمن.
گەڕەک ماتە
وەک عومری مەلوولیم
بێ هەناسەی عاشقانە
وەک چڵە ڕێحانەیەکی وشکەوەبوو
وەک گوڵەنێرگزێکی ماتەم.
لێرە نە فەقیانەی
کراسە شۆڕەکەی دایکم
نە قاقا و پێکەنینی
گەورەکچانی هاوسێکان
نە گریە و نزولەی مناڵان
سڵاوێ دەکەن و
قاپییەک پێم ناڵێ
لێرەدا
پشوویەک،
چۆڕێ ئاو بنۆشە!
من هەنگاو دەنێم و
دیوارەکان، نامبەنەوە
بۆ لای خەیاڵی مناڵیم
نامبەنەوە
بۆ لای دوکانەکەی
مامە سۆفی.
نامدەنەوە دەست



حیکایەتە تولانییەکانی پوورە فاتێ.
بۆ لای حەرفە پڕ لە قریوەکانی
ئەو کچە جحێڵانەی
لە چاوبڕکێ و
زوڵف بەردانەوە دەگەن.
چەندی دەکەم
ئەم گەڕەکە
وەک بڵێی
مەملەکەتێکە غەریب
غەریب
وەک هەنگاوە نامۆکانی من
وەک نیگا ڕژاوەکانی من
وەک هەناسە ساردەکانی من
من هەنگاو دەنێم و
دیوارەکان نامبەنەوە
بۆ
لای
خەیاڵی
مناڵیم.



شیعر

غەمگین بۆڵی

# ئەلوو ساڤۆکە

سبەی خۆم سەفەریم
بەمردن بڵێن:
با خۆی لە دوای من ئەزیەت نەدا
خۆم تەلەفۆن بۆ ساڤۆ* دەکەم
لەودیوی لای ژنە پاکیزەیییەکانی
با خانوویەکی پڕ لە کتێبی باڵدار و
ژنی شووشەیی و
شەرابی ئاسوودەگیم بۆ بەکرێ بگرێ.
ژوورەکان بەقەد خەیاڵ فراوان و
حەوشەکەی بەقەد وشەکان پان بن
با ساڵۆنەکەی بەقەد سنگی شیعرێکی هەڵفڕیو بێت.

ئەلووووو... ساڤۆکە
مردن تەریق دەکەمەوە
سبەی ناچمە لای
هاهاهاهاهاها.

ئەلوووو... ساڤۆکە

ئێوارەیەک دەعوەتی تۆم
بە پارچەیەک خەیاڵی ناو خەونەکانت
بە فرە پێکێک لە خۆکوشتنت .

ساڤۆکە ئەلووووو...
خەڵوەتم بەهەزاران خەیاڵ ئاوس بووە
وەک ئاوسبوونی سگی شیعری تۆ بەخەیاڵی پیاوە نەوسنەکان
وردە وێنەی تەڕ لە پەنجەکانم فیچقە دەکەن
وەک وێنەی تەڕی تۆ لە بەردەم ئاوێنەی ئیرۆتیکا
وێنەکانم کەللەسەری وشەی پڕ لە قسەن
وەک کەللەسەری پڕ هێلانەی پەپوولەی تۆ لە ئاسمان
وشەکانم کراسی فانتازیای ڕووتبوونەوەیان پۆشیوە
وەک وشە بێ مایە و ستیانەکانی تۆ.

ئەلووووو... ساڤۆکە
شیعر لە تۆوە..
تەڕ تەڕ خۆی دەخاتە حەوشەکانی بێدەنگی بوونمەوە
تەڕ تەڕ پرچی درەختەکانی شەو ڕاکشانت بە پەنجە شەکەتەکانم دادەهێنێت
تەڕ تەڕ کراسە ئاوریشمییەکانی ئاویت فڕێ دەدا بێحاڵیمەوە
تەڕ تەڕ بە گۆنای هەناری سەربەگوڵت وشەکانم لە خەیاڵەوە دادەوەشێنێت
تەڕ تەڕ خۆی دەخاتە بن ڕۆحی ماندووم و
دەست دەکات بە سەمای تەڕبوون.

ئەلوووووو...
ساڤۆ پرچی خۆی بەسەر سینگی زەویدا شۆڕ کردووەتەوە
بە کلی وشەکان چاوی شەوەکانی سپی سپی کردووە.

ساڤۆ ...
دەرگەکە دادەخەم
پەنجەرەکە دەکەمەوە
جێگەیەکی ئارام ڕادەخەم
ئەمرۆ دەمەوێت کەمێک بمرم.

* ساڤۆ: یەکەمین ژنە شاعیری گرێکییە و بەوە بەناوبانگە کە شیعرەکانی ئیرۆتیکایان لێ دەتکێت.

شیعر

عەباس عەبدوڵڵا یوسف

# نڕناش لە ئاش و ٣٣ تاکدێری تریش



* لەناو ئۆقیانووسی قامووسی تاکپیتیدا نقوم بووم. خۆم بە یەک لە بلیۆن دەنگەی هەڵواسی و نەخنکام.

* لەناو زۆمی ڕەشماڵ و سپیماڵ و سوورماڵ و زەردماڵ و شینماڵ و کەسکماڵ، بەدوای مێقولێکی هەرزەکارەی کورد و کۆچەری دەگەڕێم.

* لەناو فرمێسکی پیاوان، ژنە بریندارەکان بە ڕووتی مەلە دەکەن.

* بە سێ تێکەڵەی شیری گورگ و گا و دالگ رسکاو بەسێخوو، لەسەر تابووتی ئەسکەندەر داستانی مێشوولەیەکی جەربەزە دەنکرێنێ.

* بەخۆشچپە بالیف هاتە رایێ و حەبی خەوێنیمی پێ فڕێ دا.

* ماکیاجی سپی لە لێوت دا وتت نوومۆدەیە، مێژووکار بردییە سەر لێوڕەنگەی ئافرەتی نیادرتاڵ.

* نەیانهێشت بڵێم هیچ برای سفرە، دەبێ بڵێم خوشکێتی.

* مرۆڤ.. هۆ مرۆ، لەمەوپاش بازیبەند هەڵگرە.

* لەشی خۆی قورپۆش کردووە و لە چێژگەی هەژاراوەی حەسەن فەتحیدا درێژترین تەزووی سێکسانە بە لەشیدا بزوا.

* چ تفێکی بەد بوو، دەڵێ ئیللان بیللان بە سایکۆپاتی لێکم بدەنەوە.

* خۆشخەتم.. بەدبەختم! نووسەی بان دەستم سیسمۆگرافیایە.

* با پێکرا هەزار نەی دەژەنێ. دەنگێکی کاریکاتیرانەی لێ دەبیسم.

* دەمدەیتێ چەند تاڵێکی قژت، ژێتارەم پێی دەوێ بیژەنم و دڵەی بەرد بنەرمێنم.

* مۆرانە لە کتێبەکانمی دا، سیسرە بەگۆرانییەکی شەوانە دڵی دەدامەوە.

* وشەی (شێر)م کردەوە وام زانی خۆیەتی، مشکێک دەرپەڕی و فیلە سپی و تاقانەکەی ئاژەڵخانەی خوارد.

* بەخۆمەوەش جیهان نزیکەی حەوملیار رۆبۆتە.

* دەروونی قرمچا، بە چا، چا بوو.

* نڕناش لە ئاش نامهدمێنێ، بە نەشتەرکاری خۆم ترسبڕ کردووە.

* بە گێزەر دەڵێ لێزەر، لێ گەڕێ نەوەی زانست ساوایە.

* رامووس.. رامووس، جارێ مووس بمووس، ئینجا لێوی لەشلووس.

* کادین پڕ ئۆرگازمە، شارستانی پێ بزانن شاکادین بەر لە ناندین، بنیات دەنێن.

* لەناو جەنگەڵێکی پلاستیکدا، شێرێکی شووشە و پڵنگێکی تاسولقە و مارێکی لاستیک دەوریان دام و خواردمیان.

* قالۆنچەش عەبداله بۆ نیشتمان، لەناو گولێن دەفیغێنێ: خۆشبۆنە خنکاندمی بمبەنەوە گووستان.

* مەڕترین ئاژەڵ کەرە، مریشکترین ئاژەڵ کەرە، کیسەڵترین ئاژەڵ کەرە، کەرترین ئاژەڵ کەرە.

*به پۆستەی منەوە گەگەرین، سوپاسی چەرخوفەلەکی کوردەواریی کرد.

* مرۆڤی فرە چاو لە دایک بووە و فرە گوێش بەیانی، دووسبەش نازانم لەوانەیە تاکمرۆڤی فرە مرۆ بێ.

* ئەفلاتوون سینەماسازە، لەناو ئەشکەوتدا فیلمی (دیل)ی دەرهێناوە، دیلەکەش من بووم.

* لە خۆم هەلاتم و بە جەڕەیەک بەدەمچەوە کەوتمە ناو خۆم.

* پیرە نەمرۆک پێ بەخشیم: پێشستایەکی بێ رابردوو، پاشستایەکی بێ ئایندە.

* حوشتر هەیە و ئەیووبیش هەیە، سەربازانی پەنجا و حەوت زادە نەوەی هەردووکیانن.

* ئەم دڵەت گیا شەکرۆکەیە و بەپۆل پەپوولە لە دەورەی هەڵدەفڕن.

* حەوجەی سەلماندن ناکات، دیارە وەرگێڕی نێری و جلی مێیانەت لەبەر کردووە.

* مەردانە بوو دینگ نەیهێشت لە برسان بمرم، حیزانە بوو دینگە تا مراندمی منی لە خۆیەوە بەزنجیر بەستەوە.

* نیو مەلیمەترم مابوو بگەمە گەهان، تیری ناگهان پێکاندمی.

***

ئەفلاتوون = پلاتۆ، پلاتۆن. (٤٢٨ _ ٣٤٧ پ. ز ) فەیلەسووفێکی یۆنانییە، لە کتێبی کۆمار، باس لە ئەفسانەی ئەشکەوت دەکات؛ کاتێ (گیان) بەبەر (جەستە)وە دەچێ وەک بەندکراوێکی لێ دێ.

ئۆرگازم = orgasm پۆپەی تەزووی سێکسی

ئەیووب = ئەیووب پێغەمبەر (سلاوی خوای لێبێت) نموونە بەرزەی ئارامگرتنە

بازیبەند = بازبەند. گوللەنەبڕ. گوللەبەند: نوشتەیەکە لە قۆڵ و باسک دەبەسترێ، بەلای گوللە و تێر و وردە تەقەمەنی دەگێڕتەوە، مانای تریشی هەیە لێرە مەبەست نییە.

بەدەمچە = بادامچە. شەوەشینک. بادامە تاڵە و چەند ناوێکی تری هەیە. بەرێکی تاڵە و لە باوی بچووکتر و لووسترە. لەناو خێواوک دای دەنێن و تامەکەی خۆش دەبێ. ئینجا بەددان قەپیلکە رەقەکەی دەشکێنن و دەیخۆن، شارۆچکەی عەنکاوەی هەولێر لە سالانی شەستەکان و حەفتاکان بەدەمچەی ساز دەکرد.

بنەرمێنم = نەرمی بکەم.

پەنجا و حەوت زادە = ئەو سەربازانەیە کە لە سالی ١٩٥٧ لەدایک بووینە و لەوانەیە لە شەڕی عێراق و ئێران (قادسیە) زیاترین کوژراو ئەوان بن.

پێشستا. پاشستا = پێش ئێستا. پاش ئێستا.

تاسولقە = پارچە گۆزە و دیزە و سیرامیکی شکاو، سواڵەت.

تیری ناگەهان = تیری نادیاری. تیری نەدیدە. تیری قەدەر.

جهاند = کردمە جهانی، کردمە گلۆبالیزم.

چەرخوفەلەگ = چەرخوفەلەک. لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواریدا چەرخوفەلەک سوارکەیێکە لە دار

پێکهاتووە و بەئاسماندا دەفڕێ.

حەسەن فەتحی = (١٩٠٠-١٩٨٩) ئەندازیارێکی بیناسازیی میسرییە. لە ئاستێکی جیهانیدا ناسراوە بەئەندازیاری هەژاران بەناوبانگە، لە فرەنۆمیدا چەندین شاکاری هەیە. وەرگری چەندین خەڵاتە.

حەوملیار = حەوت ملیار.

حەوجە ناکات = پێویست ناکات. کوردێندراوە.

خۆماک = بۆماوە.

دالگ = دایک

دەنکرێنێ = هەڵکۆڵین و نەخشاندنی رووی بەرد یا دار.

دینگ = شوێنێکە بۆ کوتین و سپیکردنی گەنم بەکار دێت. بریتییە لە سەکۆیەکی بازنەیی و لەسەریدا بەردێکی بازنەیی دانراوە و لە چەقەکەیەوە کاریتەیەکی ئەستوور راکێشراوە، سەرەکەی تری بە وڵاخێک بەستراوە.

دینگە = ئەستوندە، کۆڵەکە. لە کەرەستەی بەرد. خشت. قوڕ. کەرپووچ. قسڵ. چیمەنتۆ. ئاسن و هاوکەرەستەی تر، قیت و کەوانەیی دروست دەکرێ بۆ راگرتنی خانوو و بنیاتی تر.

راموس = ماچکەر.

زۆم = زۆمە، زووم، هۆبە، کۆمەڵە رەشماڵێکی لێک نزیک.

ژێتارە = تار. قیثارە. ئامێرێکی ژێداری مۆسیقایە.

سایکۆپاتی = سایکۆپاثی Psychopthy پشێوییەکی دەروونی و تایبەتە، نیشانەکانی نەخۆشییەکە بەتەواوەتی دیار نین، تووشبوو زۆرجارە بەهۆی ململانێ و ناوەوەی خودی خۆی ناتوانێ لەگەڵ خەڵک بگونجێ و گوێ ناداتە ئەنجامە خراپەکانی رەفتاری خۆی. سایکۆپات دەمارگرژە و هەست و سۆزی کرچ و کاڵە.

سێخوو = سێ خوو، سێ دەروون.

سیسرە = زیندەوەرێکە لە شێوەی مێشێکی گەورەیە، لەناو ماڵان دەژی و جلک و نوێن دەقنجێنێ، شەوانە بە دەنگێکی پچڕپچڕ دەخوێنێ.

سیسمۆگرافیا = هێڵێکە بە ئامێری لەرزە پێوی زەوی کێشراوە.

شارستانی = خەڵکی شار. بەرامبەر گوندانی و دێهاتی بەکار دێت.

قرمچا = گرژا، ئاڵۆز بوو. گەچلا

گەگەرین = یۆری گاگارین (١٩٣٤-١٩٦٨) ئاسمانبرێکی سۆڤێتییە. ساڵی ١٩٦١ یەکەمین جار لە مێژوودا گەشتێک بۆ ئاسمانی دەرەوە دەکات. بە رووداوێکی فڕۆکەوە گیانی لەدەست داوە.

گەهان = الکمال.

گیا شەکرۆکە = گیاشەکرۆک. کەرتەشی، گیایەکە گوڵێکی خڕی دڕکاوی دەگرێت.

مێقول = ئافرەتی قولەڕەش.

نامهدمێنێ = نامهەدمێنێ، نامهەدمێنێ. تووشی هێدمەم ناکات.

نڕناش = جۆرە دێوێکە، جنۆکەی شاخدار.

نووسە = نووسراو، وێنەی نووسین.

شیعری وەرگێڕاو

خەزعەل ئەلماجدی

قەسیدەی زیپ

# ئەستێرە ناوەکییەکان

و : عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



١
دڵێکی گەرم و
رۆژانێکی سارد
سنوورێک بۆ ئەو نائومێدییە نییە.

٢
دەستێ بە لەرزۆکییەوە سیگار دەکێشێ
دەستێ توانای نییە لەوە زێتر هیچ بکا.

٣
ئەو سەرە چ سوودێکی هەیە
گەر گەردەلوولێ وازیی تیا نەکا

٤
کچە بچکۆلەکەم "مروە"
لە نووستندا نوێژ دەکات.

٥
ڕەنگەکانی شادی زۆرن
با ڕەنگێک بۆ خەم بێ.

٦
هێندە ئاوە بۆگەنەت بەسە ئەی ڕووبار
بۆ شۆردنی دەستە پیسەکان
بەڵام ئاوەکەت هەمووی بەشی دڵە ڕەشەکان ناکات.



٧
باڵێکی زەبەلاحم پێوەیە و
ناتوانم بفڕم
چونکە ئەو باڵەیان لە بەرد بۆ دروست کردبووم.

٨
سوکەڵە بوومەتەوە
شتێکی قورس بە دەست و شان ناهاوێژم
قورساییەکانی دەمهاوێشت لە سەرمدا بوون.

٩
با لە مندا ماوەتەوە
بەدرێژاییی ملیۆنان ساڵە لە زەوی ڕەنگ دەداتەوە
بەڵام من... ڕۆیشتم.

١٠
لە بەرانبەر پەنجەرەدا
ئاسمان دەبارێنێ و چاوەکانیشم فرمێسک
گفتوگۆیەکی بێ مەبەست.

١١
لە ئازایی سروشت رادەمێنیّ
دوای ئەوەی ئازاییی خۆی لەدەست دا

١٢
چی دەمارەکانم بۆنخۆش دەکات
بۆنەکەت! .. تەمومژی سپێدە!.. ساردایی زێڕ
یان گۆرانیەکان؟



١٤
ماڵئاوا ئەی سۆزە پڕ و قووڵ
بەرزەکە
ئێوارەیەکی بەپەلەی بەردەرگە.

١٥
ئەو پێڵاوانە بەزێر دەکێشرێن
پێیان دەڕۆم
چەندان ڕێگەی بێ ژمار.

١٦
لەژێر ئەو گردانە
وڵاتانێکی نادیار و
هۆیەکانی لەناوچوونیان حەشار دراوە.

١٧
کێ ئاگایی لە لەمپایە
کاتێ چرا گەورەکان هەڵدەکەن.

١٨
چرا پرشنگی لێ هەڵدەقوولێ

تا مردن
دەیەوێ شتێکمان پێ بڵێ

١٩
دەستێک دەچێتە مۆزیکا
هەزاران باڵی لێ دەڕوێ

٢٠
ئێسقانەکانمان زیوە
گۆشتمان زێڕ
ئەو فۆرمە جوانە لەناو دەچێ و خاک دەمێنێتەوە.



٢١
لە مەی، لە باوەشی ئافرەت، لە کتێب
لە خۆشیدا دەتلێمەوە.

٢٢
لە سینگم دڕندەیەک هەیە
لە ئاسۆ تەم.

٢٣
شەو و رۆژ
لە هەستەکان دەدا
ڕووبەڕووی توندیی دنیا دەبیتەوە.

٢٤
ئەوە بکە کە جوانە
کێ ژیانێکی ترت پێ دەبەخشێ.

٢٥
من دەچمە کێڵگەیەکی گەورەی سەوز

چەک بە شانمەوە دەبێ بە هەڵم.

٢٦
ئاشکرایە
یەکەم جار مەل ئاسمانی دۆزییەوە.



٢٧
بۆنی دانایی بە دەستەوەیە
کاتێک باران دەخورێنی.

٢٨
بۆچی ناچنە دەرەوەی رووناکی
گەشە دەکا و بکۆڵی دەکا

٢٩
ئاگرێکی بێ دووکەڵ
ئازیزانمی لێ دروست کرا.

٣٠
لە بنمیچی ماڵەکەمدا فانۆسێکم هەڵواسیوە
شێرێک بەدرێژایی ژیانم بە دەورمدا دەخولێتەوە.

سەرچاوە: نجوم داخلیـة. (أقسام الإمبراطور/حبر على الشبكة). خزعل الماجدي نجوم داخلية من الشعر المضغوط

چیرۆک

گوڵبەن شەریف

# غــەریــبــە

ئەم سەرلەئێوارەیە بڕیاری خۆم داوە و سبەی بەهەر شێوەیەک بێت هەستی خۆمی بۆ ئاشکرا دەکەم، چەندین مانگە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بووە بەخۆشەویستی راستەقینەی من، ئەو هێندە بێ بایەخانە مامەڵە دەکات منی گیرۆدەی دڵەڕاوکێیەکی زۆر کردووە و نازانم تا ڕادەی گومان منی هەژاندووە، منێک کە تەنیا رازیبوونم بەسە بۆ ئەوەی زۆر لە کەسایەتی و دەوڵەمەندانی شار بکەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە، سەیرە ئێستا خووی خۆشەویستیم بەکەسێکی کتێبفرۆشی شڕۆڵ گرتووە!. لە سەرەتاوە هەستی خۆبەزلزانینم بە جوانێکەمەوە بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ خۆشەویستییەکی قووڵ، کەچی تا ئێستاکە ئەو هەر بە هیچ شێوەیەک خۆی تێک نادا و تەنانەت وەڵامی سڵاوەکەشم ناداتەوە، بۆیە ئێستا ئیدی بێ سەلامکردن لەسەر ئەو مێزەی کە لە پشتێوە بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوەیە کتێبێک هەڵدەگرم و پارەکەی بۆ بەجێ دێڵم و دەڕۆم، ئیدی خووم پێوە گرتووە دەبێ ڕۆژانە ڕۆژنامەیەک یان کتێبێکی لێ بکڕم.

هێندە بێ هەستانە لەگەڵ دەوروبەریدا مامەڵە دەکات تا ئەو رادەیەی کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر تەقینەوەیەکی بەهێز هەموو خەڵکی شڵەژاندبوو کەچی ئەو سەریشی لەسەر کتێبەکەی بەرز نەکردەوە... دەبێ بۆ ئەوەندە بێ هەستانە لە دەوروبەری و ژیان بڕوانێ؟

پاشان بۆ دەبێ لەناو ئەو هەموو کەسانەی خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەربڕیوم رووم کردبێتە ئەم کتێبفرۆشە، کە دڵنیام تا لەژیاندا ماوە بەو شێوەیە کتێبفرۆشی بکات ناتوانێت جووتێ پێڵاوی شایستە بکڕێت، تۆ بڵێی ئەو هەر لە سەرەتای ژیانییەوە هەر وای گوزەراندبێت و نەویستبێت هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانیدا بکات؟، دەبێ مرۆڤێکی بەختەوەر بێت؟ یان بەپێچەوانەوە مرۆڤێکی هێند

پووکاو بێت ئیدی بەهیچ جۆرێک نەیەوێت لەگەڵ دەوروبەری و ژیاندا هەڵکات؛ من نازانم بۆ هێندە بیری لێ دەکەمەوە، چەندین جار ویستوومە لە بیری خۆمی بەرمەوە بەڵام خۆشەویستی شتێک نییە لە بیر بکرێت. دیسان دەگەڕێمەوە هەڵقەی یەکەم و زنجیرەکە دەژمێرمەوە... ئای خوایە دەبێت بۆچی من وا گیرۆدەی ئەم خۆشەویستییە بوویێتم؟، خۆ من لە ژیانمدا گاڵتەم بەخۆشەویستی هاتووە و بەردەوام گوتوومە خۆشەویستی بوونی نییە تەنیا بەرژەوەندییی شتێکی راستەقینەیە و کەسەکان بەپێی بەرژەوەندیکانیان یەکتری هەڵدەبژێرن، بەڵام ئێستا شتێکی ترە باڵاتر لە خۆشەویستی و فراوانتر لە عەشق.

یان تۆ بڵێی ئەمە تۆڵەیەک بێت خوا لە بریی جوانیدا لە شاجوانەکانی بکاتەوە؟، ئەو هێشتا بەم خۆشەویستییەی منی نەزانیوە، من دڵنیام ئەگەر هەست بەم خۆشەویستییەی من بکات ئەوە دەبینە دوو خۆشەویستی زۆر بەختەوەر، گرینگ نییە لە پاشان چۆن دەژین، گرینگ ئەوەیە بگەینە دوا پایەی خۆشەویستی... پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوانەی بەژیانمدا تێپەڕیوە ئەمە یەکەمین جارە ئەو هەستەم تێدا دروست دەبێت، کچەکانی هاوەڵانیشم شتێکیان هەست پێ کردووە چونکە زۆرجار پێم دەڵێن "ئەم رۆژانە زۆر گۆڕاوی"، منیش بەسەر خۆمی ناهێنم، دەزانم ئەگەر بەتەواوی راستییەکان بزانن دەبمە مایەی رابواردن.

ماڵەکەمان رێک بەرامبەر ئەو مێزەیە کە ئەو کتێبی لەسەر دەفرۆشێ، ژوورەکەشم لە نهۆمی دووەمە و پەنجەرەکەشی بەسەر بازاڕەکەوەیە، ئەو لە پشت مێزەکە و لەسەر کورسییەک دادەنیشێ و تا درەنگانێکی شەو دەمێنێتەوە، ئەوە چەندین مانگە بەهیچ جۆرێک سەری بەرز نەکردووەتەوە، ئەمڕۆ نەبێت، لەو کاتەی لە پشت پەنجەرەکەوە چاودێریم دەکرد و بیرم لێی دەکردەوە بۆ ساتێک چاوی بەرز کردەوە، رێک تەماشایەکی پەنجەرەکەمی کرد و چاوی داگرتەوە، ئیدی نازانم بۆ دڵەخورپەم پێ کەوت و سینگم گەرم بوو، هەستم بەوپەڕی خۆشی و لە هەمان کاتدا بەوپەڕی دڵەڕاوکێ دەکرد، تا ماوەیەک هەروا بێ جووڵە راوەستام، هەر ئەوجارە بوو چیی تر چاوی بەرز نەکردەوە، گوتم نا چاوی بەدوای منەوە نەبوو!.

بەڵام هەر ئەو هەستەیە کە ئێستا خەوی لە چاوم فڕاندووە، روو لە هەر لایەک دەکەم ئەو چاوهەڵێنانەی وەک فلیمێک دێتەوە پێش چاوم و هەمان ئەو هەستەم لێ دووبارە دەکاتەوە.

٢٠٠٦/٢/١٧ واتە رێک شەش مانگ لەمەوبەر، کزەبایەکی سارد و لەسەرخۆ بەناو بازاڕەکەدا سەمفۆنیای زستانی لێ دەدا، لە ئاهەنگی هەڵبژاردنی شاجوانی قوتابخانەکاندا دەگەڕامەوە ماڵ، ویستم پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە کۆواری (شاجوانەکان) بکرم کە چوار مانگ جارێک دەردەچوو، وێنە و ناوی منی بەگەورەیی بڵاو کردبووەوە، بۆ یەکەم جار ئەوم بەجلێکی سادە و ڕەشەوە بینی لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتووە و سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێک بوو، بۆ ساتێک چاوە خەماوییەکانی هەڵێنا و تەماشای کردم، کاتێک داوای کۆوارەکەم لێ کرد، چاوەکانی و کتێبەکەی پێکەوە داخست، بەرگی کتێبەکە بەڕۆژنامەیەک بەرگ کرابوو کە وێنەی سەرکردەیەکی پێوە بوو،

بەمانشێتێکی گەورەش نووسرابوو "بوودجەی ساڵانەی وڵات ٤٢ ملیار دۆلارە" و سێ هێمای پرسیاریش لە کۆتاکەی کرابوو، بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێ کۆوارەکەی دامێ، کتابەکەی کردەوە و قەڵەمێکی بەدەستەوە گرت.

ئەو لەسەر پارچە کاغەزی بچووک نرخی لەسەر هەموو کتێب و کۆوارەکان نووسیبوو، منیش نرخی کۆوارەکەم خوێندەوە و پارەکەم لەسەر مێزەکە بەجێ هێشت و ڕۆیشتم.

تا ئەمڕۆکەش ئەو بەردەوام هەر بەو جلە ڕەشەوە دەبینم، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر خۆشم ویستووە چونکە بۆ یەکەمین جار بینیم چاوی پڕ لە خۆشەویستیی بەرز کردەوە، با بۆ منیش نەبێت... بڕیاری خۆم داوە... ئاخ سبەی زۆر دوورە و کات زۆر بەسستی دەڕوات.

چونکە شەوی رابردوو خەوم زڕابوو، درەنگێک بەدەنگی گرمەیەکی زۆر بەهێز کە هەموو بازاڕەکەی هەژاند بەئاگا هاتمەوە، وردە شووشەی پەنجەرەکە لەناو ژوورەکەمدا بریسکی دەدا، بەشڵەژاوییەوە بەرەو پەنجەرەکە رام کرد، بەبینینی ئەو دیمەنی ناو بازاڕە هێندەی تر شڵەژام و رام کردە خوارەوە و بەرەو کۆڵان و ئەمجار بەرەو مێزی کتێبفرۆشەکە، هیچ شتێک لەوێ بوونی نەمابوو، بازاڕێک بوو لە ئاگر و دووکەڵ، دەنگی سەیارەی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەش لە دوورەوە دەبیسترا، هاواری بریندارە سووتاوەکان و لاق پەڕیوەکان مرۆڤی کاس دەکرد، ئەو کەسەی بەدوایدا دەگەڕام بوونی نەمابوو، رەنگە ئێستا بوونی ئەو تەنیا ئەو وردە سووتووە بێت کە لەگەڵ هەوادا هەڵی دەمژم، چونکە ئەو تەقینەوەیە رێک لەپێش مێزی کتێبفرۆشەکەدا رووی دابوو!.

بەناو کتێبە سووتاوەکاندا دەگەڕام و دەمقیژاند، خوایە هاوار، خوایە بۆ؟، بۆ بەمجۆرە تۆڵە لە شاجوانەکان دەکەیتەوە ئاخر بۆ خوایە؟، پرسیاری بێ وەڵام و گریانی بەکوڵم لەوێوە لەناو دووکەڵی رەشەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە؛ تەنیا کتێبێکم بینی وێنەی سەرکردەیەکی لەسەر بوو، ئەوەندەم پێ کرا باوەشم لێ دا و لەناو چەق و دووکەڵی پەنگخواردوودا دەرم هێنا و بەسینگی خۆمەوەم نووساند، نازانم کێ لەو ساتەدا باوەشی پێدا کردم و لە ناوەندی خۆڵەمێشی کتێبەکاندا دەری هێنام، کە نزیکی دەرگەکەی خۆمان بوومەوە بەدەست ئاماژەم بۆ کرد کە ماڵی خۆمانە، تەنیا بە چاو وەڵامی دەزانمی دامەوە و بەجێی هێشتم!.

لەو ماڵەی کە هەموو کات پڕ لە دووکەڵە بۆ من، کتێبەکەم کردەوە، لەسەر یەکەمین لاپەڕە وەکو یادگارییەک بە دەست و خەتی خۆی نووسیبووی:

«٢٠٠٦/٢/١٧ بۆ یەکەمین جار غەریبە لێوەکانی بەرامبەرم جووڵاند، بەڕاستی پاش دوو ساڵ چاوەڕوانی نەمتوانی هەستی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم».

(کتێبفرۆشێکی کەڕۆڵاڵ).

دەق

هەردی شەفیق

# خوایەک
# له پەڕەی گوڵ یاخۆ بتێک له خوێن



سڵاو هەمیشه بەهار

بەتەنیا لەبەر خوا نوێژ بکه، ئاخر کەسانێک هەن بەناوی خواوه دەتبەنه ماڵی شەیتان، بەناوی بەهەشتەوه بلیتی دۆزەخت دەدەنێ.

تۆ خوات بەبێ نیاز خۆش بووێ، هیچ نەبێت دەرفەتی ئەم ژیانەی تاکو ئێستا بەتۆ داوه و کەسانێکی تر هەبوون ئێستا لەمه بێبەشن. بەتەنیا گوێ له هاواری ویژدان بگره، چونکه هەموو ئەوانەی خوا وەک جۆرێک له بازرگانی دەبینن دەشێت ڕۆژێک له ڕۆژان بتبەنه ئەو دۆزەخەی له شێوەی بەهەشتێکدا بۆیان پێناسه کردوویت. کاتێکیش که تۆ لەمه تێ دەگەیت ئیدی هەموو شتێک بێ فایدەیه، بەڵام له ئێستاوه بیرت نەچێت ئەوه شەیتان بوو لەبەر خاتری سێوێک له بەهەشت بەدەرکردنی داین. ڕوئیا... هەندێک خواپەرستیتان بۆ ئەوەیه لەسەر خوێنی ئەوانی تر بژین و هەندێکیش بۆ ئەوەی شکۆیەک بۆخۆیان پێکەوه بنێن، هەندێکی تریش بۆ گەیشتن بەو جێگەیەی بەناوی خواوه بۆی نەچن نایگەنێ، هەندێکی

تریش خوایان بۆ ئەوە دەوێت دوژمنەکانیانی پێ بکوژن، کۆیلەکانی پێ دارکاری بکەن، ئاخر ئەوان بەدیار چاوی ویژدانی گشتییەوە کەسێکیان بۆ نەکوژرێت، بەناوی خواوە دەیکوژن. بەکەڵک ئاوەژوو وەرگرتن لە باوەڕبوون بەخوا نەبێت ئەوان ناتوانن لەسەری سەرەوەی ئەو سفرە ڕازاوانە دابنیشن بەخوێنی مرۆڤ و گۆشتی گیانەوەر و ڕەنجی کۆیلەکان ڕازاوەتەوە. بەناوی خواوە نەبێت لە کوێ دەتوانن ئەو کۆیلەیە قایل بکەن هاوڕێ کۆیلەکەی بکوژێت، لە کاتێکدا هەردووکیان خەو بەنانێکەوە ئەبینن؟ بۆیە بیرت نەچێت خواپەرستی کەسانێک تەنیا پردێکە بۆ گەیشتن بەمەرامەکانیان، نەک بۆ خۆشویستن و کەمکردنەوەی خوێن و فرمێسک، بگرە کاری ئەوان تەنیا زیادکردنی ئەو خوێنەیە لەبەر مرۆڤایەتی دەڕوات. لە کاتێکدا خوا پێویستی بە عیبادەتی مرۆ نەبوو هەتا ئاینی بۆ بنێرێت، ئەو پێغەمبەرەکانی بۆ ئەوە نارد ئەو خوێنە بوەستێنن لە گەدە و دڵ و ویژدانی مرۆڤ دەڕوات.

وەک وتم هەندێک بەناوی خواوە دەتکەن بەشوێنکەوتەی شەیتان، بەناوی بەهەشتەوە دەتنێرن بۆ دۆزەخ، بەناوی هەقیقەتەوە بەتاریکستانێکت دەناسێنن هەرگیز نوری خوای نەبینیوە. بەناوی ترس لە دۆزەخی تۆوە بەهەشتی خۆیان لەسەر بەدۆزەخبوونی ژیانی تۆ دروست ئەکەن. لە ماڵی خوادا بەناوی خواوە دەتکوژن. ئەمانە خراپترین ڕەگەزی شەیتانن پەیکەرێکی ڕازاوە لە ئێسقانی تۆ دروست دەکەن و لە دنیادا و دەیانەوێت لە دنیای دوایشدا دۆزەخێک لە بریی بەهەشت ببێت بە بەشت. ئاخر ئەوان بەناوی ترس لە دۆزەخی تۆوەوە بەهەشتی ئەم دنیایان لەسەر بەدۆزەخبوونی ژیانی تۆ دروست دەکەن، بەڵام بیرت نەچێت خوا هەرگیز نەیویستووە ئەم دنیایە و دنیای دوایش بکات بەدۆزەخ، هەروەک چۆن نەیویستووە هەردووکیان بکات بە بەهەشت. هەندێک هەن هەرکات گیرفانیان خاڵی بوو، ژیانیان ڕووی لە وێرانی کرد، خوایەکی دیت نیشان دەدەن ئەوەتانێ لە گیرفانی ئەواندا، بەڵام تۆ تەنیا جێگەیەک بۆ خوایەکی ڕاستەقینە عیبادەتی تێدا بکەیت ناو دڵی خۆتە. پێویستە تەنیا لەناو ڕۆحی خۆتدا بۆ خوا بگەڕێیت. من دەزانم دوای هەر بەرژەوەندیپەرستێکی ئەم دنیایە بکەویت لە کۆتادا تێ دەگەیت بەناوی خواپەرستییەوە خەریکیت سوژدە بۆ شەیتان دەبەیت، لەگەڵ ئەوەشدا "لە هەر جێگەیەکدا هەقیقەت کوژرا ناو دڵەکان خاڵین لە خوا، ئاخر لەو جێیەدا خوا لەناو دڵەکاندا بوونی هەبێت هەقیقەت ناکوژرێت".

ئەگەر نوێژێکی خاڵی لە ویژدانت کرد نەیکەیت باشترە، خوایەک هەموو کەونی خەڵق کردبێت ئەوەندە دەستکورت و ڕەجاڵ نییە چاوی بڕیبێتە نوێژەکانی تۆ. کاری تۆش پەرستنی خوایەکی خاوەن ڕۆحە نەک بتێکی مردوو، گرینگترین شتێک کەخوا لەبتەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە خوا جوانیسازێکی بێوێنەیە و بتەکانیش جوانکوژێکن دڵەکانیان لەبەر پێدا دەکەن بەقوربانی. بۆیە لە کاتی هەموو سوژدەیەکدا ئەوەت بیر بێت کاری تۆ خۆشویستن و پەرستنی خوایەکی دروستکارە نەک وێرانکار. ئاخر ئەوانەی کە خوا وەکو بکوژێکی ستەمخواز دەبینن هەرگیز لە خۆیانیان

نەپرسیوە مەگەر دەکرێ خوایەکی وێرانکار بیر لە دروستکردنی دنیایەکی ئاوا جوان بکاتەوە؟ مەگەر دەکرێت خوایەک پەپولەی خەڵق کردبێت لەوەها کارێک نارازی بووبێت و هەردەم لە خەیاڵی خوێن و مەینەتیدا بێت؟ من پێم وایە دڵی خوا و دڵی بەردی ئەو بتە بەردینانەی هیچ ڕەنجێکیان بەم دنیایەوە نەکێشاوە دوو شتی جودان، ئاخر خوایەک خوا بێت دەستەکانی لە دروستکردنی جوانیدا دیارن، نەوەک جێدەستە خوێناوییەکانی مرۆڤ لە دروستکردنی ئەودا دیاربێت. جیاوازیی نێوان خوایەکی دروستکار و خوایەکی دروستکراویش ئەوەیە یەکەمیان نایەوێت جوانیی



دنیایەک تێک بچێت بەجوانیی خەڵقی کردبێت و دووەمیشیان هیچ ڕێزی ئەو جوانییە ناگرێت ئارەقی بەدروستکردنیەوە نەڕشتووە. من دەزانم ئەوەی تۆ لەم سەرزەوینە تاریکەدا بەخواوە دەبەستێتەوە جوانییە، ئەوەی خوا نیشانی تۆ دەدات قەترە تکاوەکانی جوانییە لە پەنجەی جوانسازێک، ئاخر ئەگەر خوا تۆی بەو هەموو جوانییەوە نەخوڵقاندبا تۆش لە کوێ بوونت دەبوو تا هەست بەبوونی خوا بکەیت؟ بەڵام ئەوانەی لە بەرامبەر ڕازیکردنی بەرامبەرەکانیان خوا دەپەرستن هەندێک جار بەرامبەرەکانیان دەپەرستن نەوەک خوا. تۆش پێویستە ڕۆحی خۆتت خۆشبووێت و لە ویژدانی خۆتدا نوێژی بۆ بکەیت، هەرگیزیش بیر لە وێرانکردنی ڕۆحی خۆت نەکەیتەوە، ئاخر ئەوە تەنیا قیبلەیەکە دەتوانیت تیایدا ڕوو لە هەر جێگەیەک بکەیت و نوێژ بکەیت. من دڵنیام خواش پێی ناخۆشە تۆ مەعبەدێک وێران بکەیت یادی خوای تێدا زیندووە، مەگەر تۆش پێت ناخۆش نییە ئەو دڵە بخەنە گۆڕ بەردەوام یادی تۆ دەکات؟ عابیدێکی ڕاستگۆ هەرگیز بیر لە خۆکوشتن ناکاتەوە، هەرگیز بیر لە سڕینەوەی جێدەستەکانی خوا ناکاتەوە، هەرگیز کارێک ناکات ڕێز و ماندووبوونی ئەو بەکەم سەیر بکات .

ڕوئیا... هەر یاسایەک، ئەخلاقێک ویژدانی تێدا ژێرپێ نرا خوای تێدا نییە، بەڵام دەشێت ویژدان یاسا و ئەخلاق بخاتە ژێرپێ و خوای تێدا بێت. لای من ویژدان لە سەرووی ئەخلاق و یاساوەیە، ئەخلاق و یاسا و ویژدان مرۆڤدۆستیان تێدا نەبێت خواش پێی نارازییە. دینداری سروشتێکی ڕۆحیی هەیە تا جەستەیی، زیاتر وابەستەیە بەڕۆحی مرۆڤ و خۆشەویستیی خوا و جوانکردنی دنیا و زیندووکردنەوەی ویژدانەوە. دین ڕێگەی یەکەمە بۆ هاتنە سەر ڕێگەی ڕاستی مرۆڤ و ڕێگەی دووەمیش پاداشت و سزای دۆزەخ و بەهەشتە، مرۆڤ کە گوێڕایەڵی خوا بێت و

نەبێت ئەوا لە دنیاکەی تر ئەنجامەکەی دەبینێت. لێ هەندێ هەن دەیانەوێت ڕێگەی دووەم بۆ خوا نەهێڵنەوە. گریمان هەموو دنیا ڕووی لە بێخوایی کرد، ئاخۆ دنیایەکی تر نییە خوا پاداشتی ئەم دنیایەی تێدا بدات؟ ئیدی ئەوانە خەم لە چ شتێک دەخۆن؟! خوایەک دەسەڵاتی بەسەر هەردوو دنیادا هەبێت، دنیای بۆ تاقیکردنەوەیەکی ڕاگوزەر دروست کردبێت، چ پێویستی بەوە هەیە تۆ مرۆڤێکی بۆ بکوژیت و بەترس و برسیکردن و تۆقاندن بیهێنیتەوە سەر ڕێگەی خوا؟! خوایەک دەسەڵاتی بەهەشت و دۆزەخ و مردن و دروستکردنی مرۆڤی هەبێت توانای ئەوەیشی هەیە لە بەرامبەر مرۆڤدا بەرگری لە خۆی بکات. بەدیوێکی تردا کە خوا سزا و پاداشتی ئەوی دیاری کردووە و لەتاقیکردنەوەکەدا دەرناچێت بۆچی لێ ناگەڕێیت خوایەک سزای بدات کە ئەو خۆی دروستی کردووە؟ مەگەر تۆ ئەو مافەت هەیە کاری خوا لەسەر زەوی جێبەجێ بکەیت؟ من دەزانم خوا بەبێدەنگیش هاواری تۆ دەبیستێت، ئەوانەی بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن و وای نیشان دەدەن خوایان خۆش دەوێت پێویست دەکات بەکردار نیشانی بدەن. خواپەرستی نوێژکردنە لەسەر بەرماڵی ویژدان، خۆشەویستییەکی ڕۆحییە لە نێوان مرۆڤ و خوا، دورستکردنی دیدێکی ترە لە بریی بیرکردنەوە لە تێکدانی دنیا، ڕەنج کێشانە بۆ دروستکردنەوەی. بیرت نەچێت لە پاڵ ئاگری دۆزەخدا خوا جوانیی بەهەشتیشی دروست کردووە و زۆرن ئەوانەی ئەو بەهەشتە نابینن، وەک وتم خوایەک دەسەڵاتی دروستکردن و وێرانکردنی دنیای هەبێت پێویستی بەوە نییە مرۆڤێکی بێ خێری بۆ بکوژیت.

مرۆڤیش لە دوای مردنی بۆ بەهەشت و دۆزەخ دەچێت بەڵام ئەو جۆرە کەسانە دەیانەوێت پێش مردنی بینێرن لە کاتێکدا نە ئەوان خوان و نە ئەو دەسەڵاتەشیان هەیە سەرەنجامی مرۆڤ دیاری بکەن و دڵ و دەروونی بخوێننەوە و نە دەشتوانن قیامەت و بەهەشت و جەهەننەم لێرە دروست بکەن. من دەزانم کاری خواپەرستیی ڕاستەقینە ئەوەیە ژیانی ئەم دنیات لێ بکات بە بەهەشت و ئەو دنیاش بەهەشت بۆ خۆی بەکارە باشەکانی دابین بکات نەک دنیای جوانت لێ بکات بەدۆزەخ. ئیشی پێغەمبەرەکانیش ئەوە بوو مرۆڤ فێر بکەن بەناو جوانییەکانی ڕۆحی خۆیدا بچێت و خوا و دنیای خۆش بوێت، نەک ئەوەی ڕۆحی خۆیان هەڵبکێشن لە خوێن. ئاخر مەگەر دەکرێت ڕۆحێکی خوێناوی لای خوا پاک بێت؟! ئاخۆ ئەگەر دنیا تاقیکردنەوەیەکی ڕۆحی و ویژدانی بێت دەکرێت بەو هەموو بێویژدانییەوە بەناو خوا و پێغەمبەرەوە دەکرێت مرۆڤ لە دنیای دوایدا شتێکی دەست بکەوێت؟؟

ئاخر ئەگەر بەزۆر نوێژکردنت بەسەر کەسێکدا سەپاند ڕەنگە ئەو خوایەکی تر بپەرستێت. تۆ دەزانیت ئەوە گوناهێکی چەند گەورەیە و چەنێک لە باوەڕنەبوون و فەرامۆشییەکەی پێشووی بەدترە؟! خواش سروشتی هەردوو مرۆڤێکی وەک سەرپەنجەکانیان لێکتری جودا دروست کردووە ئیتر لە "ڕەنگی پێست، نەتەوە، خێڵ، جۆری بیرکردنەوە، خواپەرستی....."، ئەوانەی دەیانەوێت ئەو

جیاوازییانە بکوژن دەیانەوێت نکوولّی لەتاقیکردنەوەکەی دنیا و ئەو جیاوازییانە بکەن خوا دنیای پێ جوان کردووە. ئاخر ئەگەر هەموومان وەک یەک بین ئیدی نە دنیا ئەو جوانییەی هەیە و نە تاقیکردنەوەکەش تاقیکردنەوەیە. ئەگەر مرۆڤ ئازار نەچێژێت، لەناو خراپەکاریدا باش نەبێت لە کوێ ئەو پاداشتەی هەیە لەناو دنیایەکی باشدا هەمووان وەک یەک بن؟ ئەوەی دەیەوێت بڵێت هەقیقەتی موتڵەقی لایە سەرقاڵی بەخواکردنی خۆی و بە دیکتاتۆرکردنی دەوروبەرەکەیەتی. هەموو مرۆڤێک خەون بەدنیایەکی ترەوە دەبینێ، هەیە جوانتر و هەیە ناشیرینتر. هەندێک بەناوی خواپەرستییەوە سەرقاڵی ڕابردووپەرستین و هەندێک داهاتووی خۆیان دروست دەکەن و هەندێکی تریش ترس لە مردن و دۆزەخ ڕاویان دەنێت بەرەو مردن و دۆزەخ، بەڵام لە کۆتاییدا خواپەرستیی ڕاستەقینە پێیەکی لەناو دروستکردنی دنیایەکی جوانتردایە لە دڵی ویژداندا و ڕێککردنەوەی دنیایە لەو ناڕێکییانەی مرۆڤ دەستی هەیە لە خولّقاندنیدا و خوا و ویژدانی مرۆڤیش پێی ڕازی نین، پێیەکی تری لە خەڵوەتی ڕۆحی مرۆڤدایە، لەو شوێنەدایە مرۆڤ و خوا پێکەوە دەبەستێتەوە، کە وا دەکات خواپەرستیی مرۆڤ لە دڕندەیەکی گۆشتخۆر و بکوژەوە بکات بە ڕووەکخۆرێکی جوانیساز ویژداندۆست.



ڕوئیا... کەسێک ویژدانی نەبوو باوەڕیشی نییە. هەموو ئەوانەی ویژدانیان تێدا نییە و دەیانەوێت بەنوێژکردن بگەنە بەهەشت، دوای خەیاڵی خاو کەوتوون. تۆ دەتوانیت لەبەر باراندا بیر لە خوا بکەیتەوە، کاتێک سەیری ئەستێرەکان دەکەیت، ئەودەمەی ئاو بە لەنجەولار دەڕوات، گوڵ دەپشکوێ...... لە هەموو ئەم شوێنانەدا تارماییی خوا دیارە، بەڵام هەرگیز خوێنی ڕژاوی مرۆڤێک، گوڵێک، چڵەگیایەک... ناتوانێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی خوا دروست بکات لەسەر زەوی. هەرگیز هەڵپاچینی لک و گەڵای سەوزی درەختێک، پێشێلکردنی لالەزارێک، ناتوانێت جوانیی خوات نیشان بدات. لەبەرئەوەی کاری خوا، تارماییی خوا، جێ پەنجەی خوا لە دروستکردن و سەوزکردندایە نەک لەناوبردن و پێشێلکردن و خوێنڕشتن. ئەوەی گوڵێک لێ دەکاتەوە ناتوانێت وێنەیەکی جوانیی خوات نیشان بدات. ناتوانێت وا بکات باوەڕ بەدنیایەکی تر بکەیت پڕە لە دادپەروەری و ویژدان و خاڵییە و لە وێرانکاری و خوێنڕێژی. ئەوەی بەناوی خواپەرستییەوە جوانی لەناو دەبات و لە خەیاڵی خۆیدا

ڕەنجی ئەو تەقەلای سەوزکردنی جوانییە، بەڵام لە ڕاستیدا خەریکە خواپەرستی دەکوژێت.

ڕوئیا... ئەوەی ڕقی لێتە، ئیرەیی بەو ڕۆحە جوانەت دەبات تۆ خۆشت بوویت، باشترین تۆڵەکردنەوە لە کەسێک دەستەکانی بەخوێن سوورە ئەوەیە فێری گوڵ ناشتنی بکەیت، هەر کات ڕقت لێی بووەوە ئەوا بزانە کینە بەکینە سەوز دەبێت. تەنیا لێبووردن و خۆشەویستی دەتوانێت ڕق و کینە لەناو بەرێت. من وای دەبینم خوا دنیای بۆ کینەکاری بخوڵقاندایە نە لە تێکەڵاوبوونی دوو مرۆڤدا مرۆڤێک دروست دەبوو، نە هیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەوینەش بەبێ دڵ دەژیا. دەشێت بەمیهرەبانی، ئەو موعجیزە دڵرفێنەی هەردەم کەمتر لە کینە کەڵکی لێ وەردەگرین بتوانین گۆشتخۆرێک بکەین بەگیاخۆر و دڕکیش بکەین بەگوڵ. هەر کاتێکیش دڕکیان پێ دایت تۆ گوڵیان بدەرێ، من دەزانم گوڵفرۆشەکان هەرگیز کاری پێچەوانەی ئیشەکەی خۆیان ناکەن، بۆ نموونە ناتوانن ببنە قەساب، عەترفرۆشەکانیش ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە دروستکردنی ژەهر ناکەنەوە. دەشێت لە گوناهبارترینی بەدکارەکان مرۆڤگەلێک بسازێنین ئەم دنیایە دروست بکاتەوە، ئاینیش بەتەنیا بۆ ئەوانە نەهاتووە لەسەر ڕێگەی ڕاستن، بگرە بۆ ئەوەش هاتووە ئەوانەی بەلاڕێدا چوون بیانهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ئاخۆ کوشتن و کۆیلەکردن و برسیکردن ئەو ڕاستە ڕێگەیە لە کاتێکدا خوا مرۆڤی بۆ ژیان خوڵقاندووە و بەو هەموو یاخیبوون و گوناهکارییەوە ڕێگەی داوە شەیتان بژی؟ مامەڵەی نێوان مرۆڤ و خوا سەودا نییە، ئەوەی لە نێوان مرۆڤ و خوادا پێی دەوترێت خواپەرستی، پردێکی ڕۆحییە لە خۆشویستنی خوا و ڕێزگرتنە لە جێدەستەکانی ئەو، ئەوە خوا بوو سەرەتا خۆشەویستیی خوڵقاند لە نێوان ئادەم و حەوادا، بەڵام ئەوەی کینەی کوشتنی لە نێوان قابیل و هابیلدا دروست کرد ئەوە شەیتان بوو نەک خوا.

ڕوئیا .... ئەوانەی بەڕاستی خوا دەپەرستن زۆر کەمن، من دەزانم کەسێک خوای خۆشبوویت چڵی درەختێک ناشکێنێت کە هەناسەی من و تۆ دابین دەکات. دەشێت هەر لەو چڵە گیایەوە فێری خزمەتکردن بین، لە سەگێکەوە فێری وەفا بین، لە گوڵ نیانی و لە ئاو بەردەوامی و لە خۆر تاقەت نەچوون لە سووتان و لە هەوا ژیان بەخشین و لە بولبول گۆرانی و لە باڵندەکان بێباکی و خەمساردی و فڕیدانی چاوچنۆکی و لە مێروولەکان کارکردن و لە هەنگەکان یاسای بەڕێوەچوون و ..... هتد. تۆ سەیری کە دەزانیت ئەگەر خۆر ڕۆژێک تاقەتی بچێت لە هەڵهاتن چی ڕوو دەدات؟! یاخۆ درەختەکان لە بریی ئۆکسجین ئیتر دووانە ئۆکسیدی کاربۆن بدەنەوە!! یاخۆ ڕووەک ئیتر مان بگرێت لە بەرگرتن! ڕوئیا ژیان بەردەوامی و جوانییە، مردنە لە پێناوی جوانیدا بۆ ئەوەی دەرفەتی ژیان و جوانی بەجوانییەکی تر بدەین.

هەموو کەسێک لەم سەرزەوینەدا دانایە، جیاوازیی نێوان دانا و نادانێک هەوڵ و تێکۆشان و خولیاداری و فێربوونە. بۆیە هەرگیز بەو کەسە مەڵێ گەمژە تاقەتی نەبووە تەقەللای بۆ بکات یا دەستکورتی نەیهێشتووە، بیری بهێنەرەوە کە ئەویش وەک تۆ مرۆڤێکی جوان دەبوو ئەگەر حەز و

کۆشش و پارەی هەبووبا. هیچ شتێک لەم دنیایەدا کەمبایەخ نییە، هەر ئەو چڵە گیایەی تۆ پێی پێدا دەنێیت ئەو مەکینەیە هەوای ژیان بۆ تۆ پاک نەکاتەوە ئەوا تۆ لەم سەر زەوینەدا ژیانت درێژە ناکێشێت. ئەگەر گوڵت برد بۆ سەر گۆڕی ئەوانە بیبە بەزیندوویی مردوون نەک ئەوانەی هەر بەڕاستی مردوون. پێیان بڵێ "دنیا ڕوییەکی ڕۆشنی هەیە لە پاڵ ئەو دیوە تاریکەدا". دەشێت لەم دنیا شێواوەدا کەسانێک هەبن بەگوڵێکی مردووش زیندوو ببنەوە، بەڵام بیرت نەچێت کە کاری تۆ ئەوەیە گوڵە مردووەکان نەبەیت بۆ لای ئەو بەڵکو وا بکەیت ئەوان ببەیت بۆ لای ئەو گوڵانەی بەلاسکەکانەوە جوانن، دەشێت ئەمە دیوێکی جوانی خواپەرستی بێت.



من دەزانم خوایەک گوڵی خەڵق کردبێت پێویستی بەوە نییە بەخوێنی گوڵ بژی، خوایەک بۆ لێدان دڵی خەڵق کردبێت پێویستی بەوە نییە بەخامۆشکردنی دڵێک بیخەیتە جووڵە و ڕازی بکەیت. ئێمەی مرۆڤیش پێویستمان بەوە هەیە لە پێناوی زیندووبوون و دڵڕفێنکردنی دنیادا بمرین. بمرین بۆ ئەوەی گوڵێک بژی، بۆ ئەوەی خوێنڕێژێک بکەینەوە بەگوڵکار ، ببین بەمەرهەم نەوەک برین.

ڕوئیا.... هەرگیز بەو چاوچنۆک و داوێن چڵێسانە باوەڕ مەکە لە پاڵ بەختەوەرکردنی خۆیاندا دەیانەوێت وەکو کۆیلە و کارەکەر ڕات بگرن و بەدبەختیت بەنرخی بەختەوەری بەسەرا ساغ بکەنەوە. چونکە ئەوان ئەگەر دینداریيان ویژدانی تێدا سەوز کردبان ئەوا بەو ژیانەی بۆ تۆ پێی ڕازین بۆ خۆشیان پێی ڕازی دەبوون. ئەوان باس و خواسێک لە بەختەوەری بکەن قسەکە لەمەڕ خۆیانە نەوەک تۆ. خواپەرستیی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە ئازار دەکێشێت بۆ ئەوەی ئەوانی تر نەیکێشن، نەک ئەوەی لەسەر سفرەی ئەوانی تر پێکەکانی بەختەوەری بنۆشێت. خواپەرستیی ڕاستەقینە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ئازارەکان لە کۆڵی ئەوانی تر داگرێت، نەک ئەوەی ئازاری خۆشی بدات بە کۆڵی ئەواندا. هەندێک دەڵێن خوای ئەوان بەپێشکێشکردنی خوێن دڵخۆشە، بەوەش دەیانەوێت دەمامکێکی شەیتانییانە بکەن بە ڕووخساری خواپەرستیدا.

ڕوئیا... خوا خوای مەنتیق و دادپەروەری و ویژداندۆستییە، نەک خوای خوێن و خورافە و یەکتری سڕینەوە. ئاخر ئەگەر خوا موعجیزەی تری ناردبا بەپێغەمبەرێکی تردا دەینارد، ئەو کاری چی بوو بەسەر نوشتەنووسێکی درۆزن کە دەڵێت هەزار جنۆکەی هەیە، دەی کەسێک هەزار جنۆکەی هەبێت

خۆ دەتوانێت حکوومەتێک بڕووخێنێ، ئیدی چی داوە لە فاڵگرتنەوە؟! خوا پەیامبەرەکانی لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤدا ناردووە نەک بەدبەختکردنیدا. خوا خوای خۆشەویستی و بەختەوەری و جوانکردنی ژیانە نەک ئەو کینەبازاڕ و شەیتانخانەی خورافاتەی بەشێوەیەکی ترسناک دنیای لە پێناودا وێران دەکەن. هەندێک بەجنۆکە و خێو و درنج دەتکوژن و وای نیشان دەدەن ئەوان دەسەلاتیان لەمەڕ چارەنووس و داهاتووی مرۆڤ هەیە، بەلام بەر لە هەر شتێک ئەگەر بیانتوانیبا خۆیان لە مردن ڕزگار بکەن ئەوا کاریان بە ڕزگارکردنی ژیانی تۆ نەدەبوو. وەک چۆن کەسانێک هەن بازرگانی بەسەر ئازارەکانی مرۆڤ و خوێنی مرۆڤەوە دەکەن، جا بەناوی بەرگریکردنەوە بێت یا کوشتن، ئاوا کەسانێکی تریش هەن بازرگانی بەسەر خواپەرستییەوە دەکەن. لەسەر خورافە و خۆ بەنوێنەرکردنی خواوە دەژین. لە کاتێکدا هەموو کەسێک وەک یەک وایە لای خوا. بیرمە جارێکیان پیاوێک هاتە ماڵمان و داوای پەنجا دیناری دەکرد و دەیوت گوایا باوکی قۆزاخەی پەمووی کردووە بەئاڵتوون! ئەو دەیوت ئەگەر پەنجا دینارەکەی بدەمێ خێروبەرەکەتم بەسەردا دەڕژێ و ئەگەر نەشیدەمێ ئەوا کارەسات و ماڵوێرانی ڕوم تێ دەکات. تا لە وەلامدا پێم وت "ئەگەر باوکی تۆ قۆزاخەی دەکرد بەئاڵتوون بۆچی دانەیەکی بۆ تۆ بەجێ نەهێشت تا بەم شێوە یەخەی ئێمە نەگریت بۆ پارە؟!" هەندێک لەوانە زۆرجار خەون و خەیاڵت بەشێوەیەکی زۆر خراپ بۆ تەفسیر دەکەن، بەلام تۆ دەبێت لەو ڕاستییە تێ بگەیت کە خەو تێکەلاوبوونی کۆمەڵێک وێنەیە لە ئەنجامی قسەکردن و بینینی ڕابردوو دروست دەبێت. بۆ نموونە هەزار کەس کۆ بکەرەوە پێیان بڵێ چەند کەستان خەوتان بەوەوە دیوە سەفەر بۆ سەر هەسارەی مەریخ بکەن؟ بێگومان وەلامی هەموویان نەخێرە لەبەرئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خەیاڵێکی وایان نەبووە، یا قسەیان لەمەڕ ئەم باسە نەکردووە و بۆ شوێنێکیش نەچوون ناوی مەریخ بێت، بەلام ئەگەر لێیان بپرسیت چەند کەستان لە خەوتاندا چوون بۆ سلێمانی؟ لەوانەیە وەلامی بەشێکیان ئەوە بێت کە لە خەویاندا ئەو سەفەریان کردووە.

ڕوئیا...

لە هەر کوێ بوویت دەتوانیت خوا لەناو دڵی خۆتدا هەڵگریت و بۆ هەر کوێ چوویت دەتوانیت خوا لەگەڵ خۆتدا ببەیت، گرینگ ئەوەیە بیرت نەچێت خوا سەیری ویژدان و میهرەبانیی تۆ دەکات نەک خوێنڕشتنت. بەر لە نوێژکردنیشت خوا سەرنجی دڵ و دەروونی تۆ دەدات، ئاخر کە مرۆڤێک ویژدانی نەبوو خوایشی نییە، کە دڵ و دەروونی پیس بوو ناتوانێت ڕووخسارێکی جوان نیشانی خوا بدات. لە هەر کوێ بوویت بیرت نەچێت خوا تۆی خۆش دەوێت، ئاخر ئەگەر خۆشی نەویستبای دەرفەتی لەدایکبوونی پێ نەدەبەخشیت، ئەوە جوانترین دەرفەتێکە ڕەنگە هیچ کەسێک قەدری نەزانێت. لە هەر کوێ بوویت ئەوە بزانە دنیای دوایی لەپێناوی ڕێککردنەوەی ئەم دنیایەدا دروست بووە نەک لەپێناوی دنیای دوایدا، دنیایەک کە خوا ڕێکوپێکتر لەم دنیایە دروستی کردووە ڕۆژی ئەوەیە کە ئیتر عیبادەت و جوانکردنیش کەڵکێک ناگرێت لەبەرئەوەی ئیتر لەوێ دەرفەتی

جـوانكردنیش لـەكیس چووە و ناشـیرینییـەک نـەماوە مـرۆڤ بەجـوانكردنی پاداشـتێكی دەست بكەوێت. لە هـەر كوێ بوویت گیرفانت لەگەڵ سـواڵكەر و لاكەوتەكاندا بەش بكە، ئەگەر تۆ یەقینێكی تەواوت هـەبێت دەبێت هـەردەم لە بیرت بێت ئەوەی لە گیرفـانی تۆدایە خـوا پێـی داوی، ئەوەش كـە سبەینێ نانی تۆ دابین دەكات خوایە نەک گیرفانی خۆت، چونكە هێشتا نەتدیوە كەسێک لە برسان بمرێ تا تۆ ببیت بەدووەم كـەس، هـەتا ئەگەر لە برسـانیش بمریت لە سـەرەنجامی ئەو كارەدا ئەوا بیرت نەچێت ئەوەی كـە خوا بەتـۆی بەخشـیوە لە پێناوی ئەودا بەخـتت كردووە. خۆ ئەگەر قەراریش بووایە لە نەهامەتیدا بوونەوەرەكان لە برساندا بمرن ئەوا لە جەمسـەرە ساردەكاندا زیندەوەرێک بوونی نەدەبوو.



سـەیركـە... هـەندێک بۆ ئەوە چرا هـەڵدەكـەن لـە دوورەوە ببـینرێن، هـەندێكی تریش بۆ ئەوەی كـەس خـۆی بەئەواندا نەكێـشـێت نەک ئەوەی بەرپێی خـۆیان ببیـنن، ئاخر خـوایەک مـوحیبـەتی لە دڵی دۆلفیندا خـەڵق كردبێت بەجۆرێک بـەمردنی ئازیزانی بمرێ، چۆن دڵی دێت دڵی دۆلفین جنەجنە بكات؟ بەڵام بتپەرستەكان لە خوێن خوا دادەتاشن بۆیە باكیـان نییە. ئەوان خـوایەكی گوڵسـازیان ناوێت، ئەوان وا دەزانن تا ئـەو كاتە چاوی خـەڵک دەیانبێنێ لە بەرچـاوی خــەڵكدان، بەڵام مــەگــەر دەكـرێت خــوا لـە چاوی مـرۆڤـێكەوە ویژدانی كـەسێكی تر ببینێت؟؟ خـوایەک كـە نان بۆ زەرنەقـووتەیەكی هـەتیـویش دەنێرێت من دڵنیـام هـەقی گیـانكێشـانی ئـەو بـەكـــەس نـادات، مـن دەزانم ئەوەی رۆحـی زەرنـەقــــووتـەیەک دەكێشـێت بەناوی خواوە، ئەوە شـەیتانە دەیەوێت بـەدەمامكی خواوە نمایش بكات.

رۆئیا ... خوایەک لە ئاسمان بوونی هـەبێت جودایە لە بتێک مــرۆڤ خــەڵقی كـردبێت لەســەر زەوی. ئەوەی لـە ئاســمــانە بەهـەشت و جـەهـەننەمـی ئەو دەكـەوێتـە دوای مـردنەوە نەوەک بەر لە مــردن، ئەو بەرژەوەندیی هـەمــوو كــەون و بوونـەوەرەكــانی دەوێـت، لـێ ئـەوەی بـەخـــــەیاڵـی مــــــرۆڤ دروست بــووبێـت بەرژەوەندیی كـەمینـەیەكی دەوێت. خوای ئاسـمـان خوایەكی رزگاركـەر و دروستكەر و فریادرەسی جوانییە، لێ خوای زەوی خوای شەڕ و برسیكردن و وێرانییە.

Jgarsoz8181@yahoo.com

چیرۆک

ڕێبین ئەحمەد خدر

# شەش کورتیلە چیرۆک

## دواتر دەیبیستن

دووکەڵێکە، گیرفانێکم پڕە لە خوێن، پۆلیسەکان شەقام دەگرن.
ئێ ئێ چەند سەیرە! ڕۆژنامەنووسەکە دێتە پێشەوە، ڕێکۆردەرێک: (چۆن ئەمە ڕووی دا؟).
(من خەوتبووم).
(هیچ شتێکت نەبینی؟ هەستت بەچی کرد؟).
(هیچ، لە خەونمدا..).
(دەی دەی، خەونت بەچییەوە دەبینی؟).
(لە خەونمدا..) دەمەوێ تەواوی بکەم و ناتوانم، خوێنی گیرفانم دەڕژێ،
تەنیا هەناسە دەدەم.
ڕۆژنامەنووسەکە – دەست بە ڕیکۆردەرەوە، شڵەژاوە و
تێ دەکۆشێ بزانێ خەونم بەچییەوە دەبینی، دەکەومە ناو باوەشی.
دەنگێکی گەورەتر، هات و هاوار.
هەندێ لە پۆلیسەکان کەوتوون.
لە تەنیشتمەوە ڕۆژنامەنووسەکە ژیانی تێدا نەماوە.
ڕیکۆردەرەکە دوورتر لە ئێمە، پێم وایە بە ساغی ماوەتەوە، هەوڵ دەدەم بگەمە ئەوێ و سەر بخەمە سەر ڕیکۆردەرەکە و دوگمەیەک.. دوگمەیەک بۆ ئەوەی دوا ڕستە بڵێم خەونم بەچییەوە

دەبینی!.

## فیلمی شەهرەزاد

من و ماسی هەردووکمان دەمانویست خۆمان ڕزگار بکەین.
ئەو خۆی فڕێدایە کەنارەوە و هەناسەی دا و وتم مرد.. منیش ڕێکوڕاست خۆم فڕێدایە دەریا.
لە کاتێکدا دەمویست بەتەواوی خۆم بدەمە دەست ئاو، بیرم کردەوە دەبێ ماسی مردبێ!
سەرم دەرکێشاوە و .. بینیم..
دواتریش ماسییەکەم برژاند و خەوم لێ کەوت.
من ئاوا هیچ کات ڕزگارم نابێت!

## هەر لەم نزیکانە

دەجاڵ سەری لە ئۆتۆمۆبێلەکەیەوە دەرهێنا: تۆ بۆ دوام ناکەوی سەر ئاڵۆز؟
قەیس سەیری ئاپۆڕای خەڵکەکەی کرد و
وتی: ئەو هەموو خەڵکە بۆ دوای تۆ کەوتوون؟ تۆ لەیلای!؟

## کافکا و یاریی منداڵان

منداڵەکان یاری دەکەن، هەڵبەتە ئەمە سەیرانە.
یەکێکیان هاوار دەکا، هەموویان بەدوایدا، سوێند دەخوا کە کیسەڵی دیوە.
ئەوەی کە پرچێکی زەرد و دوو چاوی سەوزی هەن،
بە زاناییەوە پێ دەکەنێ و دەڵێ: ئەوە تەنیا قالۆنچەیەکە.
پێ دەکەنن و بۆ لای دارەکە ڕادەکەن، لە پڕ دەتۆقن، دەی واتە دەترسن.. قالۆنچە دەفڕێت..
ئەوەی کە جاڕی دابوو کیسەڵی دیوە، بانگ دەکا (دایە) بەڵام خۆ زۆر دوور کەوتوونەتەوە.
قالۆنچە لەسەر بەردێک دەخولێتەوە و باڵ دەردەکات.. سەری زل دەبێت و زمانێکی سووریش..
منداڵەکان نیوە گیان، چاوسەوزەکە دەگری.
یەک یەک سەردەکەونە سەر دارەکە، قالۆنچە لەوێوە نابینرێ، منداڵەکان تەنیا قیژەیەک دەبیستن و جووڵەیەکیش لەنێو گیایەکە..
کاتێکی زۆری پێ دەچێ، دایکی چاوسەوز دەردەکەوێ و لە دوورەوە بانگیان دەکا.
منداڵان ئازا دەبن و بەڕاکردن دەچنە لای بەردەکە.
پیاوێک بەڕووتی لەپەنا بەردەکە چاوی زەق کردوونەتەوە و لەگەڵ دیتنی منداڵەکان ڕادەکات.
منداڵان بەقیژەوە - جاڕدەری کیسەڵ دوای پیاوە رووتەکە دەکەوێ.
دایکی چاوسەوز و منداڵەکانی تر دوایان دەکەون.

جاڕدەر دەگەڕێتەوە.
دایکی چاوسەوز: بۆ ئاوا هەڵدێی؟
جاڕدەر: نەمتوانی بیگرم.
دایکی چاوسەوز: کێ؟
چاوسەوز خۆی لە دایکی نزیک دەکاتەوە و بە زاناییەوە دەڵێ هیچ هیچ یاریمان دەکرد..

## دوو لە میوانانی دۆزەخ

باڵابەرز دووجار کامێراکەی نزیک کردەوە و وتی تەواو.
کراس سپییەکە وتی مردووە و بەکەسیش مەڵێن، زۆر بە خۆشحاڵیشەوە کامێراکەی وەرگرت و داروباری ناو پەنجەرەکەی لە وێنە هەڵکێشا.
باڵابەرز سەرەتا پێ کەنی و ئینجا پێکەنینەکەی گۆڕا بۆ گریانێکی بەکوڵ.
من گەر توانای ئەوەم هەبووایە قسە بکەم دەموت بۆچی دەگری سەفا؟
بەڵام ئیتر بێ هەست و خوست لە بەردەستیان راکشاوم، دوو لەوانەش کە لەسەر کورسییەکان دانیشتوون فرمێسک دەرێژن، من هیچ کات ئەوانم نەبینیوە، پێ دەچێ هاتبن بمبەن بۆ دۆزەخ، ئەگینا ئەوانە کێن؟
ژنێک دەردەکەوێ، ئاماژە دەدات کە بۆی چۆڵ بکەن، سەفا بەدەم گریانەوە دەڵێ: دوکتۆرە ــ دوکتۆرە ، کە ناتوانێ شتێکی باش بڵێ هەمووان دەدەنە قاقای پێکەنین و لاسایی دەکەنەوە: دوکتۆرە دوکتۆرە.
ژنەکە تەنیا لەگەڵ من دەمێنێتەوە و کراسەکەم لەبەر دەکاتەوە، خۆی شۆڕ دەکاتەوە و مەمکی چەپی دەردەکەوێت، لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکی خۆش دەڵێ، دەست لەسەر سینگم دادەنێ و چیی تر دەکات نازانم..
کراس سپییەکە دێتە ژوورەوە، قسەیەک لەگەڵ ژنەکە دەکات و حەیف کە نایبیستم.
هەندێک وێنەی نیشان دەدات و پێ دەکەنن، یەکێک لە وێنەکان لەسەر سینگی من دادەنێت و دەڕۆنە دەرەوە.
هەرچەند کۆشش دەکەم بۆ ئەوەی وێنەکە ببینم بێهودەیە.
وێنەی خۆم لەگەڵ ماڵئاواییەکی ون و سەیردا!

## دوا شەقامی تاریک

ئێوارە شەیتان بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە. منداڵەکانی وتیان باوکە کوا خواردنەکەی ئیمڕۆ؟ چاکەتەکەی دانا و لە پڕمەی گریانی دا.

٢٠١٢

کلێمێنس یۆت. ستێز

# گوتوبێژی دایک و باوکی هانسێل و گرێتێل

وەرگێڕانی: شۆڕش غەفووری

دارشکێنێکی هەژار لەگەڵ ژن و دوو منداڵەکەی، لە دارستانێکی گەورەدا دەژیان. کوڕەکەیان ناوی (هانسێل) و کچەکەیشیان (گرێتێل) بوو. دارشکێنەکە، بەردەوام تفاقێکی کەمی بخۆ و مەمرەی لە ماڵەوە هەبوو. تەنانەت ئەو ڕۆژانەی کە کار و کاسبیی بازاڕیشی باش بوو، داهاتەکەی نەدەگەیشتە ئەوەی نانی ڕۆژانەی پێ پەیدا بکات. شەوێکیان لەنێو جێگەکەیدا، بەو غەمەوە خەو نەدەچووە چاوەکانی و بەردەوام تەلانەوتلانی بوو. ئاهێکی هەڵکێشا و ڕووی لە ژنەکەی کرد و گوتی: "ژیانی ئێمە بە کوێ دەگات؟ چلۆن دەتوانین زگی منداڵە بێ چارەکانمان تێر بکەین کە بۆ تێربوونی خۆمان خواردنی سەر سفرەیشمان نییە؟"

ژنەکەی گوتی: "چی؟".. پیاوەکە لە خەیاڵێکەوە وەدەری هێنابوو.

"گوتم، ژیانمان بە کوێ دەگات؟"

ژنەکەی پرسی: "سەعات چەندە؟"



"نازانم.. نیوەشەوە. ناتوانم بخەوم، غەمی منداڵەکانمە."

ژنەکەی بە تەتەڵی و تێکەڵ و پێکەڵێکەوە گوتی:

"ئاخ.. هەر چۆنێک بێت ئەوانیش..." و دووبارە خەوی لێ کەوتەوە. پیاوەکە دەستی بە گریان کرد. لەگەڵ هۆڕەهۆڕی گریانەکەیدا بەخۆی گوت: "بەم ئیشەوە شتێکی وام چنگ ناکەوێت، من کەسێکی خوێڕی و بێ کارم... تۆ دەبوو شووت بە پیاوێکی تر کردبا."

ژنەکەی لە خەو ڕاپەڕی، ئاهێکی هەڵکێشا، لەسەر تەختی نووستنەکە دانیشت، ڕووخسارە پڕ لە مووەکەی پیاوەکەی کە فرمێسکەکان بەسەریدا غلۆر دەبوونەوە، خستە دامەنییەوە و هەر بەو شێوەیەی کە دەستی بە مل و پشتەسەری پیاوەکەیدا دەهێنا، گوتی: "خەم مەخۆ، شتەکان هەر چۆنێک بێت خۆیان ڕێک دەکەون. دڵنیام خوا هەر لەنێو بەدبەختیدا نامانهێڵێتەوە."

پیاوەکە بە منگەمنگێکەوە گوتی: "خوا".. درێژەی دایێ و باسی خوام بۆ مەکە، ئەو بەسەر سەرمانەوەیە و دەستمان پێی ڕاناگات هیچمان بۆ ناکات!.

ژنەکە لەنێو سەرگەردانییەکدا بوو و نەیدەزانی چ بکات، هەر دەستی دەهێنا بە پشتەملی پیاوەکەیدا. ئەم خوێنساردییەی ژنەکە، پیاوەکەی تووڕە کرد.

خۆ ئەوە ڕاست بوو کە هەموویان بە دەم برسییەتییەوە دەتلانەوە و منداڵەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێهێزتر و نەخۆشتر دەکەوتن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ژنەکە نەیدەتوانی لەم بێ هیواییە ڕەهایەدا، کە لە کاتی تەنگژە و گرفتدا ملی پیاوەکەی دەگرت، ببێتە هاوڕای و یا ناهومێدییەکەی قبووڵ بکات.

ژنەکە، نەیدەویست لە دنیایەکدا بژیت کە ڕێگەیەکی بۆ هەڵاتن تێدا نییە. گوتی: "وەرە، وەرە بخەوینەوە. دەتوانین سبەینێ زوو، مێشکمان بەم قسانە بئاخنێین."

پیاوەکە "ڕەنگە تا سبەی هەموومان بمرین"ی گوت و هۆڕهۆڕ دەستی کردەوە بە گریان. قسەکانی ژنەکە یارمەتیی باشتربوونی بارودۆخەکەی نەدا و نەیتوانی هێوری بکاتەوە. پیاوەکە لە منداڵێکی تۆقیو دەچوو کە لە ترسی وەهمێکەوە خزابێتە گۆشەی ژوورێکەوە و لە هەڵاتن ڕابکات. بە هێواشییەوە پیاوەکەی وەرسووڕاند تا پشتی گەیشتەوە سەر دۆشەکەکە و دووگومەی کراسی نووستنەکەی کردەوە، بۆنی ئاشنای تێکەڵاوی ئارەقەی ئیش و داری تەڕ و تازەی جەستەی پیاوەکە، بۆنگەی ژنەکەی پڕ کرد. ماچی کرد و بە تێوەردانی پۆپەی زمانی بە چالاییی ناوکیدا، هەوڵی دا لەو بیرە ڕەشە



دەری بێنێت کە سەرتاپای جەستەی یەغسیر کردبوو. چۆن بیری بەمە گەیشت، نەیدەزانی. وای بە بیردا هات کە ڕەنگە ئەو ئیشە، تا ئاستێکی دیاریکراو، کاردانەوەیەکی سروشتی بۆ بەرگرتن لە گەشەی بێ هیوایی و داماوی هەبێت. پیاوەکە بەرگرییەکی وەهای لە خۆی نیشان نەدا، بەڵام پاش تێپەڕینی چەند ساتێک دووبارە دەستی کردەوە بە قسەکردن لەبارەی منداڵەکانەوە کە چەندە لاواز و بێهێز کەوتوونە و چەندە بۆی ئازاراوییە کە چەند ڕۆژێکە گوێی لە وشکەکۆخەکەیان دەبێت. "وەکو چڵە ئێسقانی لەرزۆکی میحرابی پەرستگەی دارستانیان لێ هاتووە"ی گوت و دەستە لەرزۆکەکەی خستە سەرشان و سمتی ژنەکەی. پاشان بە هێواشی ژنەکەی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و بۆ چەند ساتێکی بێدەنگیدا، هەردووکیان بە چەپ و ڕاستی خۆیاندا وەرسووڕان. سات بە سات، خەمۆکیی پیاوەکە خۆی دەخزاندە نێو ژنەکەوە، و ڕاستتان دەوێت هەموو دەم وەها بووە. کاتێک کە درەنگانی شەو سەری دەخستە سەر باسکی پیاوەکە، لە گواستنەوەی هەستی خەمۆکیدا تەواو بێزار دەبوو. بۆیە هەوڵی دا بە پەلەکردن لە جووڵەی هاتن و چوون و لاسایی درەندەییبوون، لەم بارودۆخە ڕزگاری بێت، بەڵام ئەم پەلەیی و هەڵەشەیییەی جموجۆڵەکان یارمەتییەکی وەهای ژنەکەی نەدا و دەستی کردە هەنسکەهەنسک.

پیاوەکە کەوتە بن ژنەکەوە و بە چاوانێکی دڵمراو و ماندووی مێرمنداڵئاسای بێ ئەزموونەوە سەیری دەکرد. ژنەکە سواری پیاوەکە بوو و تا ئەو شوێنەی کە ئازار دە ماسوولکەکانی زا، چووە پێشەوە (نەهۆ ئیتر هالاوی برسییەتی پیسیش سەرتاپای جەستەی داگیر کردبوو)، بەڵام وای بە مێشکیدا هات کە ئەم ئازارانە، ڕاستیی ئەو ئیشەیە کە دەیکات. پیاوەکە دووبارە دەستی کردەوە بە ناڵە و گریان: دەستی کردەوە بە قسان لەبارەی منداڵە بەدبەختەکانی، لە برسییەتی، لەوەی کە کەسێکی دۆڕاو و خوێڕییە و ئەوەی کە وا باشترە ژنەکەی بەجێی بهێڵێت و پیاوێکی تر بۆ خۆی وەدۆزێت ـ ئەم قسانە لە دەرەوەی سەبر و تاقەتی ژنەکە بوون. ئەو ڕووخسارە دارشکێنەرە



گریاوە کە لەسەر دۆشەکەکە، وەبن کەوتووە، قسە دووبارە و جەستە بێ جووڵەکەی لە بنەوە کە تەنیا دەبوو ژنەکە هەموو کردەکە بکات، وەک بڵێی هیچ شتێک پێوەندیی بە پیاوەکەوە نەبێت، خۆی سفتتر و توندوتۆڵتر بە پیاوەکەیەوە گوشی ـ هەستی خۆشی

نەبارانێک، گشت جەستەی ژنەی داگیر کرد و بە گوێی پیاوەکەیدا چپاند: "دەزانی کە... تۆ... پیاوێک... پێت دەڵێم، دەبێ چ بکەی.. ئۆی! ... سبەی زوو منداڵەکان هەڵدەگرین و .. ئااااه!... پێکەوە دەچینە نێو دارستان، شوێنێک کە داری زۆری لێ بێت... دواتر ئاگرێک دەکەینەوە و... ئێمە دەچینە سەر کارەکەمان و بە تەنیا جێیان دەهێڵین... ئەوان بە تەنیایی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ مااااا... لەوەههه نادۆزنەوە و ئیتر... لە دەستیان ڕزگار دەبین، تۆی هەرچی... دەنا هەر چوارمان دەمرین... تۆی پێ دەست و سپیی نەفرەتی، تۆ... تۆ.."

ژنەکە لەسەری دانیشت، لێوڕێژ لە هەستی ڕزگاربوون، قیژەیەکی تیژ و کورتی کێشا و خۆی وەک پاپۆڕێکی لە حاڵی نغرۆبوون، وەکو کڵێسایەکی دەمەوسووتانی نێو بڵێسەی ئاگر، وەکو زەنگێکی جیابووەوە لە قوولاپەکەی، خۆی لە پیاوەکە جیا کردەوە.

ژنە، هێور هێور، فنەفنانە، هەناسەبڕکێیانەی مێیینانە، کەوتە سەر سینگی پیاوەکە و گەیشتە کەناری ئارامی. دارشکێنەکە تەواو بێدەنگ بووبوو، ئیتر نە دەگریا و نە لە بیری ئەوەدا بوو گلەیی لە چارەنووسی بکات. ژنەکەی گرتە نێو باسکەکانی تا خەوی لێ بکەوێت.

دەبێت چاوەڕێ بین"ێکی گوت و دواتر کە دڵنیا بوو ژنەکەی خەوی لێ کەوتووە و ناتوانێت گوێی لە قسەکانی بێت، گوتی: "تا بزانین چی دەبێت."

تێبینی:

(کلێمێنس یۆت. ستێز - clemens j.setz)، چیرۆکنووس و لاوێکی ٢٨ ساڵەی وڵاتی نەمسایە کە ماوەیەکە دەستی کردووە بە نووسینی کورتە چیرۆک و لەبەر کۆمەڵە چیرۆکەکانی (ئەشقی سەردەمی منداڵی ماڵشتادت) لە ساڵی ٢٠١١ توانی خەڵاتی ئەدەبیی پێشانگەی کتێبی لایپتسیگ بەدەست بهێنێت.



چیرۆکی وەرگێڕاو

هاینریش بول

# ئیش هەر ئیشە

و : عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

ئەو بازرگانەی لە بازاڕی ڕەشدا ئیشم لەگەڵ دەکرد، ئێستا بووەتە پیاوێکی شەریف، ماوەیەکی زۆر، چەند مانگێک دەبوو نەمدیتبوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە گەڕەکێکی تر و لە قەرەباڵغترین دوریانی شاردا دەیبینم، لەوێ لە کۆشکێکی لە تەختە دروستکراوی بەبۆیەی سپیی بۆیاخکراو کە سەقفەکەی لە قورقوشم کراوە و بەتەواوی لە سەرما و باران دەیپارێزێت، جگەرە و مەساسە دەفرۆشێت، دیارە ئێستا هەموو شتێک شەرعی و ڕەوایە. سەرەتا پێم خۆش بوو.. بەڵێ، مرۆڤ بەختەوەر دەبێت کە دەبینێت کەسێک گەڕاوەتەوە دۆخی سروشتی. کاتێک ئەوم ناسی بارودۆخی خراپ بوو، هەردووکمان خەمبار بووین و سەر و بیرییەکی سەربازیی جارانمان کردبووە سەر. هەر کات بڕێک پارەم دەستکەوتایە دەچوومە لای و دەکەوتینە قسەوباس لەبارەی برسێتی و شەڕ و ئەویش کاتێک پارەم پێ نەبوایە جگەرەی دەدامێ. جارێکیان هەندێ کۆبوونی نانم بۆ هێنا، چونکە ئەو کاتە بەردم بۆ نانەوایەک دەشکاند.

ئێستا بارودۆخی باش بووە.. ڕواڵەتی جێی سەرنجە، گوپنی و خەپەتۆڵەبوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێستا خواردنی خۆش و چەور بە ڕێکوپێکی دەخوات.. سیمایشی ئەوەمان پێ دەڵێت متمانەی تەواوی بەخۆی هەیە. ئاگام لێ بوو کەوتە جوێن دان بە منداڵێکی پیس و پۆخڵ هەر لەبەر ئەوەی بۆ کرینی مەساسەیەک پێنج (بفنکی) کەمتر پێ بوو.. لە جنێودان نەدەوەستا و زمانی بەردەوام لە دەمیدا دەجووڵا وەک ئەوەی بیەوێت بەینی دانەکانی و ناو دەمی لە پارچە گۆشت و خواردن پاک بکاتەوە.. لە دوکانەکەیدا زۆر سەرقاڵ بوو، چونکە خەڵکێکی زۆر بۆ کرینی جگەرە و مەساسە سەریان تێ کردبوو. چووم بۆ لای و بانگم کرد: " ئەرنست". پێم وابێ نەدەبوو

بانگم بکردایە، هەرچەند کاتی خۆی پێکەوە لە بازاڕی ڕەشدا ئیشمان دەکرد و دەکەوتینە قسەوباس. بە سەرسامییەکی زۆرەوە تەماشای کردم و وتی: "بانگی کێ دەکەیت؟".

تێگەیشتم کە ناسیومییەتەوە بەڵام حەز ناکات کەس ئەو بناسێتەوە.. منیش دوای پرسیارەکەی ئەو بێدەنگ بووم و وەڵامم نەدایەوە، وەک ئەوەی ناوی ئەوەم هەر نەبردبێت.. هەندێ جگەرەم لێ کڕی چونکە بڕێک پارەم پێ بوو، ڕۆیشتم. تا ماوەیەک هەر تەماشایم دەکرد؛ ئەو ترامەیش نەهات کە چاوەڕوانیم دەکرد.. بگرە حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.. چونکە لە ماڵەوە هەر خەڵکە و داوای پارەم لێ دەکەن: یەکێ داوای کرێ خانوو، یەکێ پارەی کارەبا. لە ماڵەوە جگەرەکێشانیش قەدەغەیە، خاوەن ماڵەکە بۆنی هەموو شتێک دەکات و تووڕە دەبێت و خۆم گوێم لێ دەبێت کە بە دەنگی بەرز دەڵێت: بۆ جگەرە پارەی پێیە بەڵام بۆ کرێ خانووەکە موفلیسە. دیارە جگەرەکێشان و مەی خواردنەوە بۆ هەژار گوناهە، دەزانم گوناهە، بۆیە بە دزییەوە دەیکێشم. بە زۆری لە دەرەوە جگەرە دەکێشم.. هەندێ جاریش لە ماڵەوە کە شەو هەموو دەخەون و ماڵەکە هێمن دەبێت، لەسەر جێگەکەم جگەرە دەکێشم، چونکە دەزانم تا بە بەیانی نە دووکەڵ و نە بۆنەکەیشی نامێنێت.

ئەوەی خراپە و بەزمەکەی ناخۆش کردووە ئەوەیە من ئیش ناکەم، پیاو دەبێ ئیشێک بکات.. خەڵکی وا دەڵێن. کاتی خۆی دەیانوت ئیش گرینگ نییە ئێمە تەنیا سەربازمان دەوێت، کەچی ئێستا دەڵێن ئیش گرینگە و دەبێ مرۆڤ ئیشێک بکات. بەڵام ئەو کارانەی دەیانەوێت من بیکەم حەزم لە هیچیان نییە: کەناسی، داروپەردوو و بەرد لابردن. دوو سەعاتی پێ ناچێت ئارەقە دەردەدەم و چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات و دەچم بۆ نەخۆشخانە و دوکتۆر دەڵێت: هیچت نییە، ڕەنگە ئەعسابت ماندوو بێت. لەم زەمانەیەدا زۆر باس لە ئەعساب دەکەن، بەڵام بە تاوانی دەزانم هەژاران ئەعسابیان هەبێت، هەژاری و ئەعساب کوجا مەرحەبا، ئەوان تەحەمولی ئەوە ناکەن! بەڵام دڵنیام لەوەی مێشکی من تەپیوە و هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە.. ئاخر کاتی خۆی وابزانم نۆ ساڵ سەرباز بووم، زۆر حەزم لە ئیشکردن بوو، حەزم دەکرد ببمە بازرگان، ئەوە ئەوسا بوو چ پێویست دەکات ئێستا باسی بکەین؟ ئێستا هیچ ئارەزوویەکی بازرگانیم لە دڵا نییە. خۆشترین شت بەلامەوە ئەوەیە پاڵ کەوم و خەو ببینم، حیسابی کەم ئاخۆ لە ڕۆژێکی ئیشکردنا لە دروستکردنی ئەو پردە، یان ئەم بینا بەرزەدا چەند سەد هەزاریان دەستکەوێت.. دواتر ئەوەیشم بە بیردا دێت کە ئەوان دەتوانن لە یەک خولەکدا پردەکە و بیناکەیش برووخێنن.. کەوابێ ئیتر ئیشکردن چ پێویست ئەکا؟ پێم وایە ئیشکردنمان بێهوودە دەبێت.. بۆیە کاتێ بۆ دروستکردنەوەی گازینۆیەک بەرد ڕادەکێشم و خاشاک پاک دەکەمەوە و بیر لەمانە دەکەمەوە، شێت و دەهری دەبم.

پێشتر وتم مەسەلەکە ئەعسابە، بەڵام وابزانم هۆکاری ڕاستەقینە ئەوەیە مەسەلەکە هەر بێ مانایە. بەهەرحاڵ بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی نییە ئەوان بیر لە چی دەکەنەوە.. بەڵام زۆر قەباعەتە پارەت پێ نەبێت، کەواتە سووک و ئاسان، مرۆڤ دەبێ بڕێک پارەی هەر پێ بێت، بێ پارە هیچ ناگوزەرێت. ئەوەتا سەعاتی کارەبامان هەیە، دەبێ گوڵۆپیش هەڵکرێت، پەنجە دەنێین بە

سویچەکەدا و پارە ژوورەکە رووناک دەکاتەوە.. ئەگەر پێویستیشت بە ڕووناکی نەبێت دەبێ هەر سەعاتەکە بکڕیت و بیبەستیت، یان کرێ خانوو بدەیت. وابزانم مرۆڤ ژوورێکیشی هەر دەوێت. لە سەرەتاوە لە ژێرزەوینێکدا بووم خراپ نەبوو..فرنێکم هەبوو و خەڵووزم بۆ ئەدزی، کەچی دەریان کردم.. رۆژنامەنووس هاتن و وێنەیان گرتم و وتارێکیان لەسەر نووسیم بەناونیشانی: نەهامەتیی ئاوارە گەڕاوەکان بۆ زێدی خۆیان. بۆیە دەبوو بگوێزمەوە. کابرا لە فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی وتی مەسەلەکە بەلایەوە پێوەندە بە کەرامەتەوە، بۆیە دەبوو ژوورەکەم قبوڵ بێت. دیارە هەندێ جاریش پارەم دەست دەکەوێت، خەڵکی دەمنێرن بۆ کڕینی شتێک، یان هەڵگرتنی خەڵووز و دانانی بە ڕێکی لە سووچێکی ژێرخانەکەدا. خەڵووز بە ڕێکی دادەنێم و کەمترین پارەیش وەردەگرم.. بۆیە ئەوەندەم چنگ ناکەوێت کرێ خانووەکەم بۆ دابین بکات، تەنیا بەشی کارەبا و هەندێ جگەرەم دەکات.. بیرم لەوە دەکردەوە.

بازرگانیی بازاڕی ڕەشیش کە ئێستا بووەتە پیاوێکی شەریف، جار ناجارێک تیلەی چاوی بە گومانەوە دەدامێ، بڕواتان بێت ئەو سوێندخۆرە زۆر چاک دەمناسێت.. ئاخر ئەگەر دوو کەس ڕۆژانە چەند سەعاتێک پێکەوە قسە بکەن پێ دەچێت یەکتری نەناسنەوە؟! ڕەنگە گومانی وابێت بە تەمابم شتێکی لێ بدزم. بێگومان من ئەوەندە گەلحۆ نیم لەو قەرەباڵغییەدا کە هەر دەقیقەیەک و ترامێک تێ دەپەڕێت و پۆلیسێکیش لەولاوە وەستاوە شتی لێ بدزم. من لە شوێنی تر خەڵووز و دار و شتی تریش دەدزم. لەم دواییەدا لە نانەواخانەیەک زۆر بەخێرایی نانێکم دزی.. نانەکەم بە هێمنی دزی و بە ئەسپایی ڕۆیشتم و دوایی لەوسەری کۆڵانەکەوە بۆی دەرچووم. وابزانم مرۆڤ چیی تر دەربەستی ئەعساب و مەعساب نەماوە. بەڵام لێرەدا دزی ناکەم هەرچەندە هەندێ جار ئاسانیشە. مێشکم تێدا نەماوە.. ترام لە دوای ترام دەهات و ترامەکەی منیش هات و ڕوانیم ئارنست بە تیلەی چاو تەماشام دەکات، هێشتا ئەو سوێندخۆرە ژمارەی ترامەکەمی لە بیر ماوە!

ئاخرە جگەرەی یەکەمم فڕێ دا و جگەرەی دووەمم داگیرساند و سواری ترام نەبووم و لە شوێنی خۆم مامەوە. دەمتوانی لەو شوێنەی خۆمدا ئاخرە جگەرەکان کۆ بکەمەوە، بەڵام کەسێکم بینی کەوتبووە کۆکردنەوەیان، دەبێت مرۆڤ بیر لە هاوەڵەکانیشی بکاتەوە. هێشتا خەڵکانێک ماون ئاخرە جگەرە کۆ بکەنەوە. لە سەردەمی دیلیدا ئەفسەری پلە باڵام دەبینی ئاخرە جگەرەیان کۆ دەکردەوە، بەڵام ئەوەی بەردەمی من ئەفسەری پلە باڵا نەبوو.. بە وردی تەماشایم دەکرد، ئەو شێوازی خۆی هەبوو لە کۆکردنەوەیدا، وەک جاڵجاڵۆکەیەک لەنێو تەونەکەیدا، ئەویش لەنێو زبڵ و داروپەردووەکەدا خۆی مات دەکرد، هەرکە ترامێک دەهات یان دەردەچوو، لە کونەکەی دەردەچوو و بە کاوەخۆ بە لێواری شۆستەکەدا دەڕۆیشت و ئاخرە جگەرەکانی کۆ دەکردەوە. حەزم دەکرد بچمە لای و قسەی لەگەڵ بکەم، چونکە هەستم بە ئینتیما دەکرد بۆی.. بەڵام دەمزانی بێهوودەیە، چونکە ئەوانە ورتەیان لە دەم نایەتە دەر.

نازانم چیم بەسەر هات، بەڵام ئەو ڕۆژە حەزم نەدەکرد بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.. ماڵەوە و هەموو

شتێکم بەڵاوە وەک یەک وابوو. ترامێکی تریش هات و سوار نەبووم و جگەرەیەکی تریشم پێ کرد. نازانم ئێمە چیمان کەمە، رەنگە رۆژێک لە رۆژان مامۆستایەکی زانکۆ ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە و لە رۆژنامەدا بۆمانی بڵاو بکاتەوە.. ئەوان بۆ هەموو شتێک لێکدانەوەی خۆیان هەیە. تەنیا هیوای ئەوەم هەبوو مێشکم تەواو بێت و وەک زەمانی شەڕ بتوانم دزیی خۆم بکەم. ئەو زەمانەیە زۆر بە سووک و ئاسانی دزیمان بۆ دەکرا.. لە شەڕدا ناچاریان دەکردین دزی بکەین، ئەمە ئەگەر شتێک هەبوایە بەکەڵکی دزین بهاتایە.. ئێمەیان ناچار دەکرد دزی بکەین و ئەوانی تریش دەکەوتنە خواردنی و هەندێ جاریش لێیان دەنارد بۆ ماڵەوە. ئەوان هەموو شتێکیان دەکرد دزی نەبێت. مێشکیان و کراسە سپییەکانیشیان لەکەی پێوە نەبوو.

کە گەڕاینەوە بۆ نیشتمان، وەک چۆن لە ترام دادەبەزن کە لە نزیک شوێنی نیشتەجێیان تۆزێک خاوی دەکاتەوە، وەهایش لە شەڕ دابەزین.. بێ ئەوەی پارەی بلیتیش بدەن خۆیان هەڵدایە خوارەوە، تۆزێک لە رێگەکە لایان دا و خۆیان کرد بە ماڵەکانیاندا. سەیرکە: کتێبخانەکە هەر لە شوێنی خۆیدایە و تەنیا کەمێک تۆز گرتوویەتی.. خێزانەکانیان لە ژێرخانەکەدا پەتاتە و سرکەیان داناوە، وەک پێویست ژنەکانیان لە ئامێز گرت، بۆ بەیانی چوون بۆ ئەوەی بزانن ئیشەکە ماوە، بەڵێ ئیشەکە مابوو.. هەموو شتێک وەک خۆیەتی، بێ کێشە. بەشدار بوون لە بیمەی تەندروستی دەستی پێ کردەوە.. پرۆسەی پاککردنەوەیان لە نازیزم بۆ ئەنجام درا، وەک چۆن لای سەرتاش ریشێک دەتاشیت کە بێزاری کردوویت. باسی مەدالیای ئازایەتی، برینداربوون، قارەمانێتییان کرد و دواجاریش مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە ئازایەتییەکی نواندووە کە ئەرکی سەرشانی خۆی بووە.. بواریان پێ دان هەفتانە بەخۆڕایی سواری ترام بن، ئەوەیش باشترین ئاماژە بوو بۆ ئەوەی پرسەکان بەباشی بەڕێوە دەچن.

ترامی ئێمەیش هەر دەڕۆیشت و چاوەڕێی وێستگەیەک بووین شارەزای بین و دابەزین: بەڵام ئەو وێستگەیە هەر نەهات. هەبوو ماوەیەک لەگەڵمان مایەوە و دواتر لە شوێنێک خۆی هەڵدایە خوارەوە، گوایە گەیشتووەتە وێستگەی خۆی. ئێمە لە سەفەری خۆمان بەردەوام بووین، بەردەوام بووین، کرێی سەفەریش لە خۆیەوە زیادی دەکرد، دەبوو پارەی جانتا و شتە قورسەکانیش بدەین.. میراتە خۆڵەمێشییەکەی عەدەم کە دەبوو لەگەڵ خۆمانی بەکێش بکەین.. چەندین چاودێری بلیتەکان پێمان گەیشتن و ئێمەیش گیرفانی خاڵیمان پێشان دەدان و شانمان بۆ هەڵدەتەکاندن. نەیاندەتوانی دامانبەزێنن و تووڕەمان دەنە خوارەوە؛ چونکە ترام زۆر خێرا دەڕۆی و ئێمەیش مرۆڤ بووین.. ئەوان بەردەوام ناویان دەنووسین و ترامیش تا دەهات خێراتر دەڕۆی.. ئازا و لێزانەکان لە هەر کوێیەک بۆیان رێک کەوتایە خۆیان هەڵدەدایە خوارێ.. ژمارەمان تا دەهات کەم دەبووەوە.. تا دەهات جورئەت و خواستمان لە دابەزین کەمتر دەبووەوە.. نیازمان وابوو لە دواین وێستگەدا جانتاکانمان جێ بهێڵین تا نووسینگەی شتە بزربووەکان بیخەنە مەزادەوە. بەڵام بەو وێستگەیە نەگەیشتین، نرخی بلیتیش گرانتر دەبوو، ترامیش خێراتر، چاودێرانی بلیتیش تووڕەتر تەماشایان

دەکردین.. ئێمە کۆمەڵێک خەڵک بووین لە هەموو لاوە بەگومان تەماشامان دەکرا.

ئاخزی سێیەم جگەرەم فڕێ دا و بەکاوەخۆ بەرەو وێستگەکە وەڕێ کەوتم، ئێستا دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.. سەرم گێژی دەخوارد، مرۆڤ نابێ بە سکی بەتاڵ ئەوەندە جگەرە بکێشێت، دەزانم. ئیتر سەیری کۆشکەکەم نەدەکرد کە لەوێدا بازرگانی پێشووی بازاڕی ڕەش ئیشی رەوا و شەرعی دەکات.. بێگومان مافی تووڕەبوونم نییە، ئەو کردی و بە سەلامەتی لە کاتی گونجاودا بازی خۆی دا.. بەڵام نازانم ئاخۆ بۆی هەیە لەبەر ئەوە لە منداڵێک تووڕە بێت و بنەڕێنێ و جوێن بدات، هەر لەبەرئەوەی بۆ کڕینی مەساسەیەک پێنج بفنکی کەم پێ بووە.. ڕەنگە ئەوە بەشێک بێت لە بازرگانییە شەرعییەکەی.

پێش ئەوەی ترامەکەم بێت جارێکی تر سەیری ئەو برادەرەم کردەوە کە لە قەراخی شۆستەکەدا ئاخزە جگەرەی کۆ دەکردەوە.. بە بەردەمی خەڵکەکەدا دەڕۆیشت، دەزانم ئەوان حەز ناکەن دیمەنی وا ببینن و هەر بشبێت. بەڵام هەیە..

تا سواری ترامەکە بووم سەیری ئەرنستم نەکردەوە.. ئەو دەیڕوانییە دوور و هاواری دەکرد: نەستەلە، مەساسە، جگەرە، هەمووی لە بەردەستاندایە.

هۆکەی نازانم، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە جاران ئەوم زیاتر بەدڵ بوو لەبەرئەوەی لەبەر پارە کەمی دەستی بە ڕووی کەسەوە نەدەنا.. بەڵام ئێستا ئیشێکی ڕاستەقینە دەکات.. ئیشیش هەر ئیشە.

سەرچاوە /کتێبی ( وکان مساء، مختارات قصصية) هاینرش بول.

لە چاپکراوەکانی (دار المدى ٢٠٠٤).

وەرگێڕ بۆ عەرەبی ( سمير جريس).

دەق

خۆرخێ لویس بۆرخیس

# گۆچانی نابیناکە

وەرگێڕانی: سابیر مەلوول

## مەسیح لەسەر خاچ

مەسیح لەسەر خاچە، پێیەکانی شۆڕ بوونەتەوە سەر زەوی، سێ ئەستوندەگی دارین و هەمان درێژییان هەیە. مەسیح لە ناوەڕاستدا نییە، سێیەمیانە، ڕدێنە ڕەشەکەی بەربووەتەوە سەر سنگیی، ڕووخساری ئەو ڕووخساری وێنە کۆنەکان نییە.

ئەدگارەکانی تیژە، ئەدگاری جووە، بەڵام نایبینم هەتا دواین ڕۆژی هەنگاوەکانم لەسەر زەوی هەر بەدوایدا دەگەڕێم مرۆڤە تێکشکاوەکە ئازار دەچێژێ، هەروا کڕ و خامۆشە و تاجە دڕکینەکەی شکۆی دەڕووشێنێ وەلێ گاڵتە و تەڵفیزەی مەحشەرگەلەکە کاری تێ ناکا، جەفەنگی ئەو هەرچی و پەرچییانەی کە زۆرجاران دەبینن چۆن دەمرێ، ئەو بێ یان مرۆیەکی تر جیاوازیی نییە.

مەسیح لەسەر خاچەکە، کە هزری شێواو و پەرێشانە بیر لەو مەلەکوتە دەکاتەوە کە لەوانەیە چاوەڕوانی ئەو بێ بیر لەو ژنە دەکاتەوە کە دەنکی ئەو نەبوو، یادی ئەو دلبەرەی کە نەبووبووە گراوی. لە چارەی مەسیح نەنووسرابوو چاوی بە لاهوت بکەوێ لە چارەی نەنووسرابوو لە سیانەی پیرۆز و گنووسییەکان و کاتیدراڵییەکان و مووسا یۆکیم تێ بگات قەدەری ئەو نەبوو، لە گۆڕینی باوەڕ بە شمشێری "گۆتروم" و لە دادگەکانی پشکنین و لە خوێنی شەهیدەکان و لە شەڕی سەختی خاچپەرستەکان و لە جان دارک و لە ڤاتیکان و لە بەرەکەت بەخشی لەشکر و سوپاکان سەر دەربکات.

دەشیزانی کە ئەو خوا نییە و ئەو مرۆیەکە وەک ڕۆژ دەمرێ، ئەمەش شەکەتی دەکرد، بگرە ئاسنە ڕەقەکە لە پەلوپۆی دەخست، ئاسنی (مێخەکان ئەو نە ڕۆمانییە و نە یۆنانی، ئەو دەناڵێنێ) هەروەتر خوازەگەلێکی جوانی بۆ بەجێ هێشتین زانیارییەک لەبارەی لێبووردنەوە.

ئەم پەیڤانە ئێرلەندایییەک لە زینداندا نووسی، ڕۆح بە هەناسەبڕکە گەیشتە کۆتایی، مێش لە لاشەی هەڵئاوسا و دەئاڵێ ئیدی چی سەبوورییەک لەوەدا هەیە، کە ئەو مرۆیە زۆر زۆر ئازاری بینی و منیش ئەمێستە ئازار دەچێژم و دەتلێمەوە.

## ئەم بەیتە شیعرە (دەبا ئێستە تەنیا ئەم پەیڤە بگرین)

ئاراستەی ئەو سێیەم پیاوە دەکەم کە دوێنێ لە پێشمەوە لە ڕێگەکە پەڕییەوە و ئاڵۆزتر نەبوو لە "ئەویدی" لەلای ئەرستۆ ڕۆژی شەموو لە ماڵ دەرچووم شەو پڕ بوو لە خەڵکی دڵنیام ئەم سێیەم پیاوە پێشم کەوت، ڕاست و پاک وەک یەکەم و چوارەم، ئەو خۆی کرد بە "شەقامی پاراگوای"دا و منیش بەرەو خیابانی "قورتوبە" ڕۆیشتم وشەکانم ئەویان بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک نزیک – دروست کرد هەرگیز ناشزانم تام و چێژێکی تایبەت هەیە – تام و چێژە دڵخواز و نایابەکەی.

دەزانم ماوەیەکی درێژ لە مانگ ڕاما دووریش نییە لە کاتی خوێندنەوەی وشەکانمدا مردبێ، ناشزانێ من ئێستە دەنووسم و بیرم لەلای ئەوە، لەوانەشە لە داهاتوویەکی نادیاردا، ببینە دوو نەیار کە ڕێز لە یەکتری دەنێن یان دوو هاوڕێی گیانی گیانی، من شتێکم کرد گەڕانەوەی بۆ نییە:

پێوەندییەکم لەگەڵ کەسێکی تردا دروست کرد و لەم دنیای ڕۆژانەشدا کە زۆر لە کتێبی هەزار و یەکشەوە دەچێ کارێک نییە نەبێتە پرۆسەیەکی جادوویی و هەموو ڕاستەقانی هەڵێک کە لە ڕیزێکی بێ کۆتاییدا یەکەم بێ.

من دەپرسم ئاخۆ[3] تارماییگەلێکی وا هەیە، کە ئەم بەیتە خاوانە نەیتاراندبێ؟

ئەمەی دەچێتە ناو ڕووبارەکەوە

لە ڕووباری "گانیس"دا خۆی نقوم دەکات و بین لێ دەدات ئەوەی تەماشای کاتژمێرە لمییەکە دەکات دەبینێ چۆن ئیمپراتۆریەکە هەرەس دێنێ، ئەوەی کایە بە خەنجەر دەکات دڵی خەبەری مردنی قەیسەر دەدات! ئەوەی کە دەخەوێت تێکڕای خەڵکییە لە سەحرا ئەبوهۆلێکی گەنجم بینی، پێش نەختێک هەڵکۆڵینی شێوەکەی تەواو بوو، شتێکی کۆن نییە لەژێر خۆردا، هەموو شتێک بۆ یەکەمین جار ڕوو دەدات، بەڵام بەپێی نموونەیەکی ئەبەدی، ئەوەش کە دەمخوێنێتەوە وشەکانم دەخولقێنێ، "پەیڤەکانم دەئافرێنێ".

## گۆچانی حەیزەران

"ماریا کۆداما"[1] دۆزییەوە، بەشێوەیەکی سەیر سووکە بەڵام بە زەبرە و هیوابڕاوت ناکات، هەر کەسێک جارێک بیبینێ هەرگیز لە بیری ناکات، بۆ ئەوەی وێنەی ناوچەیەکی جادوویی بکێشێ تەماشای دەکەم و هەستیش دەکەم پارچەیەکە لەو ئیمپراتۆرییە بێ پایانەی کە دیوارەکانی خۆی ڕۆنا بۆ ئەوەی ناوچەیەکی جادوویی بکێشێتەوە، نیگای دەکەم و بیر لەو "چوانگ چی"یە[2] دەکەمەوە کە خەونی بینی پەپوولەیەکە و کاتێکیش بێدار بووەوە نەیزانی خۆی پیاوێک بوو خەونی بینیبوو، خۆی پەپوولەیەک بوو خەونی بینی و خۆی مرۆیەکە، تەماشای دەکەم و بیر لەو پیشەوەرە

دەکەمەوە، کە کاری لەسەر حەیزەرانەکە کرد و بە جۆرێک چەماندییەوە کە ببێتە هێز و توانای دەستی ڕاستم، نازانم ئەم پیشەگەرە ماوە یاخۆ مردووە، نازانم تاوییە یان بودییە یان، لە کتێبی ئەستێرە شەشپاڵوەکاندا لە ڕاوێژ و تەنگبیرێک دەگەڕێت، ئێمە هەردووکمان هەرگیز بەیەک ناگەین، ئەو لەناو ئاپۆرای نۆسەد و سی ملیۆندا ون بوو، بەڵام شتێک هەیە بەرەو ئەو کەمەندکێشمان دەکات، دووریش نییە یەکێک لە دێرزەمانەوە بیری لەم پێوەندییە کردبێتەوە، دووریش نییە گەردوون پێویستی بەم پێوەندییە هەبێ!

.........................................

١- ماریا کۆداما ژنی بۆرخیسە.

٢- چوانگ چی: ئەو ئیمپراتۆرەی چینە کە فرمانی ڕۆنانی شورای چینی دا.

## سەربازێک

گوللەیەک ناوچاوان و هەنیەی دەپێکێ

ناوی ئەو جۆگەلە ئاوە نازانێ کە بەلایدا ڕۆیشت

(چیرۆکەکە ڕاستە و ئەو زیاتر لە کەسێک بوو)

بەسەردەمدا کەوت و هەردوو باڵی درێژ کرد هەوا ئاڵتوونییەکەی تەک گەڵای دارستانە سنۆبەرەکە ڕاهەژا، نیوەی خۆر شۆڕ دەبێتەوە، کاتەکە ناسکە.

مێرووله زۆر بە وردی بەسەر ڕوخسارە ئاشناکەیدا هەڵدەگژێ هەڵهەڵەکان بەرز دەبنەوە، هەموو شتێک دەگۆڕێ، هەموو شتێک دۆناودۆن دەکا و دۆناودۆن دەکا و دۆناودۆن تا ئەو ڕۆژەی داهاتوو.

کە تەنیا تۆی تێدا بانگ دەکەم،

هیچ کەسێک لەسەر لاشەکەت ئێشکی نەگرت

هیچ کەسێک فرمێسکی هەڵنەڕشت بۆت

هیچ کێڵێک یادگەت ناپارێزێ

هەموو سەربەرزییە ڕەشەکەت

گژ نەمرییەکەت هەموو بەخ و شکۆکەت

شەش پێیە لە خاکدا.

* بۆرخیس وتوویەتی یادگە نەک یاد چونکە یاد چەند وشەیەکی ڕواڵەتییە بەڵام یادگە میمۆریی مرۆیە و هەموو زانیارییەکانی تێدایە.

## سروودێک بۆ ماچ

ئەو بەیانییە بۆنێکی باوەڕپێنەکراو لە هەوادا بڵاو بووەوە،

بۆنی گوڵی پشکوتووی بەهەشت

لەسەر ڕۆخ و کەناری فورات

ئادەم خوڕەی ئاوی زولاڵ دەدۆزێتەوە
بارانێکی ئاڵتوونی لە ئاسمان دەبارێت
بارانی ئەڤینی زیۆس
ماسی لە دەریادا هەڵبەز و دابەزیانە
لە کاتێکدا مرۆی "ئەگرینگینۆ"[1] دێتەوە بیری لە ڕابردوودا ماسی بووە
لە ئەشکەوتی "ئەلتامێرا"ش[2]
دەستێکی بێ ڕوخسار وێنەی کەوانەی پشتی گا دەکێشێتەوە دەستی خاوی "ڤێرجیل" نەوازشی ئەو ئاوریشمە دەکات کە کاروانەکان و کەشتییەکان
لە وڵاتی ئیمپراتۆرە زەردەکە هێنایان
یەکەمین هوزار لە مەجەر دەخوێنێ
مەسیح دراوێک دەبینێ وێنەی قەیسەری لەسەرە
فیتاگۆرس لە بەردەمی بوو کیژۆڵەیەکی یۆنانی دا ئەوە دەدۆزێتەوە کە شێوەی زەمەن بازنەیە
لە دوورگەیەکی ناوەڕاستی ئۆقیانووسیشدا
تانجییە زیوینەکان تاوی کۆیلە زێڕینەکان دەنێن
لەسەر سندان ئەو شمشێرە دەکوتنەوە
کە بە دڵسۆزی خزمەتی "زیگۆرد"[3] دەکات
وایتمان لە مانهاتن شیعر دەنووسێ
هۆمیرۆس لە حەوت شاران
لەدایک دەبێ و دێتە دنیا
پاکیزەیەک پێش تۆزێک تاکقۆچێکی سپیی گرت
هەموو ڕابردوو بە لێشاو دەگەڕێتەوە هەموو ئەم کردارە هەرە دێرینانە سەرلەنوێ ڕوو دەدەنەوە هەر لەبەرئەوەی ژنێکی قەشەنگ
دەمی خستە ناو دەمت و ماچتی کرد ماچ

......................................

١- ئاگرینگیتۆ ناوی شارێکی قوبرسە شوێنەوارەکەی بۆ چاخەکانی پێش زاین دەگەڕێتەوە.
٢- ئەلتامێرا- ئەتکەتە بەناوبانگەری ئیسپانیایە کە وێنەکانی مرۆی دێرینیان تێدا دۆزییەوە.
٣- زیگۆرد: ناوی قارەمانێکی ئەڵمانییە کە سیمبولی ململانێی نێوان رۆحی بتپەرستانە و پەیامی ئینجیلی ئەو کاتەیە.

سەرچاوە: المعجزة السرية- بورخس ت: عدنان مبارك

كۆنە دەفتەر

محەمەد مەولوود مەم

# شەوی هەزار و دووەم

مرۆ بۆ خوا بڵێ... شاهیدی لە ئیمانە، حاجی شێخ مەلا عەبدولقودوسی قازیی شاری «جابولقا» کە دوا چەکەرەی، بنەماڵەی شێخ قوتبەلدینی، خاوەنی دین و دنیای سەردەمی خۆی بوو، پیاوێکی ڕاستگۆ و ڕاسترۆ بوو زۆرجار لەگەڵ خۆیدا دەیگوت:

– بۆ کێ خۆم بگۆڕم؟ تا کەی ڕاستی لەم خەڵکە بشارمەوە؟! سەبارەت بەچی خۆم شەرمەزاری دنیا و قیامەت بکەم؟ ئەوە بوو بڕیاری دا خوای خۆی پتر ڕازی بکا ویژدانی بحەسێنێتەوە!! باری ئازاری – قەبریش لەسەر باب و باپیرانی سووک بکا و نهێنییەکە، ئاشکرا، بکا!!؟ لە نیوەشەوێک پاش ئەوەی سوننەت و تەروایحەکەی بەجێ گەیاند، لەسەر بەرماڵ هەڵستا، بە پەنجەکانی دەستی ڕدێنە سپییە درێژەکەی شانە کرد، حەمد و سەنای خوای کرد، لیچکی بەرماڵەکەی هەڵدانەوە، ڕای کردە لای دیوارەکە، دەستی بۆ دەلاقەکە درێژ کرد، کتێبە کۆنەکانی ئەمدیو و ئەمدیو کردن، هەڵی دانەوە و دای نانەوە، تا پێچراوەیێکی زەردی... پیری... لەناو دەرهێنان!!... تۆز و خۆڵەکەی لێ داوەشاند... خستییە بن هەنگڵی، گەڕایەوە جێگەکەی. سینگ و بەرچێر و لاشانەکانی خۆی و دامەنی چوبیەکەشی داکوتان، بێ ئەوەی لیچکی بەرماڵەکە لێک بکاتەوە، لەسەری دانیشتەوە!! چاویلکەکەی کردە چاوی، بە ئەسپایی پێچراوەکەی لێک کردەوە، ئاوڕێکی لە دەر و دیواری حوجرەکەی دایەوە، بە دەنگ دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

– لە شەوی هەزار و دووەمدا، شەهرەزاد لەسەر تەختەبەندەکەی، ڕاکشابوو... جارجار نرکەیەکی دەکرد، بە دەنگێکی ناسک دەینالاند!! ژوورەکەی لەناو کۆشکە گەورەکەدا، وەک ڕۆژ دەدرەوشایەوە، ئەو شەوە شەوی پێ نانە دنیای، بەری شیرینی ئەوێنی و دڵسۆزی و یەکبوونی بوو لەگەڵ شەهرەیاردا. بەری هەزار و یەک شەوی، پڕ کامەرانی... دڵنیایی... بڕوا و ئاوات و هیوا... بوو، شەهرەیاریش لە سەرینگانی ژنە خۆشەویستەکەی دانیشتبوو، بەری دەستێکی لەسەر هەنیە گەرمەکەی ڕاگرتبوو، ناوناوەش،

دەستەکەی دەگوێزرایەوە سەر ڕوومەتە سوور و نەرمەکانی بەبزەیەکی گەش، دەیدواند، ڕاز و نیازی لەگەڵدا دەگۆڕینەوە. لەناو ئەم ڕاز و نیازە، لە پڕ، سەردەستەی جاریەکانی کۆشک، دەرگەی کردەوە، چرپەیەکی بە گوێی شەهرەیاردا کرد، شەهرەیار، دەستەکەی سەر ڕوومەتی شەهرەزادی کێشایەوە، هەڵستایە سەرپێ، ژوورەکەی بەجێ هێشت!! شەهرەیار، زۆر دڵی بە کۆرپە چاوەنوارِکراوەکەی خۆش بوو، کاتێ خەیاڵی... لە ڕۆژە ڕابردووەکانی پێش ناسینی شەهرەزاد، دەکردەوە... شەرمێک دەیگرت، ئازارێکی دژوار دەکەوتە دەروونییەوە!!... پەشیمانی لەسەر ڕووی دیاری دەدا!! بۆ داپۆشین و ڕەش کردەوەی شوێن ئەوە ڕۆژە ڕابردووانە و... بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەشەوە دەنگی دابوو، هەرچ... حەکیم و شالیار... پزیشک... زانا و دانا و شێخ و کەشیش و پیاوماقووڵ و لێ زانانی چوارقوورِنەی وڵاتی، بانگهێشتن کردبوون، کۆی کردبوونەوە... تا... لە ئاهەنگی لەدایکبوونی جێگرەکەی، هەریەکە بەپێی توانا و زانایی و لێوەشانەوە و شارەزاییان، بەهرە بنوێنن، بۆ ئەوەی منداڵەکەی بەڕێکوپێکی، بێ گرێ و کەموکورتی، لەدایک ببێتەوە. لە هۆڵە فراوانەکەی کۆشک، لە بەردەرگەی ژوورەکەی شەهرەزاد... هەزاران لەو... زانا و دانا و حەکیم و پزیشک و فەیلەسووف و نووسەر و ڕۆژنامەچی... پیاوماقووڵان، ڕیزیان بەستبوو، چاوەنوارِی لەدایک کەوتنەوەی، شایەچچەیان دەکرد!! زاناکان، کتێبەکانیان کردبوونەوە، داناکان سەریان بەسەر، ڕیشیان داگرتبوو و لەگەڵ فەیلەسووفەکان سێ و دوویان، بە پەنجە ڕەق و تیژ و درێژەکانیان دەکرد!! لەناو دەریای عیلم و فیکر، وشەکەمەلەیان دەکرد!! حەکیم و پزیشکەکان، چەقۆ و نەشتەرەکانیان دەسوین، دەرزی و دریشە و سوژنەکانیان... تیژ دەکردنەوە... خەلیفە و دەروێشەکان، شیر و زەرگ و ڕمەکانیان، ئاومالْ کردبوون، بریقەیان لێ هەڵدەستا!! ئەستێرەوانەکان، گوێ ماسی و چۆرتیان هەڵداوێشتن، نووسەر و ڕۆژنامەچییەکان... تەواو قورمیش کرابوون، چاو و گوێچکەیان کردبوون بە ڕادار!! لە ڕیزەکانی تریش، میر و والی... ئاغا و قومەندان و بازرگانەکان، فەرمانبەر و قۆنتەراتچییەکان، دەمیان... بزەی خۆشیی لێ دەباری، بەڵام کەس نەیدەزانی، دڵ و دەروونیان چی... تێدایە!؟... لە دوای ئەمانە شەدە، ڕێزی... گوڵبەدەستان... ریزی دیاری هەڵگران، شاعیر و بخورپژێن... لە هۆڵەکەدا جێگەی خۆیان گرتبوو!!... لە دەرەوەی کۆشکیش، دەرگەوانەکان، لەبەر تاقە گەورەکە، خۆیان چاندبوو!! چەک بە دەستیان، بە دەوری کۆشکدا و دەسووڕانەوە، تا... ناحەز... دوژمن، شەوە دێو و درنج هەموو ئەوانەی لێیان دەوەشێتەوە زیان بە کۆرپە ساواکە بگەیەنن، لەناویان بەرن و تەفروتوونایان بکەن!!. لە دوای ئەمانیشەوە، لۆتی... مەیموونەوان... دۆلەنگێو، تەنافباز، بۆڕیژەن، چاوەش و سەماکەران، هەر ڕێزەی بەپێی بەهرەیان... دەوری خۆیان دەگێڕا. لە پاشی پاشەوەش جەماوەری خەڵکی وڵات، لە گۆڕەپانەکەی بەر تاقە گەورەکە، لە مەیدانەکانی شار، ئاهەنگیان ساز دەدا، بەزمیان دەگێڕا، دوعای ساغی و سەلامەتی... شازادەی تازە و... شەهرەزادی دایکیان دەکرد... شەهرەیاریش، لە هەیوانە فراوانەکەدا، لەناو ڕیزەکان، دەهات و دەچوو... زانا و گەورە پیاوەکانی دەدواندن، ڕووی خۆشی تێ دەکردن، بزەی شادیی بەسەردا بڵاو دەکردنەوە ناوناوەش، بۆ سەر بالکۆنەکە سەر دەکەوت، سەرێکی لە حەشاماتەکەی، بەر تاقی کۆشک هەڵدەکێشا، بەڕوویانەوە دەگەشایەوە، بەدەست تەمەننای بۆ دەکردن. کاتێک کە دەنگی ئەنغا... ئەنغای... ساوایەکە لە ژووری شەهرەزاد، بەرز بووەوە... دەرگەی ژوورەکە کرایەوە، پیرێژنە سەرسپییە پسپۆڕەکە، بە پەلە، دەرپەڕییە دەرەوە، بۆ شەهرەیار نووشتایەوە، شەهرەیار لە تووشیاندا ڕاپەڕی، ڕووی کردە هۆڵەکە...

بانگی موژدەی ڕاهێشت:

– مـوژدە – بێ... کـوڕێکمـان بوو... خـۆشـی لە ئێـوەش، شـازادەیـەکتـان بوو!!... لەگـەڵ ئەو بانگە، هۆڵە فـراوانەکە، وەکو دەریا، شـڵەقا... ریزەکان، مۆنج مـۆنج کـەوتنە ملمـلانێ و پاڵدان!! هـەریەکـەیان دەیویست پێش ئەوی تر بگاتە خزمەت شا و شاژن، پیرۆزباییان لێ بکا و؛ بە دیدەنی مەلۆتکە پیرۆزەکە شاد بێ. لە ئەنجامی ئەو هێنان و بردنە و بەیەکدا هاتنەی ریزەکان، گەلێک ڕیشسپی و بێهێز، دەوکەتنە ژێرپێیان و... هـاواریان لـێ هـەڵدەسـتـا! حـەکـیم و پسـپـۆڕ و پزیشکـەکـان، چەقـۆ و نشـتـەر و دەرنافـیس و ئامـرازە وردەکـانیان لە مـەلۆتکە ساواکە خستـەکار!! فـەیلەسووف و دانا و... زاناکـان، چنگیـان لە لاشە ناسکەکە، گیر کرد! شالیار و بازرگـان و ئەوانی تر، کە خۆیان لە دواوە دەدیت، دەم... نادەم... لەسەرخۆ... بە پاشەدزە بۆی دەکشانە دواوە... تا... بەگوڕ، خۆیان لە ڕیزەکانی پێشەوە دەدا، بریان پێ دەدان... بە تەکان، کەلێنیان تێ دەخستن... خـۆیان لە کـەلێنەکانەوە دەبرد... تا دەگـەیشـتنە سـەر مـەلۆتکەکە!! مـەلۆتکەکـەیان لە باوەش دایکی هـەڵدەگرت، هـەریەکـەیان دەستکاریی خۆیان تێدا دەکـرد!! ئەمانە ناهـەقیان نەبوو هـەریەکـەیان حەزی لە خزمـەتێکی بۆ پێشکێش... بە جێگری شـاهیان بکەن و دڵسۆزیی خـۆیان ئیسپـات بکەن. ئەو دڵسـۆزانە... یەکێک لووتی ساواکـەی دەگوشی تا ڕاستـی بکاتەوە، وەک دەنووکی کوندەبەبۆ... خواری دەکـرد!!... ناوکی ساواکەیان لە ڕەگەوە دەرکێشا!! ئەوەی فرچکی دەدا، وەهای ڕادەوەشاند، دەست و پێی ساوا ناسکەکەی لە... کـە... دەبردن!! یەکێک گـوێچکەی دەخـوراند، لە بناگـوێڕا هـەڵی دەقـەنی!! پزیشکـەکـان لاگونێکی کـۆرپە ساواکەیان لێ کردەوە، دەیانگوت... لووە و زێدە گۆشتە!! بە هـەموو لایێک لە خۆشەویستییاندا، ساواکەیان لێک دەکێشـایەوە... تا شـەت و گێر و کەلوکرۆمـیان کـرد و کردیان بە جـۆرە دەعبـایێک... بە هـەمـوو شتێک بچێت... بەنی ئـادەم نەبێ!!؟ شـەهرەزادی دایک، کە ئەمـەی بە چاوی خـۆی دیت... یەکسـەر لە هۆش خـۆی چوو... شـەهـرەیاریش، خـوێن... بەری چـاوی گـرت، ئاگرێک کـەوتە دەروونیـەوە، لە ڕکـاندا، فـەرمـانی دا بۆ دواجــار، دەرگـــەی زیندانی پڕ مـــشـک و مـــاری ژێرزەویی کـــۆشکی شـــاهـانە... بکەنـەوە!!. لەســـەر مێژوونووسەکەشی کرد، کە ئەو شـەوە، لە دەفتەری ژیانی بنەمـاڵەکەی تۆمـار نەکا!! وە لە هـەموو مـێژووی ئەو سـەردەمـەش بیپەڕێنێ!! بەم ڕەنگە هەتا ئێستاش هـەموو عـالەم، هـەر، هـەزار و یەکشـەوەکە دەجوونەوە و دەیجـوونـەوە کـەسـێک ئاگـا و خـەبـەری لەم شـەوی شـەوەزەنگەی هـەزار و دووەمـینە... نییـە!!؟ شـێخ عـەبدولقـودوسی، قـازیی شـاری (جـابولقـا)ی، ئەوەی شـێخ قـەوتبـەلدینی گـەورە، کە لە خـوێندنەوە بووەوە، نووسـراوەکـەی پێچایەوە، بە چاکی لوولی دایەوە، لەسـەر بەرمـاڵەکـەی هـەڵستا، و خـستـییـەوە جێگەکـەی لەناو دەلاقـەکـەدا!... ئەمـجـا هـەر بە پێـوە، ئـاهێکی فـێنکی توند و درێژی هەڵکێـشـا، ڕمـێک خـوێ لێک کێشایەوە وەکو بارێکی گرانی لەسەر شانی لادابێ، لەشی سووک بوو، بە هـەڵبەز... هـەڵبەز، گەڕایەوە سەر بەرماڵەکـەی، ئەو وەختەی لیچکی بەرماڵەکـەی لێک دەکردنەوە، بۆ یەکەم جـار وەنەوزێکی... درێژ... درێژی... دایەوە، ماوەیێک هـەستی ڕاگرت... گوێی ڕایەڵ کرد:

**– قووو... قووو... قو... قو... وو... وو...**

کـەڵەشێری بەیان بانگـی دەدا... ڕووی لە قیبلە کـرد، فـەرزی بەیانی بەجێ گـەیاند... لەسـەر بـەرمـاڵەکـەی گرمۆڵەی کرد؛ تا خەوێکی قووڵ، بردیەوە.